# گەڕان بە دوای جوانییەکان
# لە ڕووبەرە فەرامۆشکراوەکاندا

عەتا قەرەداخی

٢٠٢٠

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان
بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە

بەڕێوەبەرایەتی هەولێر
ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوەی

سەرپەرشتیاری گشتی
سیروان عوسمان

| | |
|---|---|
| ناوی کتێب | : گەڕان بە دوای جوانییەکان لە ڕووبەڕە فەرامۆشکراوەکاندا |
| بابەت | : لێکۆڵینەوە |
| نووسەر | : عەتا قەرەداخی |
| پیتچنین و هەڵەچنی | : نووسەر |
| نەخشەسازی ناوەڕۆك | : میدیا ئیبراهیم شکاك |
| بەرگ | : شاخەوان جەعفەر |
| تیراژ | : ٥٠٠ دانە |
| چاپ | : چاپی یەکەم - چاپخانەی ڕۆشنبیری- هەولێر/ ٢٠٢٠ |
| نرخ | : ٤٠٠٠ دینار |

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان
ژمارەی سپاردن، (٦٨٢)ی ساڵی (٢٠١٩)ی پێدراوە

---

مافی چاپکردنەوەی پارێزراوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوەی هەولێر

هەولێر - گەڕەکی ڕاستی/ نزیك گەراجی بەغدا ژمارەی تەلەفۆن: ٠٦٦٢٢٥٨٥٤٢٧

## پێشەکی

ئـەم کتێبـەی لـە بەردەسـتی ئێـوەی خۆشەویسـتدایە، سـێ لێکۆڵینـەوەی ڕەخنەییـە لەبـارەی هەڵبژاردەیـەک لـە شـیعری کـوردی، کـە لـە یەکـەم دەقیانـەوە، کـە لێکۆڵینەوەمـان کـردووە تـا دوا دەقیـان بەرهەمـی نـەوەی حەفتاکانـی سـەدەی بیستەمن. ئـەو میتۆدەی خوێندنـەوەی دەقەکانـی پێکراوە میتۆدی شیکاری پراکتیکییە. مەبەست لـە ڕەخنـەی شـیکاری پراکتیکـی کارکردنـە لەنـاو بنیـادی پێکهێنـەری دەقـدا، کـە ئەویـش بریتییـە لـە زمانـی دەق و کـۆی ئـەو توخـم و ڕەگـەزە زمانیانـەی بەشـداری دەکـەن لـە بەرهەمهێنانـی شـیعرییەتی دەقدا. واتـە ئـەو ڕەگەزانـەی کـە پێکـەوە کاردەکـەن بـۆ بەرهەمهێنانـی ئاسـتی مانـاو دەلالات و ئاسـتی جوانـی و چێـژی جوانـی و جوانناسـی. بێگومـان ئێمـە نامانەوێـت ئـەو پرسـیارە بکەیـن، شـیعر چییـە؟ چونکـە کاتـێ بڕیارمـان داوە هـەر یەکـە لـەم دەقانـە بـۆ لێکۆڵینـەوە هەڵبژێریـن، مانـای ئەوەیـە پێشـتر پێوانـەو بنەمـاو چوارچێوەیەکمـان هەبـووە بـۆ ئـەوەی ئـەم دەقانـە بـە شـیعر دابنێیـن، لـەوەش زیاتـر بـە دەقـی شـیعری زیندوویـان دابنێیـن، چونکـە تەنیـا دەقـی زینـدوو دەبێتـە هەڵگـری مانـاو دەلالات و پرسـیارو جیهانبینـی، کـە

ئەویش بەرهەمی شیعرییەتە.
میتۆدی کارکردنمان لە خوێندنەوەی ئەم دەقە شیعریانەدا مامەڵەکردن بووە لەگەڵ کۆی رەگەزەکانی بنیادنی دەقەکان و کۆی رەگەزەکانی بەرهەمهێنانی شیعرییەتی دەقەکان. لەم رووەوە وەکو یەکەیەکی یەکگرتوو، بەڵام پێکهاتوو لە بەش و پێکهاتەی بچووک و رەگەزەکانی زمان لە رستەو دەستەواژەو وشەو هاوکات هونەرەکانی شیعرو رەگەزەکانی بەرهەمهێنانی شیعرییەتمان روانیووە. لە لێکۆڵینەوەی هەموو دەقەکاندا پرسیارمان لەبارەی فۆرم، یان ژانری دەقەکە کردووە، هەندێک لە دەقەکان رەگەزی لیریکییان تێدایەو هەندێکیان گێڕانەوەن و هەندێکیان رەگەزی دراماتیکی و ئیپیکیان تێدایە. بە گشتی سەیری ناونیشانمان کردووەو وەکو کلیلی چوونە ناو دەقەکان مامەڵەمان لەگەڵ کردووە. پاشان سەرنجی بنیادی پێکهێنەرانەی دەقەکانمان داوە، لە کۆپلەو بەش و دێڕ، هەروەها بایەخمان بە کات و شوێن داوە لە هەر دەقێکداو ئاخاوتنی رەگەزەکانی شوێن و جوانی شوێن و کاریگەری کاتمان کردووەو لەوەش دواوین کە چ پەوەندییەکیان بە بەرهەمهێنانی مانا و

دەلالاتـی دەقەکـەوە هەیـە. پاشـان لـە هـەر دەقێکـدا ئـەو پرسـیارەمان کـردووە کـێ قسـەکەری دەقەکەیـە؟ ئەگـەر قسـەکەر بـە رانـاوی کەسـی یەکەمـی تـاک قسـە دەکات ئایـا ئـەوە بەرهەمهێنـی دەقەکەیـە، یـان دەنگـی دەقەکەیـە، یـان دەنگـی کەسـێکی تـرەو خـۆی نـاناسـێنێت و دەنگێکـی گشـتییە. ئایـا ئـەو دەنگـە چ پەیوەندییەکـی بـەوەوە هەیـە کـە روودەدات؟ هەڵوێسـتی دەقەکـە چییـە و هەڵوێسـتی دەنگـی دەقەکـە چییـەو چـی پەیوەندییەکـی بـە کـۆی هەڵوێسـتی دەقەکـەو دواتریـش بـە پرسـیاری سـەرەکی و بـە جیهانبینـی دەقەکـەوە هەیـە. دواتـر ئاخاوتنـی تۆنـی، یـان ئیقاعـی دەقەکانمـان کـردووە، ئەمـە لـە کاتێکـدا ئیقـاع وەهــا ســەیر دەکرێـت کــە دەربڕینــی هەڵوێســت بێـت. لێرەشـەوە دیـد، یـان تیشـکە نیـگا و تێڕوانینـی قسـەکەر ئاخاوتنـی لەسـەر دەکرێـت.

لـە میانـەی شـیکردنەوەی بنیـادی زمانـی و شـیعرییەتی دەقەکانـەوە ئاخاوتنـی بـاری تێڕوانینمـان لـە هـەر دەقێکـدا کـردووەو هەوڵمـان داوە ئـەوە دەستنیشـان بکەیـن، یـان ئاشـکرا بکەیـن کـە دیـدی کۆمەڵایەتـی و فیکـری و سیاسـی و مێژوویـی و دەروونـی و ئێسـەتیکی هەریەکـە رووبەرێـک، یـان پانتاییـەک لـە دیـدی گشـتی دەقەکانیـان

داگیرکـردووەو، هەموویشـیان پێکـەوە بەشـداری دەکـەن لـە فۆرمەلەکردنـی دەنگـی سـەرەکی دەقەکـەو لـە پێکهێنـان و نەخشـەڕێژکردنی بـاری تێڕوانیـن و تیشـکەنیگای ئـەو دەقــەدا کــە دەشــێ ئــەوە بــە جیهانبینیــش ناوببرێــت و ئەمــەش کاریگــەری دەبێــت لەســەر ئــەوەی کــە چــۆن دنیــای دەقەکــە دەبینرێــت، یــان ســەیر دەکرێــت و وەڵامدانـەوەی ئێمـە وەکـو خوێنـەر، یـان وەرگـر بـۆ ئـەو جیهانــەو چۆنێتــی بەرجەســتەکردنی چــۆن دەبێــت.

بـەدوای ئەمەشـدا قسـە لەبـاری تیمـەی دەقەکانـەوە کـراوە. بـە گشـتی ئاخاوتنـی دەقـەکان دەکرێـت کـە هەریەکەیـان وەکـو جیهانێکـی سـەربەخۆ دێتـە بەربـاس و لێرەشــەوە شـیکردنەوەو گـەڕان بـەدوای ئـەو پرسـیارەدا دەسـت پـێ دەکات: دەقەکـە چـی دەڵێت؟ دەقەکـە لەبـارەی چییەوەیـە؟ بـۆ گەیشـتن بـە وەڵامـی ئـەم پرسـیارانەش لـە دەربڕینـە کلیـل ئاسـاکانەوە دەسـتمان پێکـردووە تـا گەیشـتووینەتە بچووکتریــن رەگــەز کــە پەیوەنــدی بــە دۆزینــەوەو ئاشکراکردنی وەڵامی ئەو پرسیارنەوە هەیە، یان دەشێ بەشـداری بکات لـە ئاشـکراکردنی وەڵامـی ئـەو پرسـیارنەدا لــە چوارچێــوەی دنیــای دەقەکــەدا بــەرز دەکرێنــەوە. لێرەشـدا کـۆی رەگەزەکانـی ململانـێ، تونـدی و پشـێوی

و تەومژ و ئاستەکانی پەیوەندی لە جۆری هاوڕێک و دژیەک و بەرامبەر و هاشێوەو بەرزبوونەوەو کێشەو خستنەڕووی کێشەو چارەسەرکردنی خراونەتە بەردەم شیکردنەوەو لێکۆڵینەوەوە، هەروەها ئاخاوتنی وێنە لە هەردوو ئاستی وێنەی بەرجەستەی فیزیکی و وێنەی شیعری، یان وێنەی زمانی کراوە بە تایبەتی لێکچوون و خوازەو هاوشێوەبوون و...تاد. لە شیکردنەوەی ئاستی زمانی بینراو و زمانی دووەمی، یان نەبینراوی دەقەکاندا بە دوای ئاشکراکردنی ماناو دەلالات و دۆزینەوەی پرسیارەکان و چۆنێتی ئاراستەکردنیان و دۆزینەوەی جیهانبینی دەقەکاندا گەڕاوین.

ئەم کتێبە قسەکردنە لەسەر سێ ناوی دیاری شاعیرانی نەوەی حەفتاکان، کە دیارە لە دوای ئەزموونی شیعری (**گۆران**)، ئەزموونی شیعری نەوەی حەفتاکان ئەزموونێکی دەوڵەمەندەو جێگای قسە لەسەرکردنی زۆرە. لەم قۆناغەدا قسەمان لەبارەی دەقی (**جەلالی میرزا کەریم** و **سەڵاح شوان**) کردووەو شیعری: (**سەلام محەمەد**)یش دیسان قسەی لەبارەوە کراوە کە هەم لە نەوەی حەفتاکانەو هەم لە هەشتاکانیشدا ئامادەبوونی هەبووە.

کۆکردنــەوەی ســێ شــاعیرە پێکــەوە لایەکــەوە بــە مەبەســتی دەرخســتنی بەشــێک لــە خاســیەتەکانی شــیعری ئــەو قۆناغەیــە، لــە لایەکــی تــرەوە قســەکردنە لەبــارەی ئەزموونــی چەنــد ناوێــک، ســەرباری ئامادەبوونــی دیاریــان، بــەڵام بــەو پێیــە ئاخاوتنیــان لەبارەوە نەکــراوەو بەجۆرێــک لــە ئەزموونــی شــیعری حەفتاکانــدا هەنــدێ جــار ناویشــیان لــە بیــر دەکرێــت. یەکێــک لــە ئامانجەکانــی ئــەم لێکۆڵینــەوە ڕەخنەییانــە تیشــک خســتنە ســەر ئــەو ڕووبەرانەیــە کــە بــە مەبەســت بێــت، یــان بــێ مەبەســت فەرامــۆش کــراون. لــە کاتێکــدا ئەزموونــی ئــەم شــاعیرانە لــە ڕووی هونــەری شــیعری و لــە ئاســتی داهێنانیشــدا هاوشــانی بەرهەمــی نەوەکــەی خۆیانــن، بەشــداری ئەمانیــش کەمتــر نییــە لەبەشــداری ئەوانــی تــر. لــە کــۆی ئــەم لێکۆڵینەوانــەدا، ســەرباری ئــەوەی بــە دوای مانــا و دەلالات و پرســیاری دەقەکانــدا گەڕاویــن و هەوڵمــان داوە جیهانبینــی دەقەکانیــش دیــاری بکەیــن، لەســەر دیاریکــردن و ئاشــکراکردنی دوو ئاســت، یــان دوو گوتــار ڕاوەســتاوین و کارمــان کــردووە، یەکێکیــان گوتــاری جوانناســییە و ئەویتریشــیان گوتــاری فیکــری، یــان مەعریفییــە. لــە گوتــاری جوانناســیدا بــە دوای ئاشــکراکردنی، یــان دۆزینــەوەی

ئـەو چێـژی جوانیـەدا گەڕاویـن کـە دەقـەکان بەرهەمـی دەهێنن. لـە ئاستی گوتاری فیکری و مەعریفیدا بە دوای ئاشـکراکردنی تیشـکە نیـگا، یـان ئـەو بـاری تێڕوانینـەدا گەڕاویـن کـە دەقـەکان بەرجەسـتەی دەکـەن و لـە ڕێگای ئـەو کاریگەرییانـەوە کـە شـیعرییەتی دەقـەکان بەرهەمیان دەهێنـن، وا لـە خوێنـەر، یـان وەرگـر، یـان ئێمـە دەکات کـە بەشـداری ئـەو بـاری تێڕوانینـە بکەیـن ئـەوەش بەشـداریکردنە لـە ڕوانیـن بـۆ ئـەو ئاسـۆیەی جیهانبینـی ئایندەیی دەقەکان ئاماژەی بۆ دەکەن، یان دەستنیشـانی دەکـەن و ڕەهەندەکانـی دیـاری دەکـەن.

کـۆی لێکۆڵینەوەکانـی دووتوێـی ئـەم کتێبـە کارکردنـە لـە چوارچێـوەی دەقەکانـدا و بێجگـە لـەو میتـۆدەی کـە کارمـان پێکـردووەو هەنگاوەکانـی شـیکردنەوە بـە پێـی بنەمـای ڕێسـاکانی ئـەو میتـۆدە ئەنجـام دراون، هیـچ پێوانەیەکی ترمـان نەهێناوە هەتـا دەقـەکان بـە باڵای ئـەو پێوانەیـە بپێویـن، هـەروەک هیـچ بۆچوونێکـی دەرەوەی دەقەکانمـان بەسـەر دەقەکانـدا نەسـەپاندووەو کـۆی ئـەو مانـاو دەلالات و پرسـیارو دیدو بۆچـوون و لێکدانەوانـەی دەیبینـن، لـە لێکدانـەوەی زمانـی دەقـەکان و کردنـەوەی کـۆدو لێکدانـەوەی هێمـاو ئاشـکراکردنی ئاسـتی نادیـاری

زمانـی دەقەکانـەوە هەڵهێنجـراون و بەرهەمهاتـوون.
هیـوادارم ئـەم لێکۆڵینەوانـەش بۆشـاییەک لـە بـواری لێکۆڵینـەوەی ئەدەبـی و رەخنەیـی ئێمـەدا پڕبکەنـەوەو سـوودێکیک ببەخشـن بـە تایبەتـی بەوانـەی کـە لـە بـواری لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردیدا کاردەکەن.

**سلێمانی ٢٠١٩**

# خوێندنەوەی چەند دەقێکی جەلالی میرزا کەریم لەژێر ناوی (خەمنامەدا)

(جەلالی میرزا کەریم) یەکێکە لە دەنگە دیارەکانی شیعری کوردی دوای (گۆران) و یەکێکە لەو ژمارە کەمەی کە ئەلقەی روانگەیان لە ئەدەب و رۆشنبیری کوردیدا دامەزراند. جەلال لە پێش دروستبوونی روانگەشدا دەنگێکی ناسراو بووەو ئەو بەو شێوازە شیعری نووسیووە کە دواتر روانگە پشتگیری لێکردووە، یان باشتر بڵێین ئەو شێوازەی روانگە بانگەشەی بۆ کردووە. لە راستیدا شێوازی شیعری روانگە، یان شیعری دوای گۆران تا ئەندازەیەکی ئاشکرا جیاوازە لە شێوازی شیعری گۆران، چی لە رووی بنیادی شیعرییەوە، چی لە رووی مۆسیقاوە کە ئەمەی دووەمیان زیاتر وەکو بنەما، یان خاسێتی

پەخشـانە شـیعر باسـی لێوەدەکرێت. هەرچەنـدە جیـاوازی ئاشـکرا هەیـە لـە نێوان شـیعری ئـازادو پەخشـانە شـیعرداو سـەرباری بوونـی هەنـدێ خاسـیەتی پەخشـانە شـیعر لـە ئەزموونـی شـیعری (جەلالـی میـرزا کەریـم) و بەشـێکی دیـار لـە شـیعری دوای گۆرانـدا، بـەڵام ئـەم شـێوازە بـە شـیعری نوێ پۆلێن دەکرێت. ئەویش لـە رووی بنیـادی زمانی و کۆی خاسیەتەکانی شێوەو ناوەرۆکەوەیان باشتر بلێیین لە رووی بەرهەمهێنانـی شـیعرییەت و رەگـەزو توخمەکانـی بنیادنانـی دەق و بەرهەمهێنانـی شـیعرییەتەوە. شـیعری نـوێ جۆرێـک لـە کێـش و سـەروای تێـدا پەیـڕەو دەکرێـت کـە ئەمەیـان لـە پەخشـانە شـیعردا نییـە. وێنـەی شـیعری و لێکچـوون و دوانـەی بەرامبـەرو خـوازەو میتافـۆر و.. لـە خاسـیـەتەکانی شـیعری نوێـن و پێکهاتەیەکـی چـڕە لـە وێنـەی شـیعری. لـە کاتێکدا خاسـیەتی دیـاری پەخشـانە شـیعر گێڕانەوەیـە شـان بەشـانی بنیـادی زمانـی و مۆسـیقاو.. واتـە رەگـەزی گێڕانـەوە کـە یەکێکـە لـە بنەمـا سـەرەکییەکانی چیـرۆک، لـە پەخشـانە شیعریشـدا رووبەرێکـی ئاشـکرا دیـاری دەکات و لـە شـیعری نوێـی کوردیـدا بـە ئاشـکرا دەبینرێـت. هەرچەنـدە ئاشـکرایە پەخشـانە شـیعر ئەو شـێوازە هونەرییەیە کە یاسـاو رێساکانی پێوانـە شـیعرییەکانی تێکشـکاندووە، چ پێوانـەو کێشـەکانی شکسـپیری و پێرترارکـی، چـی کێشـی عـرووزی عەرەبـی و مەسـنەوی فارسـی. واتـە لـە پەیوەسـتبوون بـە یاسـاو رێسـا باوەکانـی شـیعری کێشـدارو سـەروادارو تەنانـەت جیهانبینـی

کلاسـیکی لایـداوەو شـێوەیەکە لـە شـیعرو گێڕانـەوە بـەڵام هێشـتا خاوەنـی ئیقـاع و مۆسـیقای ناوەوەیـە.

شـیعری جەلالـی میـرزا کەریـم تـا ئەندازەیـەک پەیوەسـتە بـە هەنـدێ پێوانـەوەو هەندێجـار بەکارهێنانـی کێـش و سـەرواوەیەکی سروشـتی و بێ گرێ و ئەوانـەش جوانییەکی دیـار بـە دەقەکانـی دەبەخشـن. بـەڵام دەقـەکان ئـەم شـاعیرە سـنووری رێسـاکانی شـیعری کێـش و سـەرواداریان بـە پێوانـەی کلاسـیک، یـان کـۆن تێپەڕانـدووەو زیاتـر بایـەخ بـە وێنـەو مۆسـیقای نـاوەوەو لێکچـوون و دووانـەی بەرامبـەر دەدەن و گێڕانەوەش خاسیەتێکی سەرەکییە لە بنیادی شیعری ئـەم شـاعیرەدا. کەواتـە شـیعری ئـەم شـاعیرە لـە چوارچێوەی شـیعری نوێدا پۆلێن دەکرێت نـەک لـە چوارچێوەی پەخشـانە شـیعردا. هەرچەنـدە تێکەڵاوبوونـی خاسێتـەکانی شـیعری نـوێ و پەخشـانە شـیعر لـە شـیعری کـوردی دوای گۆرانـدا جۆرێـک لـە تەمومـژی لەسـەر سـنوورەکانی جیاکردنـەوەی پەخشـانە شـیعرو شـیعری نوێـی کـوردی دروسـتکردووە.

لێـرەدا هەوڵدەدەیـن خوێندنـەوەی چەنـد دەقـە شـیعرێکی جەلالـی میـرزا کەریـم بکەیـن کـە ئەگـەر لەژێـر ناونیشـانێکدا کۆیـان بکەینـەوە وەکو یـەک دەق دەردەکەون، بە تایبەتـی لـە رووی بنیـادو فـەزای شـیعری و بیرۆکـەی سـەرەکی و ئـەو جیهانبینییەشـی کـە هەڵیدەگـرن بـە مانایەکـی تـر لـە رووی بەرهەمهێنانـی شـیعرییەتەوە لـە یـەک دەق دەچـن. هەڵبـەت ئـەم چەنـد دەقـە شـیعرییە بێجگـە لـە یەکێکیـان ئەوانـی تـر

بەرهەمی هەمان ماوەی کاتین. بەڵام یەکێک لەو دەقانە کە پاش نزیکەی بیست ساڵ دوای ئەوانی تر نووسراوە، ئەگەر ناونیشانەکەی لێبکەینەوەو لە ریزی دەقەکانی تردا بینووسینەوە وەکو بەشێک دەبینرێت لەو چەند دەقەی تر کە لە هەمان ساتەوەختی مێژوویدا نووسراون.

سەرباری بوونی ناونیشانی جیاوازی هەر بەشێک لەم چەند شیعرەی کە ئێمە وەکو دەقێک سەیریان دەکەین، هەوڵدەدەین وەکو یەک دەق خوێندنەوەیەکی رەخنەییانە بۆ ئەم دەقە بکەین. ئەویش لە سەربنەمای شیکردنەوەی بنیادی پێکهێنەرانەی دەقەکەو گەڕان بە دوای نهێنییەکانی ئەم دەقەو ئەو پرسیارانەدا کە بەرزی دەکاتەوەو لەوێشەوە جیهانبینی گشتی دەقەکە دیاری بکەین.

سەرباری ئەوەی کە رایەڵەیەکی بەهێز ئەم دەقانە پێکەوە دەبەستێت، رەنگە بتوانرێت لە ژێر ناونیشانێکیشدا کۆبکرێنەوە. بەڵام دیارە ئەوە مافی شاعیر، یان داهێنەری دەقەکەیە کە ناونیشان بۆ دەقەکەی دابنێت، هەرچەندە دەشێ دەق بە بێ ناونیشان پێشکەش بکرێت. دیارە سەرباری ئەوەی ناونیشان وەکو کلیکی کردنەوەی دەق سەیر دەکرێت، بەڵام نەبوونی ناونیشانیش دەلالەتێک هەڵدەگرێت کە هەندێجار لە دەلالەتی بوونی دەق گرنگترو شیعریترە. گریمان ئێمە ئەم چەند دەقە وەکو یەک دەق سەیر دەکەین و لەژێر ناونیشانێکدا کۆیان دەکەینەوەو لێرەدا یەکێک لەم ناوانەی لێدەنێین (خەمنامە، یان بێ

ناونیشـان، یـان سـپی، یـان ناونیشـانی سڕاوە، یـان مێژووی خوێـن)، کـە بێگومـان لەپشـتی هەریـەک لـەم دەربڕینانـەوە مانـاو دەلالات و پرسـیاری جـۆراو جـۆر هەیـە.
ئەگـەر ئـەم چەنـد دەقـە وەکـو یـەک دەق سـەیر بکەیـن، ئـەوا دەبـێ ئامـاژە بـۆ ئـەوە بکەیـن کـە لـە جواگرافیـای دەقەکـەدا جۆرێکـی تـر دابەشـکاری کـراوەو دەقەکـە وەکـو چەنـد بەشـێک بـەدوای یەکـدا دێـت، کـە هەربەشـێکیش ناونیشـانی تایبەتـی خـۆیی هەیـە و ئـەوەش بەپێی شـێوەو ئاسـتی ئیقاع و بەرزبوونـەوە، یـان نزمبوونـەوە دابەشـکراوەو پێدەچێـت شـێوەیەکی بازنەیـی هەبێـت و دەسـتپێک و کۆتایـی لـە رووی ئیقـاع و فـەزای شـیعریەوە هاوشـێوەبن. ئەمـەش زیاتـر شـێوەیەک لـە جووڵـەو کارلێـک نیشـان دەدات کـە لـە ئیقاعێکی نزمـەوە دەسـتپێدەکات و بەئاسـتێک بـەرز دەبێتـەوەو لـە کۆتایـدا دادەبەزێتـەوەو دێتـەوە هەمـان خـاڵ، یـان ئاسـتی سـەرەتاو دەسـتپێک. ئەمـەش لـە رووی دەلالیـەوە جۆرێـک لـە نەبوونـی رووداو و گـۆڕانکاری نیشـان دەدات و ئاشـکراتر بڵێیـن ئەنجـام نەدانـی کـارە کـە ئـەوەش لـە ئاسـتێکی تـردا پەیوەسـت دەبێـت بـە بوونـی قەیرانێکـی تـرەوە لـە جوگرافیـای دەقەکـەدا کـە نەبوونـی بکـەری رووداو دروسـتکەرە.
ناونیشـانی بەشـی یەکەمـی ئـەم دەقـە «تەمەنـی خـەم» ە کـە سـاڵی ١٩٧٠ بڵاوکراوەتـەوە، دەشـێ تەمـەن لێرەدا مەبەسـت لـە مێژوویـەک بێـت کـە نازانرێـت مـاوەی خایەنـدراوی ئـەو مێـژووە چەنـد دەبێـت و ئـەو شـوێنەی کـە لـەم مێـژووەدا

فـەزای خـەم و ماتەمگێڕی باڵی بەسـەردا دەکێشـێت کوێیـە.
شـاعیر دەڵێـت:

**ئەی گۆرانی ژاکێنراوی،**
**سەر لێوی خەم!**
**یادگاری بێ هەتاوی،**
**مێژووی ماتەم!**
**ئەی سروەی بای کشوماتی، بەهاری زیز..**
**ئەی فرمێسکی بێ ئاواتی، چاوی پایز.**
**نە شەو، نە خەو.**
**نە دەریای بەرینی بێ بن**
**نە کێوی بەرزی کەش گەردن**
**یەک تۆز چییە نەیانتوانی**
**ژیلەی کپی ئاگردانی،**
**نهێنی بوونتان بماڵن**
**بە ئاگر بێ، بە بەفر بێ، راتان ماڵن.**

شـاعیر لـە بەشـی یەکەمـی دەقەکـەدا کـە ناونیشـانی (تەمەنـی خـەم) ی بـۆ دانـاوە، خـەم، یـان خاسـێت و بەرهەمەکانـی خـەم دەدوێنێـت و بـە زمانـی راسـتەخۆ و وەکـو ئـەوی گوێگـر واتـە کەسـی دووەم ئـەو خاسـێتـانە دەدوێنێـت و لەوەشـدا جۆرێـک لـە شووناسـی گوێگریـان پێدەبەخشـێت و بـەو شـێوەی کـە وەسـفیان دەکات ئامادەبوونـی تەواوەتـی ئـەو خاسـێتانەی خـەم رادەگەیەنێـت و بەهـۆی بوونـی ئـەو

خاسیّتانەشـەوە ناونیشـانی تەمەنـی خـەم بـۆم ئـەم بەشـەی دەقەکـە هەڵدەبژێریّـت. ئەمـەش مانـای وایـە تەمەنیّـک، یـان میّژوویـەک هەیـە کە سـەرتاپا خەم گرتوویەتی و تروسکەی زەردەخەنەیـەک، یـان ئاسـۆیەکی تیّدا بەدیناکریّت. بیّگومـان ئـەم خەمـەش لـە شـویّن و لـە کاتـدا بوونـی هەیـە. ئـەو لـە ریّـگای وشـەی «تەمـەن» ەوە قۆناغیّـک بـۆ خـەم دیـاری دەکات کـە دەشـێ ئەویـش دوو ئاسـتی هەبیّـت. ئاسـتیّکی زمانـی کـە دەمـی فرمانـی بەکارهاتـووی نیّـو ئـەم بەشـەی دەقەکـە ئـەو کاتـە، یـان میّـژووە دیـاری دەکات. هەروەهـا ئاسـتی کۆمەڵایەتـی خـەم کـە ئەویـش دەشـێ میّژوویـەک بیّت هاوشـیّوەی میّـژووی زمانـی دەقەکـە، یـان کاتیّکـی دریّژتـر، یـان کورتتـر. هـەروەک دەشـێ میّـژووی خـەم لـە دەرەوەی دەقەکـەو لـە کاتـی کۆمەڵایەتیدا میّژوویەکـی دریّژو بـەردەوام بیّت. ئەگـەر ئـەو میّژووە ببەسـتین بـە ناونیشـانی دەقەکـەوەو هەروەهـا بـە واقیعـی دەرەوەی دەقەکەشـەوە ئـەوا لـە رووی کاتـی خایەنـدراوەوە کاتیّکـی دریّژتـرە.

کاتـی سـەیری بنەمـای ریّزمانـی ئـەم بەشـەی دەقەکـە بکەیـن، ئـەوا ئـەم فرمانانـە دەبینیـن (نەیانتوانـی، بماڵـن، راتـان ماڵـن، ئەبـڕێ، ئەمـرێ، راپـەڕێ، گڕبگـرێ، هەڵسـێ، نەخەلەسـێ). سـێ فرمانـی یەکـەم لـە نیّـو پیّکهاتـەی رسـتەکاندا رابـردوون، یـان رابـردوو نیشـان دەدەن، دروسـتتریش بڵیّیـن ئامـاژەی رابـردووی بەردەوامیـش دەکـەن و بەئاشـکرا بەرجەسـتەی نەکردنـی کار دەکـەن لـە رابـردوودا. فرمانەکانـی تریـش

رانەبـردوون و ئامـاژەی کردنـی کار لـە داهاتـوودا دەکـەن. فرمانـە رابـردووەکان ئامـاژەی نەبوونـی رووداو لـە رابـردوودا دەکـەن. ئەمـەش مانـای ئەوەیـە ئـەوەی کـە پێـی دەڵێیـن مێـژووی خەمنامـەو ئـەو تەمەنـی خەمـەی کـە دەشـێ دەرئەنجامـی بارودۆخێـک بێـت، یـان بەرهەمهێنـی بێـت، مێژوویەکـە رووداوی پێچەوانـەی رووداوی خەمهێنـەرو خوێن دروسـتکەری تێدا دروسـت نەبـووە. واتـە مێژوویـەک هەیـە ئـاوس و بارگاویکـراو بـە کارەسـات و تراژیدیـا. ئەمەش مانـای وایـە ئـەوەی لێرەدا دەدوێنرێـت ئامانـج و مەبەسـتێک لـە پشـتیەوەیە ئەویـش بۆ ئەوەیـە کە نیشـان بدرێت بوویەکی نـاکاراو پاسـیڤ هەبـووە لـە رابـردووداو مێـژووی خـەم و کارەسـاتیش بەرهەمـی ناکاریـی و پاسـیڤبوونی ئـەو بووەیـە لـە رابردوودا. ئـەم پێشکەشـکردنە ئیقاعێکی نزمی هەیەو روو لـە دابەزینـە کـە ئـەوەش بەرجەسـتەی جۆرێـک لـە روخانـی ئومێد دەکات بۆ بەرهەمهێنانی هەرجۆرە گۆڕانکارییەک کە کاریگـەری هەبێـت بـۆ گۆڕینـی تەمەنـی خـەم، یـان کۆتایـی پێهێنانـی و بـەوەش مێـژووی خـەم، یـان کارەسـات کۆتایـی پێبێت. فرمانـە رانەبـردووەکان کـە ئامـاژە بـۆ کردنـی کار لـە داهاتـوودا دەکـەن، ئەگـەر ئـەو کارانـە بکرێـن ئـەوا مانـای وایـە جۆرێـک لـە دابـڕان لەگـەڵ قۆناغـی پێـش ئێسـتادا روودەدات و بـەوەش مێـژووی خـەم کۆتایـی پێدێـت. ئەگـەر سـەیری سـەروای دێڕەکانـی ئـەم کۆپلەیـەی دەقەکـە بکەیـن ئـەوا بـە فۆنیمەکانـی (و، م، ن، ز) کۆتاییـان هاتـوو کـە دەنگی

کپن، ئەمە بێجگە لەوەی کە رستەکان جۆرێک لە دووبارە کردنەوەی راگەیاندنی نەکردنی کار نیشان دەدەن، هاوکات لە رووی بنیادەوە شتێکی زانراو دووبارە دەکەنەوەو لە رستەی راگەیانیشدا بە تایبەتیش کە دووبارە کردنەوە، یان گووتنەوەی شتی زانراو بێت ئەوا ئاراستەی ئیقاع دابەزینە. لێرەدا هاورێکی لە نێوان ئاستی واتایی و ئاستی زمانی دەقەکەدا پێکدێت کە یەکەمیان بەرجەستەی خەم دەکات و دووەمیشیان واتە بنیادی زمانی دەقەکە لە رووی کارو لە رووی ئیقاعەوە ئەو دابەزین و هاتنە خوارەوەیە نیشان دەدات کە خەم بەرهەمی دەهێنێت.

لە کاتێکدا کە بەشی یەکەمی ئەم دەقە فەزایەک بەرهەم دەهێنێت کە خەم و ماتەم..خاسیەتە دیارەکانێتی، کەواتە فەزایەک ئامادەبوونی هەیە کە فەزای ماتەمگێڕیەو لە پشتی ئەم فەزای ماتەمگێڕیەشەوە ئاماژەی مردن، وێرانکردن، لەناوبردن و کۆتاییهاتن دەبینرێت. دیارە ئەم باری ماتەمگێڕیەش کە بووەتە فەزایەکی باڵادەست لەم دەقەدا، لەپشتیەوە بکەرێک هەیە کە بکەری روخاندن و لەناوبردن و کوشتنە کە ئەویش لەبەرامبەر بکەرێکی نادیارو نائامادەدا لە کاتی مێژوویی دەقەکەدا ئامادەبوونی هەیەو باڵادەستیشە بەسەریدا، هەر بۆیە فەزای ماتەمگێڕی بووەتە فەزای فراوانی دەقەکە. هەموو ئەم بارانەش پێکەوە لە ئاستی زمانی دەقەکدا هاوشان دەبنە دال بۆ مەدلولێکی کۆمەڵامەتی سیاسی لە کاتی مێژوویی دەقەکەداو مەدلولی

جۆرێک لە مەرگ، یان وێرانکاری و لەناوچوون لەسەر ئەو زەمینە کۆمەڵایەتییە بەرهەمدەهێنن کە ڕووداوەکان بە جۆرێک مۆتیڤی بەرهەمهێنانی ئەم دەقەن. بە مانایەکی تر لە جیهانی دەرەوەی دەقەکەدا دەقێکی مێژوویی سیاسی کۆمەڵایەتی ئامادەبوونی هەیە و ئەویش بەرهەمهێنی ئەو فەزای ماتەمگێڕیەیە کە بووەتە خاسیێتی ئاشکرای فەزای ئەم دەقە. بەڵام ئەگەر ئەو دابڕانە لەگەڵ کاتی پێش ئێستای بەرهەمهێنانی دەقەکەدا ڕوویدات ئەوا ئاماژە بۆ دروستبوونی گۆڕانکاری دەکرێت و ئەگەری ئەوە دێتە ئاراوە کە قۆناغێکی نوێ دەست پێبکات.

**تەمەنی خەم**
**وەک خۆر ئاسمانی ژین ئەبڕێ..**
**کەی ئەم بوو بە دووکەڵ و تەم،**
**ئەویش ئەمرێ!**
**، یان ئەبێ خەم**
**تا سەر، سەرجەم،**
**کێوی قورسی سەرسنگمان بێ**
**ماکی وێڵیی ژیانمان بێ**
**یاخود ئەبێ و**
**بیر راپەڕێ،**
**خوێن گڕ بگرێ.**
**لە دۆزەخا**
**لە زەوی بیستەمین چەرخ**

**تۆفانێکی وەها هەڵسێ**
**نەک هەر زەوی..**
**تا ئاسمانیش نەخەلەسێ!**

لە دوای بەرجەستەکردنی ئەم فەزای ماتەمگێڕیە کە ئیقاعێکی نزمی هەیە جۆرێک لە گۆڕانکاری لە ئیقاعی دەقەکەدا روودەدات بە ئاراستەی بەرزبوونەوە، بەڵام بەرزبوونەوەیەکی کەم، ئەویش لە ئاستی بنیادی زمانی دەقەکەدا لەرێگای جۆرێک لە رستەی مەرجیەوە بەرهەم دێت ئەگەرچی نە رستە مەرجیەکان لە رووی بنیادی رێزمانییەوە هێندە بەهێزن نە بەرزبوونەوەی ئیقاعیش ئەو ئاستەی بنیادی رێزمانی دەقەکە بەجێدەهێڵێت. بەڵام لە پشتی ئەم دەربڕینە مەرجیانەوە جۆرێک لە مەبەست، یان مەبەستداری دەبینرێت کە ئەویش زیاتر لە رێگای ئەو فرمانانەوە دەبینرێت، یان پێکدێت کە فرمانی رانەبردوون و گوزارشت لە داهاتوو دەکەن. دیارە ئاشکرایە لە رووی کاتی رێزمانییەوە کاتێک نییە پێی بگوترێت داهاتوو بەڵکو رانەبردوویەک هەیە کە گوزارشت لە داهاتوو دەکات. ئەویش لەم دەربڕینە مەرجیانەدا مەبەستێک ئاشکرا دەکات کە دروستکردنی فەزای گۆڕانکاریە بۆ گواستنەوە لە فەزاو ئیقاعی ماتەمگێڕی و مەرگدۆستیەوە بۆ بارێکی ئاسایی کە تیایدا تەمەنی ماتەم بەرەو کۆتایی ببات و سەردەمێکی تر، یان مێژوویەکی تر دروست بێت کە بێگومان باشترو روونتر

بێت، واتە مێژوویەکی جیاواز لەوەی ئێست دەست پێبکات. لەو فرمانانەش کە بە مەرجەوە ئایندە نیشان دەدەن (ئەبڕێ، ئەمرێ، ئەبێ، ڕاپەڕێ، گڕبگرێ، هەڵسێ، نەخەڵەسێ). ئەم فرمانانەی کە داهاتوو نیشان دەدەن، لەلایەک باسی بەردەوامی خەم دەکەن و ئەوە نیشان دەدەن کە چۆن سەرئەنجام خەم هەموو شتێک لەناو دەبات و پاشانیش خۆیشی لەناودەچێت.، یان ئەوتا لە ناخەوە، لە قووڵایی ژیانەوە سەرچاوەیەکی نوێی جووڵە هەربکەوێت و ببێتە مۆتیڤی گۆڕانکاری و ڕەگ و ڕیشەی خەم هەڵکەنێت و تەمەنی خەم کورت بکاتەوەو بەوەش مێژووی خوێننامە کۆتایی پێبهێنێت. ئەمەش لە ڕێگەی فرمان و ڕەگەزەکانی تری زمانەوە جۆرێک لە مەبەستداری و ئایندەخوازی نیشان دەدات. هەروەک بەجۆرێک، بەرزبوونەوەیەکی کەم لە ئیقاعی پێشتر نزم و ئاوازی کپ و ماتەمگێڕی دەقەکەدا دروست دەکات. نزمی ئیقاع بەشدارە لە بەرهەمهێنانی فەزای ماتەمگێڕی و مێژووی خەمنامەدا لە سەر جوگرافیای دەقەکەو بە ئاراستەی دەرەوەش لە چوارچێوەی ئەو زەمینە کۆمەڵایەتییە مێژووییەی کە دەقەکەی تێدا بەرهەمهاتووە. ڕاستەوخۆ شوێن و کات ئەوە نیشان دەدەن کە لەو واقیعەدا تراژیدیایەک ڕوویداوە کە بەرهەمهێنی فەزای ماتەمینی و خەم و مەرگەساتە. ئەگەر لە ڕووی گشتیەوە سەیری ئەم ڕوانینە بکەین و بیبەستین بەو زمانەی دەقەکەی پێ نووسراوەو بە خودی

بەرهەمێنی دەقەکەوەو بە واقیعی مێژوویی زەمینەی دەقەکەوە، ئەوا دەشێ لەم روانەوە دەقەکە قۆناغ، یان ماوەیەکی کاتی دوورودرێژ بگرێتەوە. ئەویش لەبەرئەوەی ئەو زەمینەیە پێگەی تراژیدیای درێژخایەنە کە مێژوویەکە سەرتاپا لە ماتەم و لە خوێنەوە ئالاوە، ئەویش مێژووی ئێمەیە. مێژوویەک کە نە کات و نە لەبیرکردن و بێدەنگی و نە قوولایی و نە بەرزی توانای ئەوەیان نەبووە یادگارە تاڵەکانی کۆتایی پێبهێنن. واتە باری ماتەم و پرسەو تراژیدیا کە بەهەموویان مێژووی خوێن پێکدەهێنن، لەبارێکی بەردەوامدان سەبارەت بەم دەنگەی کە لەسەرەتای دەقەکەوە بە نزمی و وەکو جۆرێک لە سرپەیەکی بە دەنگ نەبوو دەدوێت. ئێمە کاتێ شۆڕدەبینەوە بۆ ناو بنیادی ئیقاعی دەقەکەو لێی نزیک دەبینەوەو لەگەڵیدا کارلێک دەکەین، بەجۆرێک تێکەڵاوی ئەو بارە ناهەموارە دەبین و لەگەڵ شاعیردا نزیک دەبینەوەو لە رووی دەرونی و مەعنەویەوە هاوتادەبین. ئەمەش ئەو کاتەیە کە دەقەکە سەرباری بابەتیبوونی، بەجۆرێک لەگەڵ زاتی ئێمەدا دەدوێت و کارلێک دەکات، چونکە ئەو مێژووی ماتەم و خەم و خوێنە لە رووی نەست و نائاگاییەوە بەشێکە لە بوونی ئێمەو ئامادەبوونێکی دیاری هەیە لە بوونی مەعنەوی ئێمەدا. لێرەوە ئەو شوێنەی دەقەکە لێی دەدوێت نوقمی کارەسات و تراژیدیایە و سەرتاپا خەم داگیری کردووەو مێژووەکەی بە خوێن سوورە.

ئەم بارە تراژیدیایە کە فەزای مەرگ دایپۆشیووە، ئەگەری ئەوەی هەیە گۆڕانی بەسەردا بێت و دابڕانێک لەگەڵ قۆناغی مێژووی کارەستباری پێشتردا بکات و بەوەش سەردەمی مەرگدۆستی کۆتایی بێت و ئەو مۆتیڤەی کە ئەم کۆتاییهاتنە دەکاتە راستی لەسەر زەمینەی واقیع، هەر خۆی مۆتیڤی دروستکردنی فەزایەکی نوێیە کە فەزای ژیان و رابوونەوەو دەستپێکردنی قۆناغی ژیاندۆستیە. ئەمەش زیاتر لە دەربڕینەکانی «بیر راپەڕێ، خوێن گڕ بگرێ»دا دەردەکەوێت. بیر ئەو چەمکەیە کە گەشەو پەرەسەندنی مرۆڤ نیشان دەدات و خوێنیش بە مانای سەرچاوە، یان هۆکاری ژیان دێت کاتێ ئەم دووانە دەگەنە ئەوەی کە بجوڵێن و رۆڵ ببینن، مانای وایە ئیقاعی گشتی لە باری کپی و بێ جووڵەییەوە بەرەو جوڵاندن و بەرزبوونەوە دەچن کە ئەوەش لە خۆیدا دەلالەتی جووڵە و راپەڕین، یان رابوونەوەو شۆڕش هەڵدەگرێت، کە ئەمانەش لە ئاستێکی تردا دەبنە دال بۆ مەدلوولی گواستنەوەو گۆڕانکاری، واتە مەدلول بۆ رووداو، رووداوێک کە دابڕان لەگەڵ قۆناغی پێشتردا دروست بکات. ئەمەش جووڵەیە بۆ دەربازبوون لە مێژووی ماتەمگێڕی و مەرگەسات و شکست و نەبوون. دیارە ئەوەش پێشبینی دەکرێت ئەو جووڵەو گواستنەوەیە بە ئاراستەی زیندوبوونەوەو بەرزبوونەوەو رابوونەوە بێت واتە گواستنەوە لە ئامادەنەبوونەوە بۆ ئامادەبوون.

- ٢ -

بەشی دووەمی ئەم دەقە، یان دەقی دووەم لەژێر ناونیشانێکی (گۆڕانی ڕێبوارێکی یاخی)دا پێشکەش دەکرێت. ئاشکرایە کە ئەم چەند دەقەی ئێمە وەکو دەقێک لە تەنیشت یەکتر دامانناون، وەکو دەقێک وایە کە لە چەند بەشێک پێکهاتبێت و بەو پێیەش هەر بەشێک ناونیشانێکی دووەمی هەیەو ئەو ناونیشانەش پەیوەندی بەماناو دەلالات و ئامانج و پرسیاری ئەو بەشەوە هەیە، بەڵام بەگشتیش هەموو بەشەکانی ئەم دەقە کە وەکو گوتمان لە کاتی جیاوازیشدا نووسراون لە سەرەتاوە بۆ کۆتایی بنیادو جیهانبینی یەک دەقیان هەیەو لە رووی بابەتەوە سەرباری ئاراستەی جیاوازی دواندن لەو بابەتە، بەڵام هەموو بەشەکان لەیەک بابەت دەدوێن و پرسێکی سەرەکی، یان جیهانبینییەک یەکێتی ئۆرگانی دەقەکە دەستەبەر دەکات. لەبەشی یەکەمدا دەقەکە لە فەزایەکی ماتەمگێڕیدا مێژوویەکی خوێناوی و زەمینەیەکی کارەساتاویمان پێشکەش دەکات. ئەگەرچی لە کۆتایی ئەو بەشەدا ئاماژەیەک بۆ جوڵاندن بە ئاراستەی بەرزبوونەوەو رابوونەوە دەبینرێت، بەڵام لە رووی بنیادی زمانییەوە وەکو مەرج ئەو ئەگەرە دەبینرێت و تەنیا لە رووی گوتنەوە دەردەبڕرێت و دەبیسترێت، بەڵام لە رووی پراکتیکەوە نە کاریگەرییەکی ئەوتۆی دەبێت و نە دەبێتە جوولەیەکی رووداو دروستکەر بۆ دروستکردنی حاڵەتی

گواستنەوە. لێرەوە ڕێبوار، یان کەسێتییەک کە دەشێ لە پشتی ئەم کەسێتییەوە کە وەکو ڕێبوار پێشکەش دەکرێت، هێز، یان بوویەکی گەورەتر هەبێت و لە پشتی ئەم ناوەوە خۆی حەشار دابێت و لە ئێستای شوێن و زەمینە کارەساتبارەکەیدا، بڕیاری جووڵەیەک بدات ئەگەرچی ئەو بڕیارەش جۆرێک لە کاردانەوەی پێوە دیارەو پێناچێت لە پشتیەوە پرۆژەیەک بۆ گواستنەوە بۆ قۆناغێکی تر بوونی هەبێت. بەڵام سرووشتی ئەو کاردانەوەیە جۆرێک لە یاخیبوونی پێوە دیارەو ناونیشانی ئەم بەشەش بە دروستی گوزارشت لەو باری کاردانەوەو یاخیبوونو دەکات. لە سنووری جوگرافیای دەقەکەدا کەسێتیەکی یاخی دەبینرێت کە باسی ئەوە دەکات هەموو شتەکان دەگۆڕێت. ڕەنگە لە گواستنەوەی ئەم کەسێتیەو جووڵەو هەنگاوەکانیدا لەگەڵ باری کۆمەڵایەتی و مێژوویی دەرەوەی دەقەکەدا هاوشێوەبوونێکی تەواو هەبێت لەو ڕووەوە کە لە زەمینەی ماتەم و کارەساتبارو مێژووی خوێناوی دەرەوەی دەقەکەدا کاردانەوە دروستبووە بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو بارە ناهەموارە. دیارە ئاشکرایە کاردانەوەش بەرئەنجامی کارەو ناتوانێت گۆڕان دروست بکات بەڵکو لە باشترین باردا کاردانەوە دەتوانێت ئەو کارە ڕەتبکاتەوە کە لەسەری دەکرێت و ئەو لادانەی لە ماوەیەکی دیاریکراوی کاتدا کارەکە دروستی کردووە، یان بڕیوێتی، کاردانەوە هەڵیبوەشێنێتەوە. هەر

لێرەشـەوەیە هاوشـێوەبوونێک لـە نێوان ئـەم کاردانەوەیـەو کاردانـەوەی واقیعـی دەرەوەی دەقەکـەدا دەبینرێـت. لـە زەمینـەی دەرەوەی دەقەکـەدا کـە واقیعـی کۆمەڵایەتـی و سیاسـی ئێمەیـە و واقیعێکیشـە بـە گشـتی و بـە درێژایـی مێـژووی زانراومـان پـرۆژەی ئەوتـۆی تێـدا نەبـووە کـە کۆمەڵگـە بگوازێتـەوە بـۆ قۆنـاغ، یـان ئاسـتێک کـە دابـڕان بووبێت لەگـەڵ پێش خۆیدا. لێرەدا مەبەستمان ئەوەیە کە واقیعی سیاسـی و کۆمەڵایەتی ئێمـە پێویسـتی بـە پـرۆژەی گۆڕانـکاری هەبـووە تـا لـەو بـارەی تێدایـن رزگارمـان ببوایـە، بـەڵام ئـەوە روویـنـەداوە. ئـەوەش لەبەرئەوەیـە جوڵانـەوەو بزووتنەوەکانـی نـاو واقیعـی مێژوویـی و سیاسـی و کۆمەڵایەتـی ئێمـە بەرهەمـی پـرۆژە نەبـوون بەڵکو کاردانـەوە بوون، هەربۆیـە نەیانتوانیووە گۆڕانکاری دروسـتبکەن چونکـە کاردانـەوە ناتوانێـت پرۆسێسـی گواسـتنەوە کـە دەشـێ بـە دروسـتکردنی رووداویـش ناوببرێـت، بەرهـەم بهێنێت. ئـەم رێبـوارە یاخیـە نوێنـەری کاردانـەوەی کەسـێتی ئێمەیـە لـە دەرەوەی دەقەکـە، کـە بـە دروشـم و قسـەو راگەیاندنـی رۆمانسـیانە بـاری جێگیـرو بـاو هەڵدەوەشـێنێت و کۆتایـی بـە قۆناغێـک دەهێنێـت و قۆناغێکـی تـر دەسـت پێـدەکات. بـەڵام لـە رووی راسـتی و لەسـەر زەمینـەی واقیـع ئـەوە هیـچ کاریگـەری و جێکەوتێکی ئەوتۆی نابێت. ئـەم رێبـوارە یاخیـە دەنگی بـەرز دەکاتـەوەو دەڵێـت:

ئەڕۆم، ئەڕۆم
سێبەری تەڵخی ناوی خۆم،
بە دڕکەزیی..
رەهێڵەیەکی بێ وەرزی
ونی بێ ناونیشان،
نەنووسراوی ژیان ئەشۆم.
ئەسووتێنم،
ئەو وێنە بێ روخسارانەی ..
لکاوی دیواری هۆشن.
ئەخنکێنم،
ئەو ئاوازە بێ دەنگانەی..
بە چڵپاوی درۆ گۆشن.
ئەڕووخێنم.
تەلاری ئەو هۆنراوانەی..
ستوونێکی بەرزو بۆشن.
ئەتاسێنم،
رووالەتی ئەو وتانەی..
بۆ چڵکی دەست خۆفرۆشن.
بە بیری نوێ،
بە وتی نوێ،
کرداری نوێ،
ئەکەومە ڕێ.
بۆ هەڵگرتنی تفەنگێ

**بۆ هەڵگیرساندنی جەنگیَ**
**جەنگی پیرۆز،**
**کێوی ستەم لەبن بێنیَ**
**نەک نەورۆزیَ، هەزار نەورۆز،**
**وە دەست بێنیَ.**

لێرەدا کەسێتیەک خۆی نمایش دەکات کە دەشیَ هەمان ئەو کەسێتیە بێت کە لە بەشی یەکەمی ئەم دەقەدا ماتەم دەگێڕێت و مێژووی خەم، یان خەمنامە پەیوەستە بەوەوەو لەوەش بیَ ئومێد بووە کە دەریای بەرین و بیَ بن و کێوی گەردن بەرز بتوانن ئەو باری ماتەمگێڕی و مێژووی خەمە بگۆڕن، بۆیە ئەم کەسێتیە بڕوا بەوە دێنێت ئەوەی خۆی ئەنجامی نەدات، ئەستەمە کەسی تر بۆی ئەنجام بدات. ئەمەش بە جۆرێک گەڕانەوەیە بۆ ئەو راستیەی کە بۆ ئەوەی گۆڕانکاری و گواستنەوە رووبدات دەبیَ لەم شوێنەداو لەم کاتەدا ئەم کەسێتیە کارەساتبارە خۆی ببێتە بکەر و خۆی رووداو دروست بکات. واتە خۆی رێگای گۆڕانکاری و گواستنەوە بۆ دەربازبوون لەو بارە بگرێتە بەر. ئەمەش لە ئاستی نەبینراوی دەقەکەدا ئاماژەدانە بەوەی کە لە هەر شوێن و جوگرافیایەکدا تەنیا کەسەکان و ئامادەبوونی ئەوان لەو شوێنەداو لە کاتە گونجاوەکاندا دەتوانێت گۆڕانکاری دروست بکات و مێژوو دروست بکات. ئەمەش لە ئاستێکی تردا بە جۆرێک رەخنەیەکی

قوولّە لەو عەقلّیەتەی کە بەردەوام پشتی بەوانی تر بەستووەو چاوەڕوانی ئەوە بووە بکەرێکی تر رووداو بۆ ئەم دروست بکات. کە دیارە لە بارێکی وەهاشدا ئەم خۆی هەرگیز نابێتە بکەر و ناشتوانێت ئەو رووداوانە بەڕێوەببات و ئەنجامەکانیان بپارێزێت کە بکەری تر دروستی کردبن. ئەم لێکدانەوەیەش تا ئەندازەیەکی ئاشکرا ئەگەر بە ئاراستەی دەرەوەی دەقەکە و بۆ ئەو زەمینەی کە دەقەکە پێوەی پەیوەستە هەنگاوبنێین، راست دەردەچێت. لێرەوە ئەم کەسێتیە بڕیاری خۆی دەدات و رێگای بەرەو گواستنەوەو گۆڕانکاری دەگرێتە بەر. هەرچەندە وەکو پێشتریش گوتمان رۆیشتنەکەی وەکو کاردانەوەیە بۆ ئەو بارە ماتەمگێڕیەی کە تیایدایە، بەلآم دیسان لە رێگای رەگەزە زمانییەکانی دەقەکەوە ئەوەش دەردەکەوێت کە جۆرێک لە بەرنامە، یان پرۆژەی هەیە، کاتێ سێ پرینسیپە سەرەکیەکەی ئایینی زەردەشتی دەکات بە بنەما بۆ کەوتنەڕێ. کە ئەوەیش لەم دەربڕینانەدا بەرجەستە دەکات ( بە بیری نوێ \ بە وتەی نوێ \ کرداری نوێ ). ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە شاعیر بنەمایەکی ئایینی، یان ئەفسانەیی دەداتە دەقەکەی کە ئەوبنەمایەش وەکو بەشێک لە رابردووی پڕ لە شکۆی ئەو کەسێتیە نیشان دەدرێت کە ئێستا لەم باری شکست و ماتەبارییەدایە.

پرینسیپەکانی ئایینی زەردەشتی بریتین لە بیری چاک و تەی چاک و کرداری چاک. ئەمی شاعیر لەبری وشەی

چاک وشـەی نوێـی بەکارهێنـاوە. سـەرەتای ڕۆیشـتنی ئـەم کەسـێتیە جۆرێک لە تورەیی پێوەدیارەو وەکو پێشتر گوتمان لـە ژێر کاریگـەری روخاندن و وێرانکـردن و لەناوبردندا ئـەو گەیشـتووەتە ئـەو کاردانەوەیـە. فرمانەکانی(ئـەڕۆم، ئەشـۆم، ئەسـووتێنم، ئەخنکێنـم، ئەڕوخێنـم، ئەتاسـێنم..) کـە ئیقاعێکـی نزمیـان هەیـە، لـە راسـتیدا لـەو رووەوە کـە هەڵوێسـتی کاردانـەوە جووڵـەی دەقەکـە بەرهـەم دەهێنێـت دەبـووا ئیقاعێکـی بەرزیـان هەبووایـە، بـەڵام لـە راسـتیدا ئـەو ئیقاعـە بـەرزە بەرهـەم نەهاتـوو. ئەمـەش ئـەو دەلالەتـە هەڵدەگرێـت کە ئـەم کەسێـتیە هەرچەندە تورەیە، بەڵام لەبەرئەوەی زیاتر هەڵوێسـتی کاردانـەوەی هەیـە بۆیـە لەبـری بەرزبوونـەوەی ئیقاع و رەخسـاندنی فەزای راپەڕین و شـۆڕش، نزمبوونەوەو فـەزای تێکدان و وێرانکـردن و لەناوبـردن هەیـە کـە ئەمـەش دیسـان بەشـێوەیەکی تـر بەرجەسـتەکردنەوەی واقیعـی ماتەمگێڕی و کارەسـاتباریە. لکاندنـی رانـاوی لـکاوی کەسـی یەکەمـی تـاک واتـە (م) بـەم فرمانانـەوە زیاتـر ئیقاعێکـی کپ و بێجووڵـەی ئاشـکرای بـەم بەشـەی دەقەکـە بەخشـیووە. ئـەم کپـی و خامۆشـیە دەلالەتـی نەبوونـی کار، یـان رووداو هەڵدەگرێـت. هـەروەک ئـەو رسـتە شـیعریانەی لـە دەقەکـەدا کـە ئـەم فرمانانەیـان تێدایـە دیسـان ناهەمـواری بارودۆخ و کەسـێتی ئـەم ڕێبـوارە یاخیـە نیشـان دەدەن، کـە بەجۆرێـک ئـەم کەسـێتیە خۆیـی و دەوروبەرەکـەی و ئـەوەی کـە لێـی دەدوێـت هەموویـان پێکـەوە دەخاتـە بـەردەم رەخنـەوەو لـە

پشتی رەخنەکانیشەوە نەبوونی رەگ و ریشەو رەسەنایەتی و گەوهەرو ماهیەتی کەسێتیەکەو دەوروبەرەکەشی نیشان دەدات. لێرەشەوە لە رێگای چەندین وێنەو دەربڕینی تا ئەندازەیەک سریالیانەدا فەزایەک ئامادە دەبێت کە هاوتەریبە لەگەڵ ئەو بارەی کە ئەم کەسێتەی تێدایە. ئەمانەش بەشێکن لەو وێنەو دەربڕینە سریالیانەی نێو دەقەکە (سێبەری تەڵخی ناوی خۆم، رەهێڵەی بێ وەرزو بێ ناونیشان، وێنەی بێ رووخسار، ئاوازی بێ دەنگ، چڵپاوی درۆ، هۆنراوەی بۆش، وتەی خۆفرۆش،..). ئەم وێنەو دەربڕینانە و فرمانەکانی پێشتر هەموویان پێکەوە فەزایەک دروست دەکەن کە لەخۆیدا تراژیدیایەکە و خەم و کارەسات دەسەڵاتی بەسەردا کردووە. واتە لێرەدا فەزای مردوو بەخاکسپاردن، یان مردووناشتن دەبینرێت. راستە ئەم کەسێتیە یاخی دەبێت بەڵام یاخیبوونەکەی بۆ ئاشکراکردنی ئەو سیما دەمامکدارانەیە کە لەپشتی دەمامکەکانەوە راستی خۆیانیان شاردۆتەوە، لە کاتێکدا واینیشان دەدەن کە هەڵگری بەرنامەیەکن بۆ ئەوەی لە سەدەی بیستدا نەک هەر زەوی بەڵکو ئاسمانیش بگۆڕن. بەڵام لەراستیدا بێجگە لە قەوارەیەکی بێ ناوەرۆک و بێ گەوهەر هیچی تر نین. ئەمەش لە ئاستێکی تردا ناسنامەی فشۆڵ و بێ بنەما دروستکراو ئاشکرا دەکات. کەواتە یاخیبوونەکەی ئەم کەسێتیە لەبری ئەوەی بۆ گۆڕانکاری و گواستنەوە بێت بۆ قۆناغێکی تر، بەڵکو بۆ دەرخستنی

رووی راستی ئەو کەسێتیە بێ گەوهەرو دەمامکدارانەیە کە ئیدیعای بکەرێتی خۆیان دەکەن. واتە لەم بەشەدا رەخنە لە دەموچاوە دەمامکدارەکان دەگیرێت. بەڵام دوای شکاندنی دەمامکەکان ئەو کەسێتیە رایدەگەیەنێت بە بەرنامەیەکی دارێـژراو و نەخشە بۆ دانراو دەکەوێتە رێ بۆ گۆڕینی بارودۆخی وەستاوی ئێستا و گواستنەوەی بۆ قۆناغێکی تر کە ئەو ناوی دەنێت جەنگی پیرۆز بۆ روخاندنی کێوی ستەم و هێنانی نەورۆزی هەمیشەیی. بەڵام لەپشتی بانگەشەی ئەم دەستپێکەوە ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات ئایا دەشێ لە دوای لابردنی دەمامکەکان کە لە ئەنجامی کاردانەوەدا روودەدات، پرۆژەی جدی گۆڕانکاری دەست پێبکرێت؟، یان پرۆژەی گۆڕانکاری لەسەر بنەمای بیرکردنەوەو تێرامان و لێکدانەوەو هەڵسەنگاندن دادەنرێت؟ ئەوە ئاشکرایە کە دەق دوو ئاست، یان دوو پایەی هەیە کە یەکەمیان پایەی ناوەوەیی دەقە کە بریتیە لە رەگەزەکانی پێکهێنانی دەق کە بنەمای سەرەکی ئەو رەگەزانەش زمانە لە وشەو دەستەواژەو رستەو یەکەو پێکهاتەی دەنگی و بنیادی رستەو دیسان رستە لە رووی ئەرکەوە واتە لەو رووەوە کە ئایا ئەو رستەیە چ جۆرە رستەیەکە، واتە رستەی راگەیاندنە، پرسیارییە، سەرسوڕمانە.. لەگەڵ چۆنێتی بارگاویکردن، یان بارگاویبوونی زمان بە ماناو دەلالات. لەگەڵ وێنە و لێکچوون و هاوشێوەو بەرامبەر و دژیەک و هاوتاو هاوڕێک و هاوجووت و شێوازی

ئیقاع لە بەرزبوونەوەو نزمبوونەوەو تەنانەت شێوەی دابەشبوون، یان ڕێکخستنی دەق هەر لە ناونیشانەوە بۆ پێشکەشکردن و گەیشتن بە ئامانجی کۆتایی، یان ئەوەی کە پێی دەگوترێت ڕستەی سەرەکی، یان تیشکۆی دەق کە بە گوێرەی دەقی شیعری تیشکۆ هاوشێوەی دڵە بۆ زیندەوەر، هەرچۆن ناونیشان هاوشێوەی سەرە بۆ مرۆڤ و زیندەوەرانی تر، کە هەموو ئەمانە ڕۆڵی خۆیان دەبینن لە بەرهەمهێنانی شیعریەتی دەقداو بەوپێیەش ڕۆڵ دەبینن لە بەرهەمهێنانی ماناو دەلالاتی دەق و پرسیار و جیهانبینی دەق و جوانی دەقدا. لەم ڕووەوە ئەم دەقە شیعریەی (جەلالی میرزا کەریم) ئاستێکی پتەو و دەوڵەمەندی هەیە لە ڕووی بنیاد، یان پایەی ناوەوەی دەقەوە.

ئاستی دەرەوە، یان پایەی دەرەوەی دەق پەیوەندی هەیە بە دەقەوە. هەروەک پایەی دەرەوەی دەق زیاتر پەیوەستە بە پاشخانی ڕۆشنبیری و زانیاری شاعیرەوەو وەرگرتن و کارکردن بەو ڕەگەزانەی بۆ داڕشتن و بنیادنانی دەقەکەی پێویستێتی لە جۆری ئەفسانەو هێماو بۆچوونی ئایینی و ڕووداو و پاڵەوانی مێژوویی و دیاردەی سرووشتی و پەندو قسەو وتەی باو و شیعری شاعیرانی پێشترو تەنانەت جوانی سرووشت و ڕەگەزەکانیشی. کە هەموو ئەمانە لە دەرەوەی شاعیرن و لە دەرەوەی دەقی شیعرین و شاعیر دەتوانێت بە شێوەی بەشی، یان بەگشتی ئەو ڕەگەزانە بکات بە ڕەگەزی سەرەکی بنیادنانی دەقەکەی.

بۆ نموونە لەم دەقەدا شاعیر باری کۆمەڵایەتی و مێژوویی سیاسی ئەو واقیعەی دەقەکەی تێدا بەرهەمهاتووە دەهێنێتە ناو دەقەکەو کاری پێدەکات. هەروەها سێ پایە سەرەکیەکەی ئایینی زەردشتی وەرگرتووەو بە کەمێک دەستکارییەوە کردوویەتی بە رەگەزێکی سەرەکی لە بنیادی زمانی دەقەکەداو لەسەر ئەو بنەمایەش بەشێک لە پرسیاری سەرەکی دەقەکە دادەڕێژێت. هەروەها لە نێو سیۆسیۆسیاسی کوردیەوە ئاماژەی جۆرێک لە کارکردن لەسەر بنەمای کاردانەوە وەردەگرێت و دەیکات بە بنەما بۆ جووڵەو بە مەبەستی ئەوەی لەوێشەوە جۆرێک لە پرۆژە دابنێت بۆ گۆڕانکاری و گواستنەوە. هەروەها لە نێو مێژووەوە هێمای قوربانیدانی چوار ئەفسەرە کوردەکە وەردەگرێت و بۆ دوو مەبەست بەکاریان دەهێنێت یەکەمیان وەکو هێمای بەرخوردان و خۆنەویستی و گیان بەخشین لە پێناوی بوون و بەدەستهێنانی مافدا. دووەم وەکو هێما بۆ سووربوون و کۆڵنەدانی مرۆڤی کورد لە پێناوی گەیشتنیدا بە ئامانجەکانی لە ئازادی و سەربەخۆیی.

- ٣ -

شاعیر دەچێتە دەرەوەی چوارچێوەی دەقەکەی و دەگەڕێتەوە بۆ نێو مێژوویەک کە مێژووی پرسە، یان مەرگەساتە لە کاتێکی پێش بەرهەمهێنانی دەقەکەو لە هەمان شوێن، یان جوگرافیای لە دایکبوونی دەقەکەدا،

کـە ئەویـش مێـژووی دەیـەی پێنجەمـی سـەدەی بیسـتەمە و لـە شـوێنێکدا کـە جوگرافیـای کوردسـتانە. ڕووداوێکـی پەیوەسـت بـەو مێژووە دەهێنێتـەوە یاد. ئەویش ئەوەیە کە لـەو کات و شـوێنەداو دوای شکسـتی کۆمـاری کوردسـتان، ڕووداوێکـی کارەسـاتبار، یـان پرسـە هەیـەو لـە ئەنجامـی ئەوەشـدا فـەزاری شکسـت بـاڵ بەسـەر کوردسـتاندا دەکێشێـت و سـەرباری لـە سێدارەدانی قازی و هاوڕێکانی، چـوار ئەفسـەری لاوی باشـوور کـە بەشـداری دامەزراندنـی کۆمـارو ڕێکخسـتنی سـوپای کۆمارییـان کردبـوو، لـە دوای شکسـت دەگەڕێنـەوە بـۆ عێـراق و داگـیرکەری عێراقـی لـە سێدارەیان دەدات. ئـەم چوار شـەهیدە دەبنە سـەرچاوەیەکی دەرەکی بۆ بەرهەمهێنانـی ئـەم دەقە شـیعریەو لە دەقەکەشـدا ئـەوەی نیشـان دەدرێـت و بـە ئاشـکرایی دەخرێتـە ڕوو، نـە دامەزراندنـی کۆمـارەو نـە سـەرکەوتن و نەبەزیـن و نـە بەرخوردانـی کوردو چـوار ئەفسـەرەکەشـە، بەڵکو نیشـاندان و خسـتنەڕووی تراژیدیـاو مەرگەسـاتێکی گەورەتـرە لـە ڕێگـەی بـە ئامرازکردنـی تراژیدیـای شـەهیدکردنی چـوار ئەفسـەرەکەوە. واتـە لـە ڕێگای ئـەو کارەسـاتە مێژووییـەوە، کارەسـاتێکی ترسـناکترو وێرانکەرتـر نیشـان دەدرێـت کـە ئەویـش کارەسـاتی ئەنفـال و کیمایببارانکردنـی کوردسـتانە. واتـە لـە ڕێگای وەرگرتنی تراژیدیایەکی ڕابردووەوە شـاعیر لەبـارەی تراژیدیـای ترسـناکی ئەنفـال و بەکارهێنانـی چەکـی کیمیاییـەوە دەدوێـت و ئەمـەش ئـەوە نیشـان دەدات کـە

سەرباری کەوتنە جوولەی ڕێبواری یاخی و کاردانەوەکانی و ئاماژەی دەرکەوتنی جۆرێک لە پرۆژە بۆ گۆڕانکاری و گواستنەوە، بەڵام ئیقاعی گشتی دەقەکە ئیقاعێکی کپ و خەماویەو بریتیە لە نووسینەوەی مێژووی شکست و خوێن کە ئەویش مێژووی کەسێتی شیعرەکەیە. سەرباری ئەوەی دەیەوێت بەجۆرێک بجولێت بۆ گۆڕینی ئەو دۆخەی کە ئیقاع و فەزای دەقەکەی بەرهەمهێناوە، بەڵام سەرکەوتوو نابێت و شکست وەکو زنجیرەیەکی یەکتر تەواوکەر بە دوای یەکدا دێت.

ناونیشانی ئەم بەشەی دەقەکە ناوی چوار ئەفسەرە لە سێدارەدراوەکەیەو جەستەی دەقەکەش ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئێستا ژمارەی سێدارەو لە سێدارەدراوەکان گەلێک زیاترە. بە مانایەکی تر ئەم بەشەی دەقەکە بە ناوهێنانی چوار شەهیدی مێژوو دەست پێدەکات و بە باسکردنی چەندین شەهیدی دیارو نادیار کۆتایی دێت. واتە فەزای گشتی ئەم بەشە فەزای مردن و پرسەیە واتە تراژیدیایەکی بەربڵاو بەجۆرێک دەتوانرێت بگوترێت سیمای مێژوویەک نیشان دەدات کە سەرتاپا کارەسات و مەرگەساتەو لەم بەشەدا نەک سیمای ڕێبواری یاخی دیارنامێنێت بەڵکو هیچ ئاماژەیەکیش بۆ ڕابوونەوەو تەنەت بۆ مانەوەش ناکرێت. لێرەدا ئاراستەجوولەی ئیقاع بەرەو دابەزینە کە ئەوەش دەلالەتی مردن، یان داهێشتن بۆ ناو گۆڕ هەڵدەگرێت. ئەمەش هاوشێوەیە لەگەڵ ئەو گوتارەی

شکستدا کە لە دوو قۆناغی مێژوویی جیاوازدا بەرهەم دێتەوە، کە ئەوانیش قۆناغی دوای شکستی کۆماری کوردستان و قۆناغی شکستی بزووتنەوەی کوردە لە ئەنجامی ئەنفالدا.

عیزەت، قودسی، خەیروڵا، خۆشناو

شاعیر دەڵێت:

**جارێکی تر، لەگەڵ نمەی**
**خوێنی زامی پڕ لە نەڕەی**
**پڕ لە تۆڵەی**
**گیانی خۆری حوزەیرانا**
**حوزەیرانی کوردستانا**
**باڵای چوار شەهیدی نەمر**
**لە بیابانی چاومانا**
**لە ژانی دارستانمانا**
**لە ناخمانا..**
**لە مێژووی پڕ گریانمانا**
**لە مەرگمانا..**
**لە چەکی پێشمەرگەمانا**
**جارێکی تر..**
**گیانی چوار شەهیدی نەمر**
**وەکو ئاگر**
**گڕیان بەردایە بەهاری**
**هیوای خنکاوی سەر زاری؟؟؟؟**

**هاوڕێکانم..**
**ئەمسالْمان، ژانی سێداره**
**نەک هەر چواره**
**بەڵکو فەرهەنگێکی گەورەی**
**پڕ لە وشەی**
**خنکاوی دیارو نادیاره؟؟؟؟**

ئەگەر سەیری بنیادی زمانی ئەم بەشەی دەقەکە بکەین بریتیە لە تابلۆیەکی بە رەنگی ئاشکراو نائاشکرای خوێن و فرمێسک و خەم و هەنسک و دوکەڵ نەخشێنراو. ئەم تابلۆیە لە رووی زمانەوە رستەی راگەیاندنە، بەڵام تەنیا یەک فرمانی تەواوی تێدایە کە ئەویش فرمانی (بەردا) یە، لە ئاستی نووسراویشدا فرمانی ناتەواویشی وەکو ئەوەی هەن تێدا نییە، ئەگەرچی رستە راگەیاندنییەکانی لە رووی سیمانتیکەوە ئاماژەی بوونی فرمانی ناتەواو دەکەن. نەبوونی فرمان لە پارچە نووسینێکدا کە نزیکەی حەفتا وشەیە، بەڵگەی نەبوونی سادەترین کارو جووڵەیە لەو نووسینەدا. ئەمەش رووناکی دەخاتە سەر ئەو واقیعە کۆمەڵایەتی و سیاسی و کەلتوورییەی کە دەقەکە لێی دەدوێت و ئەوە روون دەکاتەوە کە چۆن لەم واقیعەدا رووداوێکی ئەوتۆ روونەداوە کە جووڵەو گۆڕانکاری دروست کردبێت. هۆی ئەوەش بە ئاشکرا دیارە نەبوونی بکەری رووداو دروستکەرو نەبوونی پرۆژەیە. ئەوەی

هەبووە کاردانەوە بووە، وەکو کاردانەوەکانی ڕێبواری یاخی ناو دەقەکە. ئەم بۆچوونەش هاوشانە لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا کە پێیوایە مێژووی کورد مێژوویەکی وەسفیەو کەسێتی کوردیش کەسێتیەکی راوەستاوەو جووڵەی ئەم کەسێتیە بە ئاراستەی بەرزبوونەوە نییە بەڵکو خولانەوەیە بە دەوری هەمان چەقدا، یان خولانەوەیە لەسەر بازنەیەکی داخراو، واتە هیچ لادانێکی تێدا نییە. لە رووی زانستی مێژووی شیکارییەوە هەموو ئەو پێکهاتانەی کە لەسەر هەمان تەوەر، یان بازنەی داخراو دەخولێنەوە، یان دەجولێن هیچ لادانێکیان نەبڕیووەو هیچ رووداوێکیان دروست نەکردووەو بەو پێیەش مێژوویان دروست نەکردووەو نەهاتوونەتە ناو مێژووەوە، بەڵکو لە دەرەوەی مێژوودان. تاکە شتێک کە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر جیاواز بێت ژمارەی شەهیدەکان و ژمارەی کارەساتەکان و ئاستی مەرگەسات و پرسەیە. هەروەک لێرەدا دەلالەتێکی تریش بەرهەم دێت ئەویش ئەوەیە ئەو زەمینەو مێژووەی کە دەقەکە لێی دەدوێت لەبری ئەوەی بە رووداوی بەرهەمهێنەر بناسرێتەوە بە ژمارەی کارەساتەکان و بە ژمارەی شەهیدەکان و لە سێدارەدراوەکان دەناسرێتەوە. ئەمەش زیاتر لە بری ناسنامەی بەرهەمهێنان و بنیادنانی شارستانێتی شووناسی مەرگەسات و شکست و پرسە بەم مێژووە دەبەخشێت. مێژووی لەم جۆرەش هیچ بنەمایەکی نییە بۆ ئامادەبوون و خۆسەلماندن، بەڵکو خۆی نمایش

دەكات بۆ بەزەیی پێداهاتنەوەو سۆزجوڵاندنی ئەوانی تر. ناونیشانی ئەم بەشە هاوتایە لەگەڵ هەر ناونیشانێكی گشتیدا كە بدرێت بە مێژووی ئێمە، یان هەر ناونیشانێك كە مێژووی شكست و مەرگەسات و خەم و خوێن لەخۆ بگرێت. واتە بۆ ناونیشانی دەقەكە، دەشێ بگوترێت مێژووی مەرگەسات، یان خەمنامە كە لە پشتی ئەوەشەوە مێژووی خوێننامە هەیە. خوێننامە بریتیە لە ئۆتۆبایۆگرافیای چوار ئەفسەرە لە سێدارەدراوەكە، لە كاتێكدا دەشێ وەها لێكبدرێتەوە كە هاوشێوەی هەزاران كەسی تر لە واقیعی دەرەوەی دەقەكەدا چوار ئەفسەرە شەهیدەكەش ئەو دڵدارانەن كە تینووی ئازادی و سەربەخۆیی بوون و لەو پێناوەشدا هەنگاوی كردەییان ناوەو سەرئەنجامی ئەوەش ژیانی خۆیانیان كردووەتە قوربانی. هێنانی رەگەزەكانی نێو مێژوو وەكو رەگەزی دەرەوەی دەق بۆ بەرجەستەكردنی تابلۆی رەنگینی شیعرو بەرهەمهێنانی شیعریەت و یارمەتیدانی ئاراستەكردنی پرسیاری دەقەكەو بەرهەمهێنانی جیهانبینی دەقەكەیە. كە لە دەستپێكی ئەم دەقەدا پێشبینی ئەوە دەكرێت كە هێنانی ئەو جۆرە رەگەزەی دەرەوەی دەقەكە بۆ نێو جوگرافیای دەقەكە بە مەبەستی ئامادەكردنی فەزای ژیانەوەو رابوونەوەیە. واتە ئیلهام وەرگرتن لە قوربانیدانی رابردوو، ئیلهام وەرگرتن لە هێماكانی بەرخوردان بۆ پتەوكردنی هێزو ئیرادەی بەرگری لە ئێستادا. بەڵام ئەوەی دەبینرێت شاعیر ئەم

هێمایانەی خۆنەویستی و قوربانیدان گڕ بەردەدەنە هیوای خنکاوی ئێمە. بەڵام ئایا ئەو گڕە هیواکانمان دەژێنێتەوە، یان بەتەواوەتی دەیان سووتێنێت و لەناویان دەبات؟ دیارە هەر لەم کۆپلەیەدا و لە ئاستی زمانی یەکەمی دەقەکەدا و بە ئاشکرا وەڵامی ئەم پرسیارە دەدرێتەوە کە ئێستا واتە لە کاتی بەرهەمهێنانی دەقەکەدا لە بری لە سێدارەدانی چوار کەس کە مەبەست چوار ئەفسەرەکەیە، کوشتن و بڕین و لە سێدارەدان و شەهیدکردن بووەتە فەرهەنگێکی گەورە، یان باشتر بڵێین بووەتە کاری ڕۆژانەو هەمیشەیی و وەکو کەلتووری لێهاتووە کە ئەوێکی تر کە لە ئاستی زمانی دەقەکەدا ئامادەبوونی نییە بە ئاسانی کار لەسەر ئێمە دەکات و مەرگ و لە سێدارەدانی بۆ ئێمە کردووەتە کەلتوور، کەلتوور بە مانای شتێکی باو و هەمیشەیی. کەواتە وەرگرتنی ئەم هێمایانە لە دەرەوەی دەقەکە بۆ ڕووناکی خستنە سەر واقیعێکە کە لەوساوە بۆ ئێستا نەک گۆڕانکاری بە ئاراستەی ئەرێنی بەسەردا نەهاتووە، بەڵکو زیاتر بە ئاراستەی نەرێنی جوڵاوە. ئەم تابلۆیە کە بە خوێننامەی شەهیدەکان سوورکراوە، بریتییە لە ئۆتۆبایۆگرافیای کەسێتی شیعرەکە کە دەشێ ئەویش نوێنەرایەتی ئێمە بکات. هەروەک ئەم تابلۆیە زیاتر بەرجەستەی باری شکست و ڕوخان و وێرانکردن دەکات کە ئەمانەش لە ئاستێکی تردا خەم و گریان و تراژیدیای ژیانی منی ئامادەی نێو جوگرافیای دەقەکە بەرجەستە

دەکەن کە ئەویش دەشێ ئۆتۆبایۆگرافیای ئێمە بێت وەکو نەتەوە. فەزای گشتی ئەم تابلۆیەش لە شیعرەکەدا فەزای مەرگەسات و پرسەیەو ئیقاعی شیعرەکە ئیقاعێکی کپەو ئاراستەی ئیقاعیش بەرەو دابەزینە کە هەموو ئەمانەش بەرجەستەی ئەو تراژیدیایە دەکەن کە خاسیێتی باوی دەقەکەیەو رووی ئاشکرای واقیعی دەرەوەی دەقەکەشە.

– ٤ –

ناونیشانی دووەمی بەشی دواتری دەقەکە، یان ئەم زنجیرە دەقەی کە تەواوکەری یەکترن ( وەرزەکان )ە. ئەم ناونیشانە واتە وەرزەکان ئاماژە بۆ کات دەکات. مانای وایە مەبەست لێی چوار وەرزی ساڵەو دواتر دەقەکەش ئەمە روونتر دەکاتەوە. بەڵام لە ئاستێکی تردا وەرزەکان دەلالەتی هەموو کات، یان بەردەوامی هەڵدەگرێت. کەواتە ئایا پەیوەست بەو کاتەی کە دەقەکە لێی دەدوێت کات چ مانا و دەلالەتێکی هەیە؟ دەقەکە لە رێگای هێنانە ناوەوەی چوار ئەفسەرەکەوە لە لایەک باسی مێژووی پێش بەرهەمهێنانی دەقەکە دەکات و دەشێ لە رێگای ئەو هێمایانەوە لەبارەی مێژووی کارەسات ئامێزی دوور و درێژی ئێمەوە بدوێت. لە ئاستی دووەمدا کات بریتیە لە کاتی بەرهەمهێنانی دەقەکە کە لەویشدا کارەسات و جۆرێک مەرگەسات نیشان دەدرێت. بۆیە لێرەوە دەشێ وەرزەکان تەنیا درێژەی کاتی ساڵێک نەگەیەنێت، بەڵکو هەموو

مێـژووی ئـەم کەسـێتیە بگەیەنێت کـە بـەردەوام لەبـەردەم شکست و وێرانبووندا بووەو تاکو ئێستاش نەگەیشتووەتە ئـەوەی کـە دابڕان لـەو مێژووە خوێناویـە بکات. وەرزەکان خولانـەوەی کاتـە لەسـەر بازنەیەکی داخراو، مێژوویـەک کـە هیـچ گواسـتنەوە، یـان دابڕانێکی لەگـەڵ رابـردوو، یـان پێش خۆیدا تێدا نییـە. ئەمـی کەسـێتی قسـەکەر و ئامـادەی سـەر جوگرافیـای دەقەکـە کۆمەڵێـک خـەون و خەیاڵـی ئایندەیـی هەیـە، بـەڵام ئـەو خەونانـە هیچیـان نابـن بـە واقیـع. لـەم بەشـەدا شـاعیر دەڵێـت:

**چوار وەرزەی ساڵ**
**لە دامێنی ئاسمانی وڵاتی منا**
**لە چوارچێوەی بێ کۆتایی**
**تەمەنی ئاواتی منا**
**بۆتە ئاوێنەی ئاوەژووی**
**مێژوویەکی هێجگار جەنجاڵ.**

لێـرەدا شـاعیر باسـی رووداوەکانـی شـوێنێک دەکات کـە وڵاتـی کەسـێتی ئامـادەی سـەر جوگرافیـای دەقەکەیـە. واتـە شووناسـی شـوێن ئاشـکرایەو کات تیایدا هـەر چـوار وەرزی سـاڵە، واتـە کات هەمـوو کاتێکـە. بـەڵام شـاعیر ئـەم کاتـە گشـتیە دەگرێـت بەبـاڵای تەمەنـی ئاواتەکانـی و لـە بارێکـی وەهاشـدا وەرزەکان کـە مەبەسـت هەمـوو کاتێکـە دەبێتـە ئاوێنەیەکـی ئـاوەژوو، هەمـوو شـتێک بـە هەڵەوگێـڕاوی

نیشـان دەدرێـت. لەوەشـدا لـە ئاسـتی نەگوتـراودا ئـەو دەلالەتـە بەرهـەم دێـت کـە لـەم شـوێنەدا و لـە هەمـوو کاتێکدا، واتـە لـە رابـردووەوە تاوەکو ئێسـتای بەرهەمهێنانی دەقەکـە، هیـچ کام لـە ئاواتەکانـی ئـەم بەدینەدێهێنـراون. هەروەهـا لـە ئێستاشـدا لەسـەر بنەمـای ئـەو فەزایـەی باڵـی کێشـاوە بەسـەر جوگرافیـای دەقەکـەدا ئەگـەری ئـەوە نییـە بگەنـە ئاسـتێک لەسـەر پێـی خۆیـان رابوەسـتن و بەجۆرێـک بتوانـن بەرگـری لـە مانـەوەی خۆیـان بکـەن. ئـەم کەسێتیـە ئاواتـی گـەورەی هەیـە، بـەڵام کات مێژوویەکـی جەنجاڵ بـە ئاوەژوویـی وێنـا دەکات. مەبەسـت لـە مێژووی جەنجاڵ چیە؟ رەنگـە پرسـیارێکی گشـتی بێـت، بـەڵام ئـەو مێژووەی کـە لـە دەرەوەی دەقەکـە بـە جۆرێـک بوونـی هەیـە، نـە مێـژووی ئامادەبوونـە نـە مێژووی بەرهەمهێنانـی شارسـتانێتی و ئـەو توخـم و رەگەزانەیـە کـە دەبنـە بنەمـا بـۆ خۆسـەلماندن و بەدەسـتهێنانی شـووناس، بەڵکـو مێژووی خـەم و گریـان و کارەسـات و پرسـەیە، واتـە یادەوەری خوێنـە، یـان وەکـو لـە دەقەکـەدا هاتـووە خوێننامەیـە. ئەمـەش وێنـە ئاوەژووەکەیـە چونکـە لـە رووی راسـتیەوە دەبـێ مێـژوو لـە رێـگای ئامادەبـوون و دروسـتکردنی رووداو و بەشـداریکردنی بەرهەمهێنانـی شارسـتانێتەوە بوونـی خـۆی بسـەلمێنێت، بـەڵام لێرەدا مێژوویـەک هەیـە بـە نـاوی مێـژووی کارەسـات و خوێـن و پرسـە، واتـە شـتێک کـە پێچەوانـەی مێـژووی ئامادەبوونـەو زیاتـر یـادەوەری تراژیدیاییـە.

سەرباری ئەم پێشەکیە لە ژێر ناونیشانی دووەمی «وەرزەکان»دا، دەقەکە بە ناوی وەرزەکانەوە دابەش دەکات کە ئەوەش هێڵێکی داخراوی کات نیشان دەدات و کاتەکە لە رووی درێژیەوە جێگیرەو هەمیشە چوار وەرزەکە پێکەوە ساڵ پێکدەهێنن، بەڵام هەر وەرزەو خاسێت و سرووشتی تایبەتی خۆیی هەیەو ئەوەش ناسنامەی وەرزەکان دیاری دەکات، بەڵام لە رووی بەدەستهێنانی شووناسی کاتەوە تاوەکو ئێستا وەرزەکان لە جوگرافیای دەقەکەو لەو زەمینەشدا کە دەقەکەی تێدا بەرهەمهاتووە کاتی بێ شووناسن چونکە کات تەنیا ئەو کاتە شووناسی کاتی هەیە کە رووداوی تێدا تۆمارکرابێت. مەبەست لە رووداویش گۆڕانکاری، یان گواستنەوەیە بۆ قۆناغێکی تری ژیان. بەڵام وەکو ئاشکرایە لێرە رووداو بوونی نییە و تەنانەت لاوازی رەگەزی فرمان لە رووبەری دەقەکەدا ئەو راستیە بەرجەستە دەکات کە دەقەکە زیاتر دەقێکی وەسفیە نەک دەقێکی کرداری. ئەمەش خاسێتی کۆی کەلتوورو تەنانەت عەقڵی باو و باڵادەستی نێو کۆمەڵگە راوەستاوەکان، یان کۆمەڵگەکانی دەرەوەی جووڵەی ئاشکرای بەرەو گۆڕانکاری و گواستنەوەن کە کۆمەڵگەی کوردیش لە پێشەنگی ئەو کۆمەڵگە پەراوێزیانەدایە. نەبوونی فرمان، یان لاوازی و کەمی فرمان لە هەر دەقێکی داهێنەرانەدا دەلالەتی نەبوونی جووڵەو رووداو، یان کار هەڵدەگرێت،

کە ئەوەش مانای نەبوونی بکەرە. لێرەوە لە جوگرافیای دەقەکەدا لە بری بکەری رووداو دروستکەر کەسێتی وەسفکراو، یان وەسفکەر هەیە کە بەهەردوو بارەکەدا جیهانێکی وەستاو دروست دەبێت. لێرەوە گواستنەوەو هێنانی رەگەزی دەرەوەی دەقەکە جارێکی تر لە لە رووبەری دەقەکەدا کاردەکات ئەویش هێنانی واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسی و مێژوویی دەرەوەی دەقەکەیە بۆ ناو دەقەکە کە لە رووی بەرهەمهێنانی رووداوەوە واقیعێکی قەیراناویەو بکەرو بەو پێیەش رووداو تیایدا ئامادەبوونیان نییە. هەر لێرەوە ئاشکرا دەبێت کە واقیعی دەرەوەی دەقەکە، یان ئەو واقیعەی کە دەقەکە پێوەی پەیوەستە واقیعێکی وەسفی وەستاوەو جێگای جووڵەو گۆڕانکاری و گواستنەوە نییە بە تایبەتی جووڵەو گۆڕانکارییەک کە لە هەناوی خۆیەوە سەرهەڵبدات و نەک هەر رووکەش بەڵکو ئەو واقیعە لە ناوەوەڕا بە ئاراستەی بەرەو دەرەوە هەمووی وەکو یەکەیەکی یەکگرتوو بگۆڕێت .

دوای پێشکەشکردنی وەرزەکان پێکەوە، دەقەکە لە ژێر ناونیشانی دووەمیدا وەسفی وەرزەکان دەکات، یان لەبارەیانەوە دەدوێت، لە کاتێکدا دەشیا وەرزەکان لە رووی ئەو رووداوانەی تیایاندا روودەدەن خۆیان نمایش بکردایەو خۆیان بناساندایە. قسەکەر سەرەتا بە وەسفی بەهار دەست پێدەکات:

**بەهارمان دێ و لە جیاتی نێرگزی دیاری**
**چۆڕاوگەی خوێن،**
**بەری دەرگای نەورۆز ئەگرێ.**
**لە یادی ناشتنی تەرمی دوێنێی پڕ لە نادیاری**
**لیستێکی تری قوربانی**
**لەبەردەم دەرکی سەرادا هەڵئەواسرێ.**

هەروەک بە دوای وەسفی بەهاردا بە ریز دێتە سەر وەسفی هاوین و دەڵێت:

**هاوین دادێ و**
**خۆری چلە ئارەقەی گڕی لێ ئەتکێ.**
**لێوی کانیاوەکان چین چین**
**بە دیواری خۆی هەڵئەستێ.**
**لە جیاتی سروەی پڕ بزەی**
**سەرچاوەی زەڵم و بادینان و شەقڵاوە،**
**گازو بۆمبا و فڕۆکەیە،**
**ڕەشماڵی مەرگی هەڵداوە..**

پاشان دێتە سەر وەسف و قسەکردن لەبارەی پایزەوەو دەڵێت:

**وا سەردەمی بەرەوچوونی سرووشتی وەرزی گەڵاڕێزانە**
**پەڵە چەواشەی ساڵێکی کەس نەزانە..**
**با هەڵوەرێخونچەی چاوی کووچەکانی ئومێدی شار**

**تازە، خۆزگەی عیشقی ئیمڕۆ**
**ناچێتەوە بەر هەوارگەی پارو پێرار.**

دوا وەرزی ساڵ زستانەو ئەویش باس و وەسفی خۆیی هەیە لە دەقەکەداو لەم بارەوە شاعیر دەڵێت:
**دیسان نۆرەی گەردەلوولی چەک لە شانی**
**خۆشەویستی هەڵچووی بەرەو ئەشکەوتە.**
**زستانە، شەوچەرەی هیوای**
**پێشمەرگەی ئەم کوردستانە لەتوپەتە،**
**بێدارییەو تێڕامانە لە یەکتری و نەنووستنە**
**بۆ وەرزی نوێ: ڕێگای بیرو چەکگرتنە.( ١٩٨٩).**

وەرزەکان وەکو کات بە دوای یەکدا دێن، بەڵام ئەگەر ڕووداویان تێدا تۆمار نەکرێت ئەوە لە ڕووی کاتەوە هیچ بایەخێکیان نابێت. هەروەک هاتن و تێپەڕینی وەرزەکان وەکو کات لەسەر زەمینەیەک، یان شوێنێک دیاری دەکرێت و مانای هەیە، ئەو زەمینەش بە گوێرەی دەقەکە، یان ئەو شوێنەیە کە دەقەکەی تێدا بەرهەم دێت، یان دەقەکە لێی دەدوێت و پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە دەقەکەوە هەیە. ئاشکرایە ئەو شوێنەی ئەم دەقە پێوەی پەیوەستەو لێی دەدوێت کوردستانە. بەڵام دیسان بایەخی شوێنیش تەنیا کاتێک گرنگەو پێناسەی هەیە کە ڕووداوی تێدا ڕوودەدات. لێرەدا بەئاشکرا دیارە کە شوێن و کات لە ڕوانگەی

ڕووداوەوە بـاس ناکریـن کـە مەبەسـتمان لـە ڕووداویـش ئەوەیـە کـە ببێتـە هـۆی گۆڕانکاری و گواسـتنەوە. بەڵکو کات و شـوێن لـەم دەقـەدا لـەو ڕوانگەیـەوە دەناسـێنرێن کە پێکەوە تیایانـدا مـەرگ، کارەسـات، وێرانـکاری بـاس دەکریـن، ئەویـش لـە شـێوەی گێڕانــەوە، یـان وەسـفکردندا. کـە لـە پشـتی ئـەم وەسـفکردنە تراژیدیایـەوە کەسـێتیەکی بەسـەرخۆدا شـکاوە هەیـەو ئـەو بـارە تفت و تاڵـە دەلاوێنێتـەوە. لە ڕاستیدا دەشـێ ئامانجی پشـتی ئەو لاواندنەوەیەش تەنیا بزواندن و وروژاندنی سـۆزو بەدەسـتهێنانی لایەنگیـری ئەوانـی دەرەوەی زەمینـەو مێژووی ئـەم تراژیدیایـە بێت. لەکاتێکدا ڕووداو بکەرێکی کارا لـە پشـتیەوە ڕاوەسـتاوەو خـۆی شـتەکان دەگۆڕێـت، بـەڵام ئەمە لەسـەر جوگرافیـای دەقەکـە نادیـارەو هـەر بەوپێیـەش بکەرێکی لـەو جـۆرە لـە دەرەوەی دەقەکەشـدا ئامادەبوونـی نییـە.

وەرزی یەکـەم کـە بەهـارە، چاوەڕوانـی ئـەوەی لێدەکرێـت کـە بـە گـوڵ و جوانـی جۆراوجـۆرەوە بێـت و ڕازاوەیـی خـۆی نمایـش بـکات، بـەڵام لەبـری ئـەوە هەواڵـی مـەرگ و لـە سـێدارەدانی لیسـتێکی تـر لـە قوربانییـەکان لەبـەر دەرکـی سـەرادا ڕادەگەیەنێـت. لێرەدا شووناسـی بەهـار کـە جوانـی و ئاهەنـگ گێڕانـە دەگۆڕێـت بـۆ فرمێسـک و ماتەمـی و پرسـە گێـڕان و زەمینـەی ئـەو پرسـە گێڕانـەش دیـاری دەکرێـت کـە بەردەرکی سـەرای سلێمانییە، کە بەردەرکی سـەرای سلێمانی لـە خۆیـدا هەڵگـری هێمـای ڕاپەڕیـن و بەرگرییـە، بـەڵام ئێسـتا دەبێتـە جێـگای هەڵواسـین.

هاوین کە وەرزی کشتوکاڵ و بەرهەمهێنان و کارو فرمانە لەم جوگرافیایەدا و کانی و چەم و روبارەکان کە سەرچاوەی بەرهەمهێنان و درێژەپێدەری ژیانی ئاساییین، لە لایەکی ترەوە جوانی و رەنگینی لەم وەرزە گەرم و وشکەدا دەبەخشنەوە، ئێستا لەبری هاژەو کەفچڕینی چەم و چالاکی و کارو جووڵە ئەم زەمینەیە شوێنی هێرشی فڕۆکەو بۆمباران و رشتنی گازی کیمیاویە. واتە ئەم وەرزەش لەبری بەرهەمهێنان گۆڕاوە بۆ مەرگ و وێرانکاری و لە ناوبردن. پایز کە وەرزی گەڵاریزانە، خۆی هێمای هێوری وماتەمە، ئەوەی ئاماژەیەک بە زیندوبوونەوەو دەستپێکردنەوەی ژیان دەدات لەم وەرزەدا بارانی پەڵەیە، ئێستا ئەویش چارەنووسی دیار نییە. لێرەوە نەک ئومێدی هەنگاونان بەرەو ئاسۆیەکی نوێ نابینرێت، بەڵکو پێشبینی بۆ تراژیدیای گەورەتر دەکرێت و باس لە بارێکی خراپتر لە ساڵانی پێشووتر دەکرێت.

وەرزی زستان کە بە گوێرەی ئەو زەمینەی دەقەکەی پێوەبەندە، هێمای ناکارایی و ساردوسڕی و جۆرێکە لە خۆ حەشاردان بە مەبەستی خۆپاراستن، ئەویش لە جوگرافیای دەقەکەدا زیاتر فەزای گشتی دەقەکە دەچەسپێنێت و لە ئیقاعێکی کپدا باسی پاشەکشەی ئەوانە دەکات کە دەشێ هیوای گۆڕانکارییان لەسەر بنیاد بنرێت. ئەوان بەخۆیان و چەکەکانیانەوە دەکشێنەوە بۆ ئەشکەوت، ئەشکەوتیش دەلالەتی خۆحەشاردان و چوونە باری سڕبوون هەڵدەگرێت.

لەپاڵ ئەوەشدا زمانی یەکەمی دەقەکە بێ هیوابوونی ئەم کەسێتیە، یان ئەم هێزە لە ئەنجامدانی کار، یان دروستکردنی رووداو نیشان دەدات. ئەمەش هاوشانە لەگەڵ ئەو فەزا کارەساتبارو پرسەییەی کە باڵی بەسەر جیهانی دەقەکەدا کێشاوەو لە راستیدا پێشبینی مەرگەساتی زیاترو ترسناکترو فراوانتری لێدەکرێت. هەرچەندە لە کۆتایی وەسفی وەرزی زستاندا تروسکەی هیوایەک بۆ رابوونەوە نیشان دەدرێت بەڵام پێدەچێت ئەوە تەنیا وەکو جۆرێک لە هەوڵدان بێت بۆ رێگرتن لە هەرەسی زیاتر، یان تەواوەتی.

بەگشتی ئەو رووبەرە لە جوگرافیای دەقەکە بەرجەستەی بارودۆخێک دەکات کە ناکارایی و بێ هیوایی باڵی بەسەردا کێشاوەو پێکهاتەی زمانی دەقەکەش بەرجەستەی ئەو بارە بێ جووڵەیە دەکات و لە رێگای وەسفکردنەوە فەزایەکی کپ و خامۆش پێشکەش دەکات و لەبری جووڵەو کار لە رێگای وەسفی بەردەوامەوە جیهانێک بەرجەستە دەکات کە رووتکراوەیە لە کارو رووداو. تەنانەت کەسێتی ئامادەی نێو جوگرافیای دەقەکە تەنیا لە رێگای وەسفکردنەوە دەناسێنرێت و خۆی هیچ جووڵەو چالاکییەکی نییە هەتا جووڵەو چالاکی و کارەکانی ببنە بنەما بۆ ناساندن و دیاریکردنی شوێن و پێگەکەی و لەوێشەوە لە ئەنجامی جووڵەو کاردا بەرەو بوون بە بکەر بچێت. ئەم باری ناساندنە لە رێگای وەسفکردنەوە هاوشانە لەگەڵ ئاراستەی ئیقاعی دەقەکەدا کە ئیقاعێکی کپ و روو لە دابەزینە کە

ئـەوەش دەلالەتـی رووخـان، یـان دەسـتبەرداربوون، یـان مـردن و شـۆڕبوونەوە بۆ نێو گۆڕ هەڵدەگرێت. ئـەم ئەگەری روخـان و شـۆڕبوونەوەیە بـەرەو گۆڕ لـە بنیادی زمانـی ئـەم بەشـەدا بەرجەسـتە دەکرێت، ئەگەرچی لەراسـتیدا ئـەوەی لـە بنیـادی زمانـی دەقەکـەدا بەوجۆرە کاری کـردووە بریتیـە لـە رووبـەری نائاگایـی و نەست کـە ئـەوەش بنەمایەکی دروسـتە بـۆ بەرهەمهێنانـی شـیعریەت و رۆڵبینینـی ئـەو فاکتـەرو رووبەرانـەی کـە پەیوەسـتن بـە بەرهەمهێنانـی شـیعرەوە.
لـەم بەشـەی دەقەکـەدا ئـەم دەربڕینانـە ئـەو بـاری بێ هیوایـی و رۆچوونـە بـەرەو خـاک نیشـان دەدەن ( چۆڕاوگـەی خوێن بـەری دەرگای نـەورۆز ئەگـری، ناشـتنی تەرمـی دوێنـێ، قوربانـی لەبەردەمـی دەرکـی سـەرادا هەئەواسـرێ، خـۆری چلـە ئارەقـەی گـڕی لـێ ئەتکێ، رەشـماڵی مەرگـی هەڵـداوە، سـەردەمی گەڵاڕێزانـە، پەڵـە چەواشـەیە، هەڵـوەرێ خونچـەی ئومێـدی شـار، هیـوا لـەت و پەتـە..). ئـەم وێنـەو کۆمەڵـە دەربڕینانـە لـەم بەشـەی دەقەکـەدا پێکـەوە کاردەکـەن بـۆ بەرجەسـتەکردنی بـاری شکسـت و مەرگەسـات کـە خاسـێتی ئاشـکرای فـەزای دەقەکەیـە، وەکـو ماتەمینـی و ئیقاعـی کـپ و ئاراسـتە دابەزین و هەمـوو ئەمانەش پێکەوە وەسـفی کەسـێتی ئامـادەی سـەر جوگرافیـای دەقەکـە دەکـەن کـە تەنیـا وەکـو نـاو لـە روانگـەی وەسـفەوە بوونـی هەیـە. هەمـوو ئەمانـەش پێکـەوە بەرهەمهێنـی جیهانبینـی گشـتی دەقەکـەن کـە تیایـدا ئاسـۆی ئاینـدە ونـەو ئاماژەیەکـی ئاشـکرا بـۆ ئایندەخـوازی

و باڵادەستبوونی هێزی ژیاندۆستی نابینرێت. ئەم فەزا گشتیەش هاوشانە لەگەڵ فەزای دەرەوەی دەقەکەدا بە تایبەتی لەو قۆناغەدا کە دەقەکە بەرهەمهاتووە، یان ئەو قۆناغەی کە دەقەکە لێی دەدوێت. لە ڕێگای خوێندنەوەی زمانیی دەقەکەوە بێ لەبەرچاوگرتنی ئەو مێژووەی کە لە شوێنێکی دەقەکەدا دیاریکراوە، دەقەکە باس لە ماوەیەکی کاتی دەکات کە دەکەوێتە دوای بەکارهێنانی چەکی کیمیای و ئەنفالکردنی کوردستانەوە. ئەو باری مەرگەسات و پرسەئامێزەی کە دەقەکە بەرجەستەی دەکات بەجۆرێک ڕەنگدانەوەی ئەو واقیعەی دەرەوەی دەقەکەیەو دەشێ هۆکارێکی تریش ڕۆڵی هەبووبێت لە زیاتر چڕکردنەوەی ئەو تراژیدیایەدا ئەویش دووری شاعیر لە زێدو شوێنی خۆیەوەو تەنیا بیستن، یان بینینی کارەساتەکە لە دوورەوە زیاتر هۆکاری ڕۆچوون و خۆخواردنەوەو تێڕامانی ئەنجامی ماتەم بێت کە ئەوەش ڕۆڵی بینیبێت لە بەرهەمهێنانی پرسیارو جیهانبینییەکی لەم جۆرەدا کە مەرگدۆستی باڵی بەسەردا کێشاوە.

دواین بەشی ئەم دەقە کە بە ناونیشانی (ڕازێکی هەتیوو کەوتوو)ە، درێژەپێدەری هەمان فەزای مەرگەسات و پرسەیەو لە ڕێگای زمان و چەندین وێنەوە وێنای کەسێتی ئامادەی سەر جوگرافیای دەقەکە دەکات و بە هەمان شێوەش ئەو کەسێتیەی وێنادەکرێت کەسێتیەکی وەستاو و بێ جووڵەیەو تەنیا لە رووی دەرەوە باس دەکرێت و

لەو ڕێگایەشەوە زیاتر ناکاراییی ئەو کەسێتیە دەردەخرێت. بەوەش کۆتایی دەقەکە دەبێتە هاوشێوەی دەسپێک و ئەو کەسێتیەی لە دەستپێکدا بەرجەستەکراوەو تەنیا لە ڕێگای وەسفکردنەوە نیشان دەدرێت و هیچ کارو جووڵەو چالاکییەکی نییە، بەهەمان شێوەی خۆی ماوەتەوەو لە پانتایی دەقەکەدا توانای هەڵهێنانی هەنگاوێکی نەبووە. ئەم کەسێتیە ناکارایە لە ڕوانیندا بۆ دەرەوەی دەقەکە هاوشێوەی تەواوی هەیە کە ئەویش پێکهاتەی کۆمەڵایەتی دەرەوەی ئەو زەمینەو واقیعەیە کە دەقەکەو تەنانەت بەرهەمهێنی دەقەکەش پێوەی پەیوەستە. خاسێتی دیاری ئەم دەقە شیعریە ئەوەیە کە لە کاتێکدا بەشێکی دیار لە شیعری ئەو قۆناغەی بەرهەمهێنی ئەم دەقەی تێدا ژیاوە، دروستکردنی پاڵەوانی وەکو ئامانجی سەرەکی پەیڕەو کردووە لەسەر جوگرافیای دەق، ئەم وێنەیەکی واقیعی کەسێتی سەر جوگرافیای دەرەوەی دەقەکە وێنا دەکات کە بێجگە لە جووڵەی سنووورداری ژێر کاریگەری کاردانەوە، لەبارێکدا نییە کە بتوانێت ببێتە بکەرێکی ڕووداو دروستکەر. واتە ئەم دەقە شیعریە جیهانێک بەرجەستە دەکات کە هاوشێوەی جیهانی دەرەوەی دەقەکەیە و لە کاتێکدا شیعر وەکو بەرهەمی خەیاڵ و ئەندێشەو نەست دەشێ یۆتۆپیا بنیاد بنێت و لەو یۆتۆپیایەشدا پاڵەوان و بکەری ڕووداو دروستکەرو مێژوو بەرهەمهێن بخوڵقێنێت، بەڵام ئەم دنیایەکی خەماوی و کارەساتبارو پرسە ئامێز دەخوڵقێنێت

و پرسی سەرەکی وابەستەی دیدی مەرگدۆستی دەکات و بەئاشکرا دیدی ژیاندۆستی پاشەکشەی پێدەکرێت. شاعیر لە دوابەشی ئەم دەقەدا دەڵێت:

**لەناو شەوی**
**باستیلی سنگی کپکراوی هەناوما.**
**هەزاران دەنگ**
**هەزاران ڕەنگ**
**بۆ هاتنە دەرەوە**
**بۆ باڵە فڕە..واقیان وڕماوە**
**بۆ تەقینەوەی**
**دوا بە یەکی دوومەڵ و گرێکان**
**چنگی ڕقیان**
**لە بینی هەناسەی سوارم گیراوە**
**سیەکانم بزمارڕێژی**
**ئازارێکی بێدەسنوێژن**
**شادەمارە بێ خوێنەکان**
**تەمەن لەناو ژەنگی خۆخواردنەوەی**
**گڕی بێ هەناسەی خۆرا ئەنێژن**
**وەکو خەرمان**
**وەکو ڕووبار**
**وەکو گوڵی سیس و ژاکاو**
**وەکو پەڵەهەوری ژەنگار**
**وەکو گریانی خاکێکی بەیار**

**وەکو ڤێتنام**
**ئەم گرێنن**
**لەگەڵ خۆما**
**لەگەڵ دوا گۆڕی تینیوێتیما.**

شاعیر، یان کەسێتی ئامادەی نێو دەقەکە کە لە هەمان کاتدا قسەکەرە، لەبارەی خۆی و ئەو بارودۆخەوە دەدوێت کە تیایدایەو لەو رووەشەوە وێنای کەسێتیەکمان بۆ دەکات کە نەک هەر ناکاراو بێ جووڵەیە، بەڵکو ئاواتەکانی نابن بە دەنگ، خۆزگەکانی نابن بە رەنگ و جووڵەکانی نابن بە هەنگاو. هەموو ئەمانە لە ناخیدا پەنگ دەخۆنەوەو سەرکوت دەکرێن و ئەم سەرکوتکردنەش لەلایەک ناڕاستەوخۆ ئاماژە بۆ بوونی بەربەستی دەرەکی دەکات لە بەردەمیاندا، لە لایەکی تریشەوە ئاماژەی ئەوە هەیە کە خۆیان هێزو وزەی ئەوەیان نەبێت کە گوزارشت لە خۆیان بکەن و خۆیان دەرببڕن. دیارە لە هەردوو بارەکەشدا هۆکاری دروستنەبوونی دەنگ و خۆنمایش نەکردنی هیواو ئاواتەکان دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی پێگەی ئەم کەسێتیە خۆی. هەروەک خۆیشی باس لە لاوازی و ناکارایی خۆی دەکات و نەک هەر تواناو لێهاتوویی ئەوەی نییە کە دەنگی هەبێت و لە رووی دەنگ و جووڵەو دروستکردنی رووداوەوە گوزارشت لە خۆی بکات و بوونی خۆی بسەلمێنێت کە ئەوەش لە قۆناغی بوون بە بکەردا دەگاتە ئەنجام، بەڵکو لاوازی و

ناکارایی بۆ نمایشکردن و خۆسەلماندن دەیخەنە بارێکی لاواز ترەوە، ئەویش ئەوەیە بەسەر تەرمی ناکارایی خۆیدا بگری. ئەم ناکارایی و فەزای خەم و مەرکەسات و پرسەیە لە رێگای زمانی دەقەکەوە گوزارشتی لێدەکرێت و لەپاڵ ئەو فەزای مەرگەساتەدا، کەسێتیەکی ناکاراو نائامادە لە رووی دروستکردنی رووداوەوە هەیە کە ئامادەبوونەکەی لە رووی وەسفی شکستەکانی و ناکارییبوونییەوە نیشان دەدرێت.

لەم بەشەی دەقەکەدا دیسان زمان رۆڵی کاریگەر دەبینێت لە بەرجەستەکردنی تابلۆیەکی وەسفیدا کە خەم و گریان و مەرگەسات و جۆرێک لە پرسە نیشان دەدات واتە تابلۆیەک کە بێ دەنگی و خامۆشی و بێهیوایی باڵی بەسەردا کێشاوەو رووتکراوەیە لە هەر سیمایەکی ژیاندۆستی و ئەمەش لەگەڵ فەزای گشتی دەقەکەدا هاوشانە کە فەزایەکی تراژیدیە. ئەم دەربڕینانە بەگشتی بەرهەمهێنی فەزای پرسەو ئیقاعی کپ و ئاراستە نزمبوونەوەیە.

(شەوی کپکراو، دەنگ و رەنگی واق وڕماو، چنگی رق، هەناسەی سوار، سنگی بزمار ڕێژ، شادەماری بێ خوێن، ناشتنی تەمەن لەناو ژەنگی خۆخواردنەوەی گڕی بێ هەناسە، گوڵی سیس و ژاکاو، پەڵە هەوری ژەنگار، گریانی خاکی بەیار، سووتان، گریان، هەناسەی تینیوێتی ). ئەم وێنەو دەربڕینانە کە ئاماژەیەک بۆ زیندووبوونەوە، یان تەنانەت بۆ مانەوەش ناکەن، سەرەتاو کۆتایی ئەم

چەنـد دەقـە پێکـەوە دەبەسـتن و هەرئـەوەش هـۆکارە بـۆ ئـەوەی ئێمـە وەکـو یـەک دەق سـەیری ئـەم چەنـد دەقـە بکەین. دەقەکە لە یەکەم بەشـەوە لـە مەرگەسـاتەوە دەست پێـدەکات و دوابەشـیش هـەر بـە مەرگەسـات کۆتایـی دێت. ئەمـەش مانەوەیـە لەسـەر بازنەیەکـی داخـراو کـە لـە رێگای هاوشـانبوون و لێکچوونـەوە بەرهـەم دەێت، کـە ئەویـش لـە چوارچێوەی وەسفدا دەگاتـە ئەنجام. نەگۆڕان، یان نەبوونی لادان لـە جوولـەی بازنەیی دەقەکەدا بەرهەمـی ئـەو شـێوازە جوولەیـە، واتـە مانـەوە، یان خولانەوە لەسـەر بازنەی داخراو کە لـە راسـتیدا مانـای نەبوونـی جوولـەو نەبوونـی رووداوەو ئـەوەش مانـای نەبوونـی بکـەری رووداو دروسـتکەرەو ئـەوە دەگەیەنێـت کـە ئـەم پێکهاتـە زمانییـەش هەڵگـری دەلالەتـی وەسـتان و ناکارایـی و مانەوەیـە لـە دەرەوەی جوولـەو رووداو کـە ئـەوەش مانـای مانەوەیـە لـە دەرەوەی مێـژوو. دوابەشـی دەقەکـە باسـی ئـەوە دەکات کـە چـۆن لـە ناخـی ئەمدا دەنگ و رەنگ کە دەشـێ مەبەست ئومێدو هیوا بێت دەیانەوێت خۆیـان نمایش بکـەن و خۆیان رابگەیەنن، بـەڵام لەبـاری شـلۆقی نەتوانینی بڕیاردانـدا وەسـتاون بـە مەبەسـتی ئـەوەی خۆیـان ئاشـکرا بکـەن و گەوهـەرو ماهیەتـی خۆیـان دەربخـەن و بەربەسـتەکانی بەردەمیـان رابماڵـن، چڕنووک لـە ناخـی ئـەم گیردەکـەن و لەلایـەک خۆیـان ناتوانـن دەربازبـن، لەلایەکـی تریشـەوە بەتوونـدی لـە ناخـی ئـەم دەئاڵیـن و بـە ئاراسـتەی کوشـتن کاردەکـەن، واتـە کوشـتنی خۆیـان کـە

ئـەوەش لەبارێکـی تـردا کوشـتنی ئـەو کەسـێتیە خۆیەتـی. ئـەم پرۆسێسـی بـەرەو کوشـتنەش لـە چەندیـن لێکچوونـدا نیشـان دەدرێت، لەوانـەش( وەکـو خەرمـان، وەکـو رووبـار، وەکو گوڵـی سیس و ژاکاو، وەکو پەڵـە هـەوری ژاکار، وەکو گریانـی خاکێکی بەیـار،.. ئەمسـووتێنن، ئەمگرێنـن).
لێرەدا لێکچواندنـی ئـەوی مرۆڤـ بـە رەگەزەکانـی سرووشـت دەبینرێت. سرووشـت وەکـو ناوەنـد، یـان چـەق دادەنرێت و ئەمـی مرۆڤـ بـەو چەقـە، یـان ناوەنـدە لێکچواندنـی پێدەکرێت، بەڵام شێوەی لێکچواندنەکە لە بری بەکەسکردنی رەگەزەکانی سرووشـت بێـت بەشـتکردنی مرۆڤـە. ئەمـەش جیـاوازە لـە شـێوەی باوی لێکچواندن لای زۆرێک لە شـاعیرانی رۆمانسـی و لـە شـیعری کوردیشـدا لای گـۆران کـە لای گـۆران کاتـێ مـرۆڤ لێکچواندنـی پێدەکرێت بـە سرووشـت و رەگەزەکانـی سرووشـت، بۆ ئەوەیـە لـە رێگای ئـەو لێکچواندنـەوە جوانـی و پڕبەهایـی مـرۆڤ دەربخـات، بـەڵام لێـرەداو لای (جەلالـی میـرزا کەریـم) لێکچوانـدن لـە نێوان حـەزو خۆزگەکانـی ئەم و چۆنێتـی روخانـدن و لەناوبردنـی رەگەزەکانـی سرووشـتدایە بـە جوانییەکانیانـەوە. ئـەم لێکچواندنـەش بەشـداری دەکات لـە زیاتـر بەرجەستەکردنی کۆتایـی مەرکەسـات ئامێزو پرسـەیی دەقەکـەدا کـە چۆن لەسـەرەتاوە بـەو فـەزاو دیمەنـە خەمـاوی و تراژیدیایـە دەسـت پێدەکات، بەهەمـان ماتـی و مەرگەسـات و تراژیدیـاش کۆتـای دێـت. ئەمـەش زیاتـر مانـەوە لەسـەر چێوەی هەمـان بازنـەی داخـراو نیشـان دەدات و هیچ لادانێک،

یـان هیـچ دابڕانێـک نـە لـە رووی زمانـی و نـە لـەرووی جیهانبیـەوە لـە جوگرافیـای ئـەم دەقـەدا دروسـت نابێت.
شـاعیر لـە درێـژەی ئـەم دەقـەدا کەسـێک، یـان گوێگرێـک دەدوێنێت کـە لـە ئاسـتی یەکەمـی دەقەکـەدا وەهـا دەبینرێت کـە کەسـێکی ئامادەیـە، یـان گوێگرێکە لـە جوگرافیای دەقەکەدا دەژی و دەجوڵێـت و شـاعیر، یـان قسـەکەری شـیعرەکە راسـتەوخۆ ئـەو دەدوێنێـت، بـەڵام لـە راسـتیدا شـاعیر، یـان قسـەکەر هـەم خـۆی بەرهەمهێنـی دەقەکەیـەو هـەم خۆیشـی لـە شـوێن و پێگـەی گوێگردایـە. ئەمـەش ئـەوە دەگەیەنێـت کـە ئـەم دەقـە جۆرێـک لـە خۆدواندنـی شـاعیرە، یـان لـە رێـگای زمانـی دەقەکـەوە شـاعیر لـە خـۆی و لـەو کێشـانە دەدوێـت کـە لـە بوونـی خۆیـدا دەژیـن. بـەڵام ئاشـکرایە کـە لـەم رووەوە کێشـەو بابەتەکانـی کـە لێیـان دەدوێـت زیاتـر سـیمای بابەتیبوونیـان هەیـەو بەلایەنـی کەمـەوە وەکـو کێشـەی مرۆڤــ لـەو جوگرافیایـەدا دەردەکـەون کـە دەقەکـە پەیوەنـدی پێـوەی هەیـەو وەکـو بەرهەمهاتـووی سـەر ئـەو رووبـەرە دەردەکەوێت. ئەمـەش ئـەوە دەگەیەنێت ئـەم دەقـە هاوسـەنگیەک لـە نێـوان خـود وەکـو بەرهەمهێنـی دەقەکـەو بابـەت وەکو ئـەوەی دەقەکە لێیدەدوێت و پێوەی پەیوەسـتە پێکدەهێنێـت. واتـە شـاعیر کێشـەکانی نـاو ئـەو واقیعـەی کـە زەمینـەی بەرهەمهێنانـی دەقەکەیـە دەهێنێتـە نـاو دەقەکـەوەو دەیکاتـە بنەمـاو رەگـەزو پایـەی سـەرەکی بنیادنانـی دەقەکەی. هـەر لێرەوە هەرچەنـدە دەقەکـە دەربـڕی راسـتەقینەی ژان و

تێڕامان و تێڕوانین و بۆچوونەکانی شاعیرە، لە هەمان کاتدا ڕەگەزەکانی دەرەوەی دەقەکە دەبنە پایەی بەرهەمهێنانی ئەم دەقەو ڕۆڵ دەبینن لە بەرهەمهێنانی پرسیارەکانی ئەم دەقەو لەبەرهەمهێنانی جیهانبینی دەقەکەدا.
زمانی دەقەکە زمانێکی کوردی پاراو و بێ گرێیە و زیاتر زمانێکی وەسفیەو لە نووسینی دەقەکەشدا بە ئاشکرا دیارە کە لە ئاستی یەکەمدا بوونی مۆسیقاو پێکەوە گونجاندن و دروستکردنی وێنە و خوازەو لێکچوون و بەرامبەر و دژو هاوتا لەبەرچاو گیراوەو کار بۆ بەرهەمهێنانیان کراوەو بوونی ئەمانەش پێکەوە بەشداری ئاشکرا دەکەن لە بەرهەمهێنانی شیعریەتی دەقەکەدا. لە ئاستی دووەمیشدا ماناو دەلالات و جیهانبینی دێت کە زمان ئەرکی بەرجەستەکردنی ئەم ئاستەیان دەبینێت و لێرەشەوە جۆرێک لە هاوڕێکی لە نێوان ئەم دوو ئاستەدا پێکدێت. واتە هاوڕێکی، یان هاوتابوون لە نێوان ئاستی زمان و ماناو دەلالات و لە پشتی ئەمانەشەوە پرسیاری دەقەکەو جیهانبینی دەقەکە بەرهەم دێت کە ڕاستەخۆ دەتوانین بڵێین ئەم دەقە بەرجەستەی مێژووی کەسێتیەکە کە هەر لە دەستپێکەوە شکست و خەم و کارەسات و وێرانکردن و ڕوخاندن و مردن و لەناوچوون بوونی ئەوی گرتووەتەوە و ئەم بارەش تا کۆتایی دەقەکە بەردەوام دەبێت. واتە لە کاراساتەوە بۆ کارەسات، یان بەردەوام خولانەوە لەسەر بازنەیەکی داخراو کە ئەمەش دەلالەتی دەرەوەی مێژوو

هەڵدەگرێت و کەسێتی ئامادەی سەر جوگرافیای دەقەکە کە ئێمە لە ڕێگای وەسفکردن، یان دواندنەوە دەیناسین، بەڵام کەسێتیەکی ناکاراو نائامادەیەو توانای دروستکردنی ڕووداو، یان جووڵەی نییە. ئەمەش لە ئاستی دەقەکەو لە سنووری دەقەکەدا ئەمی قسەکەر، شاعیر، یان گوێگرو وەرگرە کە هەموویشیان هەمان کەسن و لە دەرەوەی مێژوون. لە گەڕان بە دوای شووناسی ئەو کەسێتیەدا دەردەکەوێت کە ئەوە کەسێتی کوردە لە مێژوودا کە تاوەکو ئێستاش لە پەراوێزدا ماوەتەوەو توانای لادان، یان گۆڕانکاری نییە.

ئەگەر سەرنجی ناونیشانی سەرەکی ئەم دەقە شیعریە بدەین و بمانەوێت پەیوەندییەک لە نێوان ئەم ناونیشانەو ناونیشانە دووەمیەکانی بەشەکانی دەقەکەدا بدۆزینەوە، ئەوا بەئاشکرا دەگەینە دەرئەنجامێک کە دەقەکە سەربارى بەشکردنی بۆ چەند کۆپلەیەک و پێدانی ناونیشانی دووەمی بەهەریەکە لەو کۆپلانە، بەڵام داوێکی بەهێز هەموو پێکهاتەی دەقەکە لە دوو ئاستدا پێکەوە دەبەستێت کە ئەیش ئاستی زمان و ئاستی گوتارە. زمانی دەقەکە زمانێکی وەسفیە و گێڕانەوەیە کە گێڕانەوە لە ڕووی ڕاستیەوە ڕەگەزی نووسینی پەخشانییە واتە چیرۆک و ڕۆمان، بەڵام باڵادەستبوونی فەزای وەسفکردن لە دەقەکەدا زەمینەی بۆ گێڕانەوە خۆشکردووەو گێڕانەوەش بە زمانێکی پاراو و بە ئیقاع و مۆسیقای ناوەوە بەشداری کردووە لە بەرهەمهێنانی جوانی

بنیادی زمانی دەقەکەدا کە ئەوەش لە ڕێگای وێنەی شیعری و لێکچوون و بەرامبەرو هاوتا کردنەوە گەیشتووەتە ئەنجام. لە ئاستی گوتاریشدا دەقەکە بەرهەمهێنی گوتارێکی شیعریە کە زیاتر گوتاری شکست، یان پارچەبوون، یان توانەوەو لەناوچوونە، کە ئەوەش هاوشانە لەگەڵ شکستی بکەری دەرەوەی دەقەکەدا.

ناونیشانی سەرەکی دەقەکە کە ئێمە وەکو پێشنیار بۆ پێکەوەبەستنی بەشەکانی دەقەکە داماننناوە، لەگەڵ ناونیشانە دووەمیەکاندا بەشداری بەرهەمهێنانی ئەو گوتارە دەکەن و لە ئاستی بینراو و نەبینراو، یان لە ئاستی دیارو نادیاردا هەڵگری دەلالەتی شکست و توانەوەو لەناوچوونن ( خەمنامە، تەمەنی خەم، گۆرانی ڕێبوارێکی یاخی، چوار ئەفسەرە لەسێدارەدراوەکە، وەرزەکان، کە لایەنی تاریکی وەرزەکان باس دەکات، رازێکی هەتیوو کەوتوو ). ئەم ناونیشانە دووەمیانە بە ئاشکرا دیارە لە زاوزێکردنی ناونیشانی سەرەکی دەقەکەوە کەوتوونەتەوەو دروستبوون. دەقەکەش لە نێوان دواندنی کەسی یەکەمی تاک و دواندنی بۆ کەسی دووەمدا ئاڵوگۆڕ دەکات کە کەسی دووەمیش بێجگە لە گوێگرێکی وەهمی هیچی تر نییە و دروستکردنی گوێگرە بۆ ئاخاوتنەکانی کەسی یەکەم، یان قسەکەری شیعرەکە کە ئەویش لە روانگەی تاکەکەسی خۆیەوە وەکو زات دەدوێت. بەڵام فەزای گشتی دەقەکە سیمای بابەتیبوون بە ئاستی دەربڕین دەبەخشێت و لە بری گوتاری تاکەکەس، یان

گوتارێکی زاتی -Subjective Discourse- گوتارێکی گشتی، یان بابەتی -Objective Discourse- بەرهەم دێت. کە ئەویش هاوشان، یان هاوتای گوتاری شکستە لە دەرەوەی دەقەکە، کە لە مێژووی بەرهەمهێنانی دەقەکەدا کە لە ساڵی. ۱۹۷۰ بۆ ۱۹۸۹ دەگرێتەوە بریتیە لە جەنگی لە ناوبردنی کەسێتی دەرەوەی دەقەکەو وێرانکردنی خاک و نیشتیمانەکەی بە هەموو جۆرە رێگایەکی نامرۆڤانەو دڕندانە.
ئەم ناونیشانە دووەمیانە لە ئاستی ماناو لە رووی واتاییەوە پێکەوە بەستراون و دەستپێک و کۆتایی دەقەکە پێکەوە گرێ دەدەنەوەو لەوەشدا جووڵەی ئاشکرا، یان لادان لە لە جوگرافیای دەقەکەدا نابینرێت، یان روونادات، بەڵکو خولانەوە هەیە لەسەر بازنەیەکی داخراو کە ئەمەش لەلایەک هاوتایە لەگەڵ نەبوونی لادان لە زمانداو زمانی دەقەکە یەک ئاستی هەیە کە زمانێکی کوردی پاراوەو زۆرینەی رستەکان رستەی راگەیاندنن و فرمانیشیان تێدا نییە، یان زۆرینەی رستەکان فرمانی ناتەواوی دیاری تێدایە، یان فرمانە ناتەوەوەکەش تەنیا لە ئاستی سرپەدا بوونی هەیە کە ئەوەش لاوازی کارو رووداو لە پانتایی دەقەکەدا بەرجەستە دەکات و زەمینەش بۆ باڵادەستبوونی رەگەزی وەسفکردن خۆش دەکات. لەم وەسفەشدا وشەی سەرەکی، یان تەوەریی لە دەقەکەدا وشەی (خەم)ە، واتە بنیادنانی دەقەکە بە دەوری ئەم وشەیەدا دەسوڕێتەوەو ئەم وشەیە بووەتە تەوەر، یان چەق کە لە خۆیشیدا هەڵگری ماناو

دەلالاتی وێرانکاری، خوێن، مەرگەسات، پرسە، لەناوچوون و نەمان هەڵدەگرێت. هەر ئەم وشە تەوەرییە کە بووتە چەق لە دەقەکەدا ئامانجی دەقەکە دیاری دەکات کە ئامانجێکی سیاسی کۆمەڵایەتی کەلتوورییەو لاواندنەوەیە بۆ شکست لەم بوارانەدا کە ئەویش لە ئاستێکی تردا بریتییە لە قەیرانی مرۆڤی بە بکەربوو لەسەر ئەو جوگرافیایە کە لە ئاستی یەکەمدا جوگرافیای دەقەکەیەو لەوێشەوە بۆ ئاستی دووەم قەیرانی بوونی بکەرە لە جوگرافیای دەرەوەی دەقەکەدا. واتە دەقەکە لە ئاستی قووڵدا لاواندنەوەیە بۆ شکستی بکەر، یان مرۆڤی کاراو رووداو دروستکەر لەو جوگرافیایەدا کە دەقەکە لێی دەدوێت، یان پێوەی پەیوەستە. ئەمەش هاوتایە لەگەڵ گوتاری دەقەکەدا کە گوتاری شکست و توانەوەیە.

**٢٠١٨ سلێمانی**

# «شەوێک لە شەوانی سیمرخ»ی سەڵاح شوان لە نێوان ئەفسانە و واقیعدا

«شەوێک لە شەوانی سیمرخ» ناونیشانی شیعرێکی درێژ و دیاری سەڵاح شوانە، کە لە ساڵی ١٩٧٧ دا نووسیوێتی و دواتر بڵاویکردووەتەوە. پێش ئەوەی بێینە سەر خوێندنەوەو شیکردنەوەی دەقەکە، پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە ئەم شیعرە وەکو ناسنامەی ئەم شاعیرەی لێهاتووەو کاتێ ناوی سەڵاح شوان دێت، خوێنەی شیعری کوردی لە رووی یادەوەرییەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەم شیعرە درێژەی ئەم شاعیرە کە لە رووی بنیادی شیعری و رەگەزەکانی بەرهەمهێنانی شیعرێتەوە تایبەتمەندی خۆیی هەیە. ئەوەش دواتر لە درێژەی شیکردنەوەی دەقەکەداو لە رێگای کردنەوەی کۆدەکانی ئەم دەقەوە زیاتر ئاشکرا

دەکرێت. لەم خوێندنەوەیەدا تایبەتمەندییەکانی ئەم دەقە لە هەردوو ئاستی بنیادی زمانی و بنیادی جوانناسیدا، ئاخاوتن دەکەین. هەروەک لە ئاخاوتنی ئەم دوو ئاستەدا باسی هەرەمی زنجیرەیی مانا دەکەین وەکو چەمکێکی لێکدانەوەی دەقی شیعری.

بەڵام بۆ ئەوەی ڕێگای چوونە ناو دەقەکەو کردنەوەی کۆدەکانی و دیاریکردنی پرسیارەکانی بدۆزینەوە، پێویستە ئەم پرسیارانە بەرز بکەینەوە. کێ شیعرەکەی نووسیووە؟ کەی و لەکوێ؟ ئایا ژیانی تایبەتی شاعیر ئاماژە بۆ هیچ تێڕوانینێکی تایبەتی لەسەر شیعرەکە دەکات؟ ئایا ئەو زەمینەی شیعرەکەی تیادا نووسراوە لە ڕووی کەلتووری و عەقڵی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و دەروونییەوە چ جێکەوت و ئاسەوارێکی لەسەر بنیادی دەقەکە و پرسیار و جیهانبینی دەقەکە هەیە؟ قسەکەری شیعرەکە کێیە؟ کام ڕەگەزە؟ بەکام ڕاناو قسەدەکات؟ ئایا قسەکەر ڕاستەوخۆ قسە بۆ کەسی دووەم دەکات، یان قسە بۆ گوێگری نادیار، یان نائامادە دەکات؟ ئایا دەنگی قسەکەر دەنگیکی گشتیە بۆ گوزارشتکردن لە بوویەک کە مرۆڤایەتیە، یان گوزارشتکردنێکی ناوچەیی و ئاخاوتن و دواندنە لەبارەی کێشەی ناوچەیی، یان کەسیەوە؟ ئایا ئەتمۆسفیری دەقەکە چۆنە و چیە؟ ئایا تۆنی، یان ئیقاعی -هەڵوێستی شاعیر- بەرامبەر بە بابەتەکە چیە؟ جۆرەکانی وێنە بە تایبەتی وێنەی ئەبستراکت و کۆنکرێتی چۆنن؟ هەروەها

ئایا بیرۆکەی سەرەکی دەقەکە چیە و رەگەزەکانی زمان لە وشە و گرێ و رستەو کێش و سەروا و ئیقاع.. چ رۆڵێک دەبینن لەبەرهەمهێنانی شیعریەتی دەقەکەدا؟ ئایا وێنەی شیعری و خوازە و رەگەزدۆزێ و لێکچوون و دووبارەبوونەوە و لە پشتی هەموو ئەمانەشەوە هاوتابوون و دژیەک چی دەورێک دەبینن لە بنیادی شیعرەکەدا و لەبەرهەمهێنانی شیعریەتی دەقەکەدا و هەموو ئەمانەش چۆن پرسیار و جیهانبینی دەقەکە بەرهەمدەهێنن و بەرجەستە دەکەن؟ گەڕان بە دوای لێکدانەوە و راڤەکردنی دەقەکەدا بە مەبەستی دۆزینەوەی وەڵامی کۆی ئەم پرسیارانە و چەندین پرسیاری تریش یارمەتیدەر دەبێت بۆ دۆزینەوەی پرسیاری دەقەکە و چۆنێتی ئاراستەکردنی و لەوێشەوە ئاشکراکردنی جیهانبینی دەقەکە.

ناونیشانی دەقەکە ( شەوێک لە شەوانی سیمرخ)، کە تا ئەندازەیەکی ئاشکرا ناونیشانێکی نوێ، یان نامەئلوفە لە ناوەندی ئەدەبی کوردیدا، چیمان لەبارەی دەقەکەوە پێدەڵێت؟ ئایا ئەم ناونیشانە مانایەکی ئاشکرای هەیە؟ ئایا ئەم ناونیشانە هیچ دەلالەتێکی مێژوویی، کۆمەڵایەتی، ئایینی، ئەفسانەیی هەیە؟ بەهەرحاڵ ناونیشان رۆڵی کلیلی دەق دەبینێت و لە رێگای ناونیشانەوە دەرگای لێکدانەوە و شیکردنەوەی دەق دەکرێتەوە. بەڵام هەمان شێوەی دەق چۆن لە پشتی زمانی ئاساییەوە زمانی شیعری، یان زمانی نائاسایی واتە زمانی دووەمی هەیە، زمانی

ناونیشـانی دەقەکـەش هەندێجـار ئاڵۆز دەبێت و پێویسـتی بە لێکدانـەوەو شـیکردنەوەو دۆزینـەوەی مانـاو دەلالاتەکانییەتی بـۆ ئـەوەی وەکـو کلیلێکـی کارا ڕۆڵـی کردنـەوەی دەرگای دەقەکـە ببینێـت.

ناونیشـانی ئـەم شـیعرە (شـەوێک لـە شـەوانی سـیمرخ) لـە چـوار وشـە پێکهاتـووە. وشـەی سـەرەکی نـاوی سـیمرخە کـە دیـارە ئـەم سـیمرخە چەندیـن شـەوی هەیـەو شـیعرەکە گێڕانـەوەی تەنیـا شـەوێکە لـە شـەوەکانی ژیانـی ئـەو. سـەرەتا بـا بزانیـن سـیمرخ چیـە؟ بـە پێـی ئـەوەی لـە یوکیپیدیـادا هاتـووە: سـیمرخ باڵندەیەکی خورافیـە کـە زیاتـر لە ئەفسـانەی ئایینـی و مێژوویـی گەلانـی ئاریـدا نـاوی هاتـووەو زیاتریـش لـە شـانامەی فیردەوسـیدا باسـکراوە. ئـەم باڵندەیـە لەسـەر درەخت هێلانە چێ دەکات. هەروەک لەسەر دەستی شاعیری خۆراسـانی فەریدەدینـی عەتـار، ئـەم باڵندەیـە لـە داسـتانێکی شـیعریدا ناوبانگـی زیـادی کردووە. فەریدەدینـی عەتار ئەمەی لـە قورئانـەوە وەرگرتـووە کـە گوایـە سـیمرخ خـواوەنـدی باڵندەیـە. سـیمرخ لـە کتێبـی ئاڤێسـتادا نـاوی هاتـووەو پێـی دەگوترێـت: سـینامیرغا. کەواتـە ئێسـتا ئاشـکرایە کـە سـیمرخ باڵندەیەکی بەناوبانگەو مێژوویەکی کۆن و دوور و درێژی هەیـە لـەو زەمینـە جوگرافیـەدا کـە دەقەکـەی تێـدا بەرهـەم هاتـووە. هـەروەک ئامادەبوونێکـی لەبەرچاویشـی هەیـە لـە کەلتـوور و ڕۆشـنبیری ناوچەکـەدا و لـە دوو سـەرچاوەی ئایینـی زەردەشـتی و ئیسـلامیدا ئامـاژەی پێکـراوە و ڕەگ و

ریشـەیەکی ئەفسـانەیی و تەنانـەت خورافیشـی هەیـە.
شـاعیر لەخۆڕا و بەڕێکەوت ئـەو ناونیشـانەی بۆ دەقەکـەی هەڵنەبـژاردووە، بەڵکـو هـەر لەسـەرەتا و دەسـتپێکی دەقەکەیـەوە کـە بـە ناونیشـان دەسـت پێدەکات، ویسـتوویەتی ئەو ئاماژەیە بدات کە ئەم دەقە سـەرئەنجام سرووشـت، یان ئەتمۆسـفێرێکی ئەفسـانەیی هەیـە. ناونیشـانی شـیعرەکە بـە دەوری ئـەم باڵندە ئەفسانەییەدا دەخولێتـەوەو ناوی باڵندەکە چـەق، یـان ناوەنـدە لـە ناونیشـانەکەداو سـەرئەنجامیش ئـەوە دەبێتـە یارمەتیـدەر بـۆ کردنـەوەی دەرگای دەقەکـە، بـەڵام ئـەوەی شـاعیر لـە ناونیشـانەکەدا کردوویەتـی وەرگرتنـی بەشـێک، یـان نموونەیەکـە لـە گشـت، یـان گشـتێکی دیاریکراو کـە ئەویـش وەرگرتنـی تەنیـا شـەوێکە لـە هەمـوو شـەوەکانی تەمـەن و ژیانـی سـیمرخ، کـە دیـارە لە ڕێگای وەرگرتنی تەنیا شـەوێکەوە درێـژەی بەسـەرهاتی ژیانـی ئـەو دەگێڕدرێتـەوە. هـەر لێرەشـەوە خاسـیەتێکی بنیادیـی دیـاری دەقەکـە ئاشـکرا دەبێـت کـە بریتیـە لـە گێڕانـەوەو خاسـیەتی گێڕانـەوەش بەشـێوەیەکی سـەرەکی لـە خاسـیەتەکانی هونـەری پەخشـانە واتـە چیـرۆک. بـەڵام لێـرەدا دەقەکـە زیاتـر وەکـو دەقـی درێـژ بەرجەسـتە کـراوە و هەنـدێ لـە خاسـیەت و بنەماکانـی داسـتانیشـی هەیـە. بـەڵام لـە درێـژەی گێڕانـەوەی ژیانـی سـیمرخدا شـاعیر تەنیـا یـەک شـەو وەردەگرێـت و لـە ڕێگای ئـەو شـەوەوە ژیانـی تەواوەتـی ئەومـان بـۆ دەگێڕێتـەوە.
ئایـا سـیمرخ چ پەیوەندیەکـی بـە بابـەت و بـە بیرۆکـەی

سەرەکی دەقەکەوە هەیە؟ ئایا بە گشتی ناوی سیمرخ وەکو ناونیشان توانیویەتی کۆی بنیادی شیعرەکە پێکەوە ببەستێت و وەکو یەکەیەکی زمانی بەرجەستەی بکات و نیشانی بدات؟ ئەگەر ئەمە بەدیهات، ئەوا ناونیشان بە ئاسانی دەبێتە کلیلی کردنەوەی دەقەکە. بەڵام هەر لە ناونیشانەوە ئەوە بەدەردەکەوێت کە شاعیر پەنای بۆ ئەفسانە بردووە و ئەفسانەی ئەم باڵندە خورافییەی کردووەتە رەگەزی سەرەکی بنیادنانی دەقەکەی، کە لەوێشەوە لە ئەنجامی مامەڵەکردنی لەگەڵ ئەم ئەفسانەیەدا زمانێکی تایبەتی پەرەپێدەدات کە دەشێ وەکو زمانێکی هەستیی تایبەت ناوببرێت کە ئەویش بە کۆی رەگەزەکانییەوە رۆڵ دەبینێت لە بەرهەمهێنانی وێنەو لێکچوون و هاوتایی و دژیەکدا کە تا ئەندازەیەکی ئاشکرا بنیادی دەقەکە لەسەر بنەمای دووانەی هاوڕێک و هاوتاو دووانەی دژ و بەرامبەر دارێژراوە. ئەفسانە و واقیع پێکەوە کارلێک دەکەن، یان بە تەنیشت یەکدا دەڕۆن و لەوەشدا شوێنی قسەکەر و قسەبۆکراو لەبەرامبەر یەکدا بە درێژایی دەقەکە بەسەربەخۆیی دەمێننەوە و هەریەکەش لە ئاستێکەوە و بەپێی جوولە و ئاراستەی رووداوەکان و لەرێگای پێکهاتە زمانییەکانەوە ئامادەیی خۆی دەنوێنێت و بەرزی و نزمی لە ئاستی ئامادەبوون و دیارنەمان و پاشەکشێ لە هەندێ باردا پەیوەستە بە ئەتمۆسفیری گشتی دەقەکەوە، کە شوێن و کات و تۆن، یان هەڵوێست

بەرامبەر بە بابەتی دەقەکە و بیرۆکەی سەرەکی دەقەکە و هەلی بەکارهێنانی وشە و پێکهاتە زمانییەکان لەوەدا رۆڵی دیار دەبینن و هەموو ئەمانەش پێکەوە شیعریەتی دەق بەرهەمدەهێنن، کە بەبێ شیعریەتی دەق ناشێت باسی شتێک بکرێت وەکو دەقی زیندوو، یان دەقی داهێنراو. بۆیە دەبێ لێرەوە ئەوە بڵێین کاتێ هەوڵی شیکردنەوەی ئەم دەقە شیعریە دەدەین مانای وایە دان بەوەدا دەنێین کە ئەوەی لەبەردەستماندایە لەسەر بنەمای ئەو پێوانانەی ناومان بردن دەقێکی زیندوو، یان دەقێکی داهێنەرانەیە و ئەو بنەما سەرەکیانەی تێدایە کە ناسنامەی دەقی زیندووی پێببەخشن.

– ٢ –

**لە دەستپێکی دەقەکەدا هاتووە:**

**ئەمشەو تەنیا هەر من و تۆین**
**وەرە با باسی ئامێزی تەزیوی زریان و**
**تاڤگەی خەم و**
**گۆمە بێدەنگەکان بکەین**
**وەرە با باسی شەپۆلی خەولێکەوتووی**
**لەشی جۆگەکان بکەین.**

لە دەستپێکی شیعرەکەدا قسەکەر لە پێگەی داواکارییەوە قسە بۆ کەسی دووەم دەکات و داواکاری هەیە بۆ کەسی دووەم، ئەو داواکاریەش لە شێوەی فەرماندا دەرنابڕێت،

بەڵکو ئاراستەی دەربڕینەکە ئاسۆییە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە قسەکەر خۆی وەکو هاوشان و هاوتا و هاوڕێکی قسەبۆکراو پێشکەش دەکات. ئەمەش لەخۆیدا ئامادەکردنی زەمینەیەکە بۆ جۆرێک لە یەکسانی و بەلایەنی کەمەوە بۆ گوێگرتن لە یەکتری کاتێ قسەکەر من و تۆ لە بەرامبەر یەکتر، یان لە تەنیشت یەکتر دادەنێت. قسەکەر باسی ئەوە بۆ قسە بۆکراو دەکات لەو کاتەدا کە ئەو بەشەو ناوی دەبات، هەردووکیانن بە تەنیا، بەڵام شوێن دیاری ناکات. ئەوی قسەکەر هەڵی ئەو تەنیاییبوونەیان دەقۆزێتەوەو داوا لە گوێگر دەکات پێکەوە بچنە ناو هەندێ باسەوە کە دەشێ سەرئەنجام باسی چارەنووسساز بن پەیوەست بە بوونی هەردووکیان. ئەمەش لە شوێنێکدا کە پێی دەوترێت سرووشت، یان بە دەربڕینێکی فراوانتر گەردوون. لەو شەوەدا ئەمی قسەکەر دەیەوێت لەگەڵ ئەوی قسەبۆکراو پێکەوە باسی نائاساییبوونی زۆرینەی توخم و ڕەگەزەکانی ئەو سرووشتە بکەن کە ئەمانی تێدا دەژین.

ئەم لە سەرەتای ئاخاوتنەکانیدا وێنای ناکارایی و دڕدۆنگی ئەم گەردوونەو ڕەگەزەکانی بەرامبەر بەوی مرۆڤ دەخاتە ڕوو. بەڵام ئەو وێنانەی لە دەستپێکدا بەرجەستەیان دەکات، وێنەی واقیعین و شتەکان وەکو ئەوەی هەن، یان دەشێ هەبن پێشکەش دەکات. بەڵام شێوەی جوانی پێشکەشکردنەکە کە بە ئاستێکی بەرز لە

جوانی پۆشراوە، دەبێتە هۆی ئەوەی وێنەکان بە نائاسایی و بە ئاستێکی بەرز لە جوانییەوە بگەنە بەر دیدو زیهنی خوێنەر. لەو وێنانەش:( ئامێزی شۆخی تەزیووی زریان، تاڤگەی خەم، گۆمی بێدەنگ). لەم وێنانەدا هاورێکی لە رەگەزی سەرەکی وێنەکان و وەسفەکانیاندا هەیە کە هاوشان پێکەوە دەڕۆن. تەزین خاسێتی زریانە، بێدەنگی خاسێتی گۆمە، دەشێ خەمیش خاسێتی تاڤگە بێت، جۆگەکان شەپۆلیان نییە بۆیە ئەو باسی خەولێکەوتنی شەپۆلی جۆگەکان دەکات. واتە قسەکەر لێرەدا هیچ شتێکی نائاسایی نالێت بەڵکو لە دەرگایەکی تا ئەندازەیەک واقیعیانەوە یەکەم بناغەی ئاپارتمانی دەقەکەی دادەنێت و پاشان بە رەگەزی ئەفسانە و بە وێنە و بە بنەماکانی بەرهەمهێنانی جوانی دەیڕازێنێتەوەو شانبەشانی ئەوەش رووبەرێک بۆ خوردبوونەوەو روانین و تێڕامان فەراهەم دەکات. هەر لێرەشەوە هەنگاونان بەرەو هەڵچنینی بینای دەقەکە دەست پێدەکات.

قسەکەری شیعرەکە کە خۆی لە بەرامبەر گوێگر، یان کەسی دووەمدا دەبینێت، یان دادەنێت و پێشتریش رایگەیاندووە کە لەو رووبەرەدا تەنیا ئەمان هەردووکیانن، بۆیە زۆر داواکاری دەخاتە بەرەدەم کەسی دووەم و لە رێگای رەگەزەکانی زمان و وێنەی شیعری و هونەرەکانی تری بەرهەمهێنانی شیعریەتەوە بنیادی دەقەکە هەڵدەچنێت. قسەکەر روودەکاتە کەسی دووەم و دەڵێت:

**سەیرم مەکە**
**ئەم ئەشکەوتە زۆر تاریکە و نامناسیەوە**
**سەیرم مەکە**
**با گڕی ناو دڵیشت بم**
**نەمدیتوەو ناشم ناسیت**
**کەی سوتوو ئاگای لە گڕی ناو دڵێتی چۆن دەسووتێ**
**کەی زەوی ئاگای لە بورکان هەیە تا نەتەقێتەوە.**

قسەکەر لێرەدا شوێن دیاری دەکات کە شوێن و کات بایەخێکی گرنگیان هەیە لەو رووەوە کە زەمینەی رووداني هەر رووداوێکن و ناشێت هیچ رووداوێک لەدەرەوەی کات و شوێندا بوونی هەبێت. ئەمی قسەکەر شوێن دیاری دەکات کە وەکو ئەشکەوتێک ناوی دەبات. ئەوەش نیشان دەدات کە ئەمان هەردووکیان لە یەک شوێندان کە ئەویش ئەشکەوتێکی تاریکە. دەشێ ئەشکەوت ئاماژە بێت بۆ هەر شوێنێک کە سروشتێکی نائاساییی، یان نەرێنی هەبێت و لەوەشدا دەشێ زۆر رووبەری جوگرافی بگرێتەوە کە تیایدا تاریکی، یان ئاڵۆزی و تەمومژاویبوون خاسێتی ئەو شوێنە بێت. هەرچەندە ئەشکەوت دەلالەتی داڵانە تاریکەکان هەڵدەگرێت و ئەوەش دەبێتە هەڵگری دەلالەتی تاریکی و لێڵی کە ئەوەش بۆ ژیانی گشتی لەم گەردوونەدا هاوشانە، ئەویش لەو رووەوە کە ئایندە لەم گەردوونەدا ئاسۆیەکی روونی نییەو داپۆشراوە هەرچۆن لە ئەشکەوتێکی تاریکدا

ڕەهەندی بینین کورت و تەسکەو ئەوسەریشی دیار نییە. بێگومان کاتێک ناوی ئەشکەوتیش دەبیستین دەشێ لە رووی یادەوەرییەوە ئەشکەوتی حەڕامان بیر بکەوێتەوە کە پێغەمبەری ئیسلام ڕۆژانە چووتە ئەوێ و بیریکردووەتەو لەوێش پایامی بۆ هاتووەتە خوارەوە.

قسەکەر داوا لە قسەبۆکراو دەکات کە سەیرکردن لەو ئەشکەوتە تاریکەدا هیچ خاسیێتێکی سەیر کردنی نییە چونکە بەشی ئەوەندەی ڕووناکی تێدا نییە کە ئەوی قسەبۆکراو بتوانێت بەهۆیەوە قسەکەر ببینێت و بیناسێتەوە. ئەگەرچی قسەکەر واینیشان دەدات کە نزیکیەکی تەواو لە نێوان ئەو و قسەکەردا هەیە، بەڵام لەو زەمینەدا لەبەرئەوەی تاریکستانە ناتوانێت بیبینێت و لەبەرئەوەش ناتوانێت بیناسێتەوە. هەر لێرەوە بنەمای جۆرێک لە لێکتر تێنەگەیشتن لە نێوان قسەکەرو قسەبۆکراودا هەیە ئەگەرچی زۆریش نزیکبن لە یەکتری. کە دەشێ لێرەدا فەزایەک دروست ببێت کە نامۆبوون ڕەگەزێکی ئامادە بێت تیایدا. ئەوەش ئەو واقیعە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەیە کە ئەم گەردوونە وەکو ئەشکەوت لێدەکات و پەیوەندییە مرۆییەکان ئەوەندە لاواز دەکات کە ڕایەڵەیەکی ئەوتۆ لە نێوان مرۆڤەکاندا ناهێڵێت و دەیانگەیەنێتە ئاستێک کە یەکتر نەناسنەوە. لێرەوە دەشێ ئەشکەوتە تاریکەکە گۆی زەوی بێت و تاریکستان فەزای ئەم زەمینە بێت و یەکتر نەناسینەوەی کەسە

نزیکەکانیش دەلالەتی مردن و رووخاندنی پەیوەندییەکان هەڵبگرێت کە ئەوەش سەرئەنجام رووخاندنی گەوهەری ئەو پەیوەندیانەو ئەو بنەمایانە بێت کە پێکەوەبوون و کۆمەڵایەتیبوونی مرۆڤیان دەستەبەر کردووە. لێرەدا لە رێگای جۆرێک لە لێکچوواندنەوە زیاتر نائاساییبوونی ئەو بارە نیشان دەدرێت کە لەو زەمینەیەدا دەگوزەرێت کە ئەو بە ئەشکەوت ناوی دەبات. ئەوی قسەبۆکراو لە گەڵ سووتوو، هەروەها لەگەڵ زەویدا لێکچواندنی پێدەکرێت و سووتوو وەکو عاشق پێشکەش دەکرێت کە ئاگاداری ئەو گڕە نییە کە لە ناخیدا دەسووتێت. هەروەک دیسان ئەم دەچوێنێت بە زەوی بەڵام زەوییەکی بێ ئاگا لەوەی چی لە قووڵاییەکانیدا روودەدات. لێرەدا قسەبۆکراو لە روانینی قسەکەرەوە ئەگەرچی خۆی وەکو بەشێک لەوی قسەکەر نیشان بدات و ئەگەرچی وەکو عاشقێک بۆ ئەو خۆی نمایش بکات، بەڵام هاوکات ئەمی قسەبۆکراو ئەوی قسەکەر ناناسێت و ئاگاداری ئەوە نییە کە چی لە بوون و ناخی ئەودا هەیە. ئەم نەناسین و بێئاگاییە لە ئەوێک کە رەگەزەکانی عاشقبوون بە پەیوەندی نێوانیانەوە دیارە، دەلالەتی رووخاندنی رایەڵەکانی لەیەکتر تێگەیشتن لەم سەردەمەدا نیشان دەدات، بە جۆرێک کە ئەوەش رووخاندنی پەیوەندی و پێکەوەبەستنی مرۆڤەکان دەگەیەنێت لە سەردەمی بە پەراوێزبوونی مرۆڤدا لە کۆمەڵگەی ئەو قۆناغە مێژوویەی کە دەقەکەی تێدا

بەرهەمهاتووەو بۆ دواتریش. ئەمە زیاتر وەک خاسیەتێکی ئەو قۆناغە دەردەکەوێت کە تەکنۆلۆجیا هەستە مرۆییەکان سڕدەکات و بەرەو کوشتنیان دەبات.
قسەکەر بۆ زیاتر بەرجەستەکردنی ئەو دۆخە نادروستەی کە تیایدا هیچ شتێک لە جێی خۆیدا نییەو هیچ شتێک ئاسایی وەکو ئەوەی پێویستەو دەبێ ناڕوات و ناجولێت، بەردەوام دەبێت لەسەر دواندنی کەسی دووەم و داوای گوێگرتنی زیاتری لێدەکات و دەیەوێت ئەوەشی بۆ باس بکات، یان قەناعەتی پێبهێنێت کە تەنیا ئەمان هەردووکیان دەتوانن گوێ لەیەکتر بگرن و لەیەکتر تێبگەن، بۆیە پێویست ناکات خۆیان بە ئەوانی ترو بە دەوروبەرەوە خەریک بکەن. لێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات ئایا ئەوی قسەکەر لە راستیدا بڕوای بە ئەوانی تر نییەو نایەوێت لەگەڵیان بدوێت و خۆی بەوانەوە خەریک بکات. ئەوەش لە ئەنجامی بێ ئومێدبوون لە شێواز و سرووشتی پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، یان دەرهاوێشتەی کۆی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانە؟، یان ئەوی قسەکەر لە بنەڕەتەوە بڕوای وایە لەبری ئەوەی مرۆڤەکان کە خۆیان بە ئەوانی ترەوە خەریک بکەن، پێویستە لە ئاستی یەکەمدا لە خۆیان بدوێن و بەخۆیانەوە خەریک بن و لەخۆیان تێبگەن و خۆیان بناسن و پاشان لەوێوە و لەسەر ئەو بنەما و زەمینەی خۆناساندنە هەنگاو بەرەو دەرەوەی خۆیان بنێن؟ قسەکەری شیعرەکە دەڵێت:

**وەرە با باسی هیچ شتێک**
**بۆ یەکتری نەکەین و بیر**
**لە هیچ شتێک نەکەینەوە**
**کەی باڵای تاقگە و خەمی سارد**
**لەبەر هاژە و کپی خۆیان**
**لە قسەی ئێمە تێدەگەن**
**ئەم شوورەیە زۆر ئەستوورە**
**هەردوو دیویشی دۆزەخە**
**ئیتر بۆچی جێگە گۆڕکی لەگەڵ کەسی دیکەدا بکەین**
**ئێمە هەتاو دەمانسووتێنێت و ئەوان**
**بۆ هەتاو خۆ دەسوتێنن.**

ئەم نایەوێت لەبارێکی وەهاو لە زەمینەیەکی وەهادا نە لەهیچ بدوێن و نە بیر لە هیچ بکەنەوە. لە راستیدا بارودۆخەکە هەرچۆنێک بێت مرۆڤ ناتوانێت بیرنەکاتەوە بە تایبەتی کە بیرکردنەوە تا ئەندازەیەک پرۆسێسێکە لە دەرەوەی دەسەڵاتی مرۆڤ خۆیدایە. ئایا لێرەدا مەبەست ئەوەیە کە مرۆڤ دەستبەرداری بیرکردنەوە ببێت و چیتر مێشکی بەکارنەهێنێت، یان لەم قۆناغە و لەم دۆخەدا کە فەزایەک لە ئاڵۆزی باڵی کێشاوە مرۆڤ بە شێوەیەکی کاتی واز لە بیرکردنەوە بهێنێت؟ لێرەدا قسەکەری شیعرەکە دەیەوێت لە رێگای دانانی جۆرێک لە وشەی دژ لە تەنیشت یەکتردا زیاتر جێگیربوونی ئەو چەمکە لای

خۆی و قسەبۆکراو وەکو جۆرێک لە ناکاراییبوونی هەر کردارێک نیشان بدات لەو دووانە دژانە، یان لەو دووانە بەرامبەرانەی لێرەدا لە پاڵ یەکتردا دایان دەنێت ( بالای تاڤگە \ خەمی سارد، هاژە \ کپ ) هەروەک باسی ئەوەش دەکات لە کاتێکدا ئەمان هەتاو دەیانسووتێنێت، ئەوان بۆ هەتاو دەسووتێن. هاژە هاژ خاسیێتی تاڤگەو ئاوی خوڕە لە کاتێکدا کپی خاسیێتی خەمی ساردە. ئەو دەیەوێت لە ڕێگای دانانی ئەم دژانەوە لە تەنیشت یەکتردا دۆخێک دروست بکات کە تیایدا بەرئەنجام یەکسان بێت بە سفر، واتە نەبوونی جووڵە، یان وەستان. وەستان و نەبوونی جووڵەش دەلالەتی نەبوونی کردار هەڵدەگرێت و ئەوەش نەبوون، یان نادیاریی و نائامادەبوونی بکەری ڕووداو دروستکەر دەگەیەنێت. ئەو شوێنەی قسەکەر باسی دەکات بە شوورەیەک جیاکراوەتەوەو هەردوو دیووی شورەکەش دۆزەخە. ئەمەش نیشانی دەدات کە شوێن بە گوێرەی ئەمان و بە گوێرەی ئەوانی تریش هەمان ناسنامەی هەیەو ئەویش ناسنامەیێکی ئاسۆبەخش نییە، بەڵکو وشەی دۆزەخ کە ڕۆڵی کلیل دەبینێت لەم کۆپلەیەدا، ناجۆری شوێن نیشان دەدات. ئامانجی قسەکەریش لە پێشکەشکردنی شوێندا بەم شێوەیەو ڕاگەیاندنی ئەوەشی کە شوێن گۆڕکێ، یان شوێن گۆڕین هیچ سوودێکی نییەو لەم دیووی شورەکە بیت، یان لەو دیووی هەر هەمان شتە. ئەمەش ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە ئەو زەمینەیەی

قسەکەر لەبارەیەوە دەدوێت و خۆی و قسەبۆکراو، یان گوێگری تێدایە زەمینەیەکی ناجۆر و ترسناکەو لەسەروی ئەوەشەوە ئەگەرێک بۆ گۆڕانکاری نابینرێت. دەشێ ئەمە تا ئەندازەیەکی ئاشکرا سەرباری روانین و تێڕامانی قووڵ لە چارەنووسی مرۆڤ بەگشتی، بەڵام دەربڕی خاسێت و دۆخی ئەو زەمینە کۆمەڵایەتی و سیاسیەش بێت کە لەو کاتەدا دەقەکەی تێدا بەرهەمهاتووە.
قسەکەر سەرباری ئەوەی کە بە گوێگر دەڵێت لەو شوێنەدا تەنیا هەردووکیان هەن و داوای لێدەکات گوێی لێبگرێت و بەپێی داواکارییەکانی ئەو بجوڵێت و بەردەوامیش قسە بۆ ئەو دەکات، کەچی هەر زوو بانگەوازی تەنیایی خۆی دەکات و دەگەڕێتەوە بۆ نێو دنیای تایبەتی خۆی و باسی حەز و ویست و ئارەزووە تایبەتیەکانی خۆی دەکات. هەر لێرەشەوە دەردەکەوێت کە ئەم دەقە دنیای دەرەوە و ناوەوەی قسەکەر پێکەوە دەبەستێت و بەجۆرێکیش هەوڵدەدات جۆرێک لە هاوسەنگی لە نێوان ئەو دوو جیهانەدا دروست بکات، بەڵام بەردەوام لاسەنگی دەبینرێت لە نێوانیاندا. هەروەک قسەکەر زیاتر لەوەی ناوەوەی خۆی بە ئاراستەی دەرەوە نمایش بکات، هەوڵدەدات دنیای دەرەوە بگوازێتەوە بۆ رووبەری جوگرافیای کەسێتی خۆی. ئەمەش رێگا بۆ ئەوە خۆش دەکات لە روانگەی خودبوون و بابەتیبوونەوە سەیری بیرۆکەی سەرەکی دەقەکەو کۆی رەگەزەکانی تری بەرهەمهێنانی شیعریەتی دەقەکە بکەین

و بە دوای هاوسەنگی، یان لاسەنگی پەیوەندی نێوان دووانەی (خود \ بابەت )دا بگەڕێین. لەم رووەوە قسەکەر بەم جۆرە دەدوێت:

**ئەمشەو دنیا لەناو دەستمدا**
**هەویرێکی هەڵاتووە**
**هەرچی چۆنێکی دەشێلم**
**لەناو تەنووری مێشکمدا**
**لە نانێکی خەم زیاتری تێدا نابێت**
**نازانم بیدەم بەدەم کام ماسی ئارەزوومەوە**
**گوێم لێبگرە**
**کە تەنیا بم داڵەکانی زیۆسم لێ دەورووژێت**
**سی و جگەری ئارەزووەکانم دەردێنن.**

شاعیر لە خەیاڵێکی فراواندا دنیا بچووک دەکاتەوەو وەکو گونکە هەویرێک لە دەستی خۆیدا دەیبینێت. لێرەدا لە رێگای چەند لێکچوونێکەوە بەراورد لە نێوان ئارەزووەکانی خۆی و ئەوەی لە دنیا بە دەست دێت دەکات و سەرئەنجامیش ئارەزووەکانی ئەم زۆرن و ئەوەشی دنیا دابینی دەکات کەمەو لەو ئاستەدا نییە ئەم تێر بکات. دنیا لەگەڵ هەویر لێکچواندنی پێدەکرێت و مێشکیش لەگەڵ تەنوور. هەروەها تینوێتی ئارەزووەکانی لە رێگای وشەی ماسیەوە وەسف دەکات واتە قسەکەر ماسی ئارەزوو بەکاردەهێنێت بۆ نیشاندانی ئاستی پەرۆشی خۆی. لە

کاتێکدا ئـەم بەمجـۆرە باسـی ئـارەزووە زۆرەکانـی دەکات لـە دنیـا نانێـک بەرهـەم دێـت ئەویـش نانـی خەمـە. لێـرەدا دووجـۆر وێنـە دەبینرێـن، جـۆری یەکـەم ئـەو وێنانـەن لـە ڕێگای لێکچوونـەوە بەرجەسـتە دەکرێن، جۆری دووەمیش لـە ڕێگای بـە کەسـیکردنەوە کـە دەشـێ ئەو بەکەسـیکردنە بە مرۆڤکردنـی شـتەکان بێت، یـان بـە پێچەوانـەوە بـە شـتکردنی مرۆڤـ بێت. لێرەدا ئارەزووەکانی ئـەو خاسـێتی مرۆڤبـوون، یـان زیندەوەربوونیـان پێدەبەخشـرێت. ئـەم بۆچوونـەش لـەم وێنەیەدا بەرجەسـتە دەکرێت (سـی و جگەری ئارەزووەکان). لێـرەدا شـاعیر دنیـا بـە هەمـوو ڕەگەزەکانییـەوە لەگـەڵ ئارەزووەکانـی خۆیـدا دەخاتـە بەرامبـەر یەکتـر، بـەڵام ئەنجـام ئارەزووەکانـی ئـەو زۆرتـر و بەهێزتـر و باڵاتـرن. ئـەوەش وادەکات کـە هەمـوو دنیـا لـە چـاو بەهێزیـی ئەمـدا بچـووک دەربکەوێت. ئـەم دنیا وەکو هەویـر دەشـێلێت بـەڵام لـە نـاو تەنـووری مێشـکیدا تەنیـا یـەک نانـی تێـدا ببێـت و ئەویـش پێدەچێـت بەشـی ئـەوە نـەکات کـە تەنیا یەکێـک لـە ئارەزووەکانـی ئـەم تێـر بـکات. کەواتـە لێـرەدا پرسـیار لـە ناسـنامەی ئـەم سـەرهەڵدەدات. واتـە ئـەم کەسـێتە کێیـە کـە هەمـوو دنیـا تەنیـا ماسـی یـەک ئـارەزووی ئـەو تێـر نـاکات؟

قسـەکەر ئـەم بـاس و سەرگوزشـتانە بـۆ گوێگـری دەقەکـە دەگێڕێتـەوە. ئایا ئـەو پەیامـەی لـە پشـتی ئـەم گێڕانەوەوەیـە چیـەو چـی دەگەیەنێـت و ئاراسـتەی کـێ دەکرێـت؟ ئایـا لێرەدا گوێگرێکی ڕاسـتەقینە بوونـی هەیـە کـە قسـەکەر بـۆی

بدوێت؟، یان لە راستیدا قسەکەر لە خەیاڵدا گوێگرێکی دروستکردووە و بۆی دەدوێت و تەنانەت داوای لێدەکات گوێی لێبگرێت. دەشێ هۆکاری هەست بە تەنیاییکردن رێگاخۆشکەرو تەنانەت پاڵنەریش بێت بۆ ئەوەی قسەکەر لە خەیاڵدا گوێگرێک دروست بکات و بۆی بدوێت.

قسەکەر کە بەردەوام وادەردەکەوێت بۆ گوێگرێکی ئامادە قسەبکات، لەسەر باسکردنی تەنیایی خۆی بەردەوام دەبێت و باسی ئەو دۆخە خراپانەش دەکات کە ئەو باری تەنیایی، یان هەستکردن بە تەنیاییە لەلای ئەم دروستیکردووە. هەروەک لەوەش دەدوێت کە چۆن ئەو کپی و بێدەنگیەی تەنیایی دروستیکردووە، بارێک دەخوڵقێنێت کە ئەو هەم گوێبیستی هەموو دەنگیک بێت و هەم هەست بە هەموو جووڵەیەک بکات تەنانەت جووڵەی بەشەکانی جەستەی خۆیشی کە ئەو جولانەش دەشێ زیاتر لەژێر کاریگەری باری هەست بە تەنیاییکردندا دروست ببن. قسەکەری شیعرەکە دەڵێت:

**بەتەنیام و گوێم لە ترپەی پێی دڵە زیندانییەکەمە**
**لە ژوورەکەی ئەودیومدا**
**سێ شەوە تاکو بەیانی پیاسە دەکات**
**دێت و دەچێت، دێت و دەچێت، چاوەڕوانە**
**ئەگەر ئەمشەو، مانگ بە رووتی**
**بێتە بەردەم پەنجەرەکەی کۆشکی گەردوون**
**بچێت و ماچێکی بکات**

**تاڵێ لە قژە خاوەکەی بهێنێت**
**چوار پەلی ئەژدیهای بازی**
**ئەم رۆژگارەی پێ ببەستێت**
**گوێم لێ بگرە**
**لەشی ئەشقە مەمکخۆرەکەم تا ئێستایش**
**چرۆی رووناکی دەردەکات**
**پڕ بە دنیایەک ئەستێرەی رەنگاوڕەنگی بۆت گرتووە**
**ئەگەر بێت و بمناسیتەوە**
**پڕ کۆشت وردە ئەستێرەو گەرمە تاسەی کچۆڵەکەی شەوانی خەڵوەتم دەکەم.**

ئەم باسی تەنیایی خۆی دەکات و لەوێشەوە باسی دڵی خۆی دەکات کە وەکو زیندانی دەیناسێنێت و خاسیێتی مرۆڤ یان هەر زیندەوەرێکی تری پێدەدات کە ئەگەر ئەوەش وەکو لێکچواندنی دڵ بە مرۆڤ نیشان بدەین، ئەوا دڵ جۆرێک لە خاسیێتی کەسی پێدەدرێت، یان کرداری بەکەسکردنی بەسەردا دەهێنرێت، ئەویش لەو روانگەیەوە کە خاسیێتی رۆیشتنی لەسەر دوو پێ پێدەبەخشرێت. واتە دڵ دەکو مرۆڤێکی جوڵاو نیشان دەدرێت و لە رێگای وەسفکردنی ئەو بارەوە کە تیایدایە، ئەو وەکو زیندانی نیشانی دەدات، واتە ئێستا دڵ وەکو مرۆڤێکی زیندانیکراو نیشان دەدرێت. واتە لێرەشەوە خاسیێتی بە مرۆڤبوون بە دڵ پێدەبەخشرێت. هەروەک قسەکەر ئەو شوێنەش دیاری دەکات کە دڵی زیندانیکراوی ئەوی تێدایە.

ئـەوەی لـە کەلتـووری بـاودا هەیـە ئەوەیـە کـە دڵ لـە نێـو قەفـەزەی سـینگدا وەکـو زیندانـی وایـە، بـەڵام دڵـی ئـەم لـە ژوورەکـەی ئەودیـوودا زیندانیکـراوەو ئـارام ناگرێـت و دەجوڵێت و لـە چاوەڕوانـی ئەوەدایـە کـە مانـگ بـە رووتـی بچێتـە بـەردەم کۆشـکی گـەردوون و دڵـی ئـەم ماچـی بکات و تاڵـێ لـە قـژی مانـگ بهێنێـت و چوارپەلـی ئەژدیهـای ئـەم رۆژگارەی پێببەسـتێت. لێـرەدا بەئاشـکرا دیـارە کـە خەیـاڵ بـە ئەندازەیەکـی بـاڵا فـەزای دەقەکـەی داگیرکـردووەو جۆرێـک لـە پۆتۆپیـای دروسـتکردووە، کـە لـە چوارچێـوەی ئـەو یۆتۆپیایـەدا، وێنـە بەرجەسـتەی بیرۆکـەو رەگەزەکانـی بەرهەمهێنـی شـیعریەت دەکات و رۆڵ دەبینێـت لـە بەرهەمهێنانـی جوانـی دەقەکـەدا. ئـەو وێنانـەش لـە رێـگای لێکچـوون و خواسـتن و هاوتاکردنـەوە بەرجەسـتە دەکرێـن. دڵ لە کردەی بەکەسـکردندا دەکرێت بە مرۆڤـ و لە شـوێنێک لـەو دیـووی ئەمـی قسـەکەرەوە زیندانـی دەکرێـت و وەکـو هـەر زیندانییـەک لـە نـاو زیندانەکەیـدا دەجوڵێـت. بێگومـان جووڵـەی بەردەوامیشـی لەنـاو زیندانەکەیـدا ئاماژەیـە بـۆ ئـەوەی کـە دڵ لـە چاوەڕوانیدایـە. چاوەڕوانیـش خاسـیەتێکی ئاشـکرای مرۆڤـە. راسـتە دڵ بەشـێکە لـە جەسـتەی مـرۆڤ، بـەڵام بـوون و گرنگـی ئـەو رەگـەزە لـە بوونـی مرۆڤـ خۆیدایـەو بـە تەنیـا هیـچ بەهایەکـی نییـە. ئێسـتا دڵ خـۆی لـە رێـگای لێکچواندنـەوە رۆڵـی مرۆڤـی پێدەبەخشـرێت. دیـارە هەمـوو زیندانییـەک چاوەڕوانـی ئەوەیـە دەرگای زیندانەکـەی

لـێ بکرێتـەوەو ئـازاد بێـت. بـەڵام ئـەم چاوەڕوانـی ئـەوە دەکات مانگ بەرووتی بێتە بەردەم پەنجەری ژوورەکەی. لێرەدا دیسـان مانگ بە کەس کراوەو ئەوەش لە ڕێگای پێبەخشـینی خاسـیێتی رووتـی و بوونـی قـژی خـاوەوە بەرجەسـتەکراوە. دڵ دیسـان خاسـیێتی مرۆڤــ وەردەگرێت و تاڵێک لە قژی خاوی ئەم دەکاتەوەو ئەوەش لە پێناوی بەدیهێنانـی ئامانجێکـدا دەکات کـە بەسـتنی چوارپەلـی ئەژدیهـای ئـەم ڕۆژگارەیـە. واتـە دڵ سـەرباری ئـەوەی کـە زیندانییە، بەڵام هێزو توانایەکی ئەوتۆی هەیە کە بە قژی مانگ، ئەژدیهای ئـەم سـەردەمە پەلبەسـت بکات. هـەروەک سـەردەم دەچوێندرێـت بـە ئەژدیهـا، بـەڵام ئەژدیهـای چوارپـەل کـە ئەمـەش وێنەیەکی نائاسـاییە چونکـە ئـەوەی زانـراوە ئەژدیها پەلی نییـە. هـەروەک چواندنـی ڕۆژگار بـە ئەژدیهـا دیـارە بـۆ دەرخسـتنی دڕندەیـی و توونددوتیـژی ڕۆژگارەکەیـە. دڵـی زیندانـی ئـەم دەبێتـە بکەرێکـی هێنـدە بەهێز کە بە تاڵێکی خاوی پرچی مانگ، ئەژدیهای ڕۆژگار پەلبەسـت دەکات. لێـرەدا شـاعیر لـە ڕێـگای دروسـتکردنی جۆرێـک لـە یۆتۆپیـاوە دەیەوێـت کاریگـەری لەسـەر دوو ئاسـت دروسـت بـکات: یەکەمیـان لەسـەر ئـەوی گوێگـر، دووەمیان لەسەر ڕۆژگار، یان سەردەم. کە لە یەکەمیاندا ئامانـج سەرنجڕاکێشـانی ئـەوی گوێگـرە بـۆ توانـای خـۆی. دووەم دەرخسـتنی دەسـەڵات و هێزو ئیرادەی دڵـی زیندانـی ئەمـی قسـەکەرە بـۆ پەلبەسـتکردنی ئەژدیهـای ڕۆژگار.

کـە ئـەوەی دووەمیـان تەنیـا لـە چوارچێـوەی خەیـاڵ، یـان یۆتۆپیـای شـیعریدا نەبێـت جێـگای نابێتـەوە. بـەدوای ئـەم کارە پاڵەوانێتیەدا کە دڵێکی زیندانی ئەنجامی دەدات، ئەوی قسـەکەر کۆمەڵێک هیـواو ئامانـج دەبەخشـێتەوەو ئاسـۆیەک بـۆ ئاینـدە نیشـان دەدات، کـە دیـارە ئـەوەش لـە پشـتی ئـەو رۆژگـارە ناهەموارەوەیـە کـە پەلبەسـت دەکرێـت. کەواتـە لێرەدا لـە ئاسـتی نەگوتـراودا دووانەیەکی دژ، یان بەرامبـەر ئاشـکرا دەبێـت کـە بریتیـە لـە دووانـەی (سـتەمی ئێسـتا \ ئاسـودەیی ئاینـدە). دیـارە کـۆی هەنگاوەکانیـش بـۆ ئەوەیـە کـە رۆژگاری پـر لـە سـتەمی ئێسـتا کۆتایـی پێبهێنرێـت و ئایندەیەکـی نـوێ بنیـاد بنرێت، کـە ئـەوەش لـە رێـگای چەنـد وێنەیەکی شـیعرەیەوە دەردەبڕرێت کە بریتیـن لـە ( چـرۆی رووناکـی، دنیایـەک ئەسـتێرەی رەنـگاو رەنـگ، کۆشـێک وردە ئەسـتێرە)، کـە هەمـوو ئەمانـە دەلالەتـی رۆژێکـی نـوێ و ئاواتـی جـۆراو جـۆر و فـرە رەنگـی و فـرە دەنگـی هەڵدەگـرن. ئەمـەش لـە ئاسـتێکی قووڵتـردا دەربازبـوون لـە رۆژگارێک نیشـان دەدات کـە تاکـە عەقڵێک کاری تێدادەکات و ئـەوی گوێگـر تەنانـەت بـە داوالێکردنیـش ئامـادە نییـە بـە تەواوەتـی گـوێ بگرێـت. ئـەوەش فەزایەکـی بەرفـراوان و لـە هەمـان کاتـدا ترسـناکی بـۆ هەسـتکردن بـە تەنیایـی خوڵقانـدووە. تەنیاییـەک لـە بـری ئـەوەی ببێتـە بنەمـا بـۆ خۆدروسـتکردن و بەدەسـتهێنانی ناسـنامە، دەبێـتە هـۆی ونبـوون و پەراوێزکەوتن و نەناسینەوە، کە ئەوەش مانای

ئەوەیە لەبری بەدەستهێنانی ناسنامە، ونبوون و تەنانەت لەناوچوونی خودێک دەکاتە واقیع کە چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرێت ناسنامە بەدەستبهێنێت.
قسەکەر بۆ ئەوەی ئاسایی بوونی هەموو جوولەیەکی نێو ئەم گەردوونە نیشان بدات، چەند پێوانەو ڕێسایەک رادەگەیەنێت. ئەو پێوانەو ڕێسایانەش لە ڕێگای زمانی شیعری و تێکەڵاو بە وێنەو بە هونەرەکانی شیعر نیشان دەدات. لێرەدا ئامانجێک لە پشتی ئەم دەربڕینانەوە راوەستاوە ئەویش نیشاندانی جیهانێکە کە تیایدا شتەکان ئاوەژوون و هیچ شتێک وەکو ئەوە نییە کە پێویستە وابێت. لەم ڕووەوە قسەکەر بۆ ئەوی گوێگر دەدوێت، بەڵام وەکو پێشتریش ئاماژەمان بۆ کرد ئەو بۆ گوێگرێکی نائامادە دەدوێت، هەرچەندە هەندێجار قسەکەر بەجۆرێک بۆ گوێگر دەدوێت وەکو ئەوەی کە پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوانیاندا هەبێت، بەڵام لە ڕێگای زمانی دەقەکەوە ئاشکرا دەبێت کە پەیوەندییەکی لەوجۆرە بوونی نییە. قسەکەری شیعرەکە دەڵێت:

**کەی بیستووتە**
**سیمرخێک پەڕوباڵی خۆی دابێت بە گۆشتخۆرەکان**
**لەبەردەستیان دانیشتبێت**
**ئەگەر رووبار لاشەی شەکەتی خۆی بکات بە خەڵووز**
**راوچییەکان بۆ ناو مێرگی گەرمە ماچی**
**کارمامزەکان بەرێت**
**خۆی لە خوێنی سپی چناران هەڵکێشێ**

**رووبار نییە**
**ئەگەر سیروان بواری کاروانی خەڵووز**
**بدات و بپەڕێتەوە**
**سیروان نییە**
**گوێم لێبگرە**
**ئەمشەو دڵەکەم گۆمێکە**
**دەریایەکە بەسەر لەشی خامۆشی ئەم زەمینەدا**
**راکشاوەو**
**شەپۆل دەدات**
**چاوەڕوانی هەڵسانی لافاوی گریانە و نەسرەوتووە**
**ئەمشەو سەرم گۆمی مەندە**
**هەر گۆمی مەند دەزانێ چۆن وردەماسی**
**لەناو لەشیدا زاوزێ دەکەن**
**باوەڕ بە ئاوی خوڕ مەکە**
**هەر گۆمی مەند دەزانێت چۆن**
**نازی تاڤگە باڵابەرزەکان بکێشێ**
**بۆ باوەشی بچکۆلانەی**
**کانییە چاوکاڵەکانیان بەرێتەوە.**

پێشتر ئاماژەمان بۆ سیمرخ کرد کە باڵندەیەکی ئەفسانەییە. ناونانی ئەم شیعرە درێژە وەکو شەوێک لە شەوانی سیمرخ لە خۆیدا هەوڵێکە بۆ ئەوەی تەنانەت لە ئاستی ناونیشاندا خاسێت، یان هەر هیچ نەبێت سیمای

ئەفسانەیی بەم شیعرە ببەخشریت. ئاشکرایە ئەفسانە چیرۆکێکی خورافیە کە لە سەرەتای مێژووی تۆمارکراو، یان بیستراوەوە ئەفسانە بوونی هەبووەو ئاسایی پاڵەوان رۆڵی کاریگەرگەر و لەبەرچاوی تێدا دەبینێت و وێنەی خەیاڵاوی و ئەندێشەیی تێدایە وەکو وێنەو پەیکەری خواوەندەکان. هەروەها پاڵەوانی ئەفسانەیی و رووداوی سەیری تێدایە و دیاردە جۆراوجۆرەکانی سرووشت و کۆمەڵگەکان روون دەکاتەوە. دەشێ ئەفسانە شێواندنی رووداوە راستیەکان بێت، یان دەشێ پارچە پارچەبوونی ئایینە بێ گیانەکان بێت، یان بە کەسیکردنی بیرە فەلسەفی، یان بیرە ئەبستراکتەکان بێت. دیسان دەشێ ئەفسانە زانستی سەرەتایی بێت، روونکردنەوەی ئەوە بێت کە شتەکان لە راستیدا چین و چۆن بوونیان دەبێت (Bergen Evans: Dictionary of mythology،.1991، p:vii) هەروەک لە رووی بنیادیەوە، ئەفسانە زیاتر شێوازی گێڕانەوەیە. لێرەوە ئەم دەقە شیعریە بەشێکی ئاشکراو لەبەرچاو لە رەگەز و خاسیێتەکانی ئەفسانەی تێدایە. راستە قسەکەر قسە بۆ گوێگر دەکات لەم دەقەدا، بەڵام قسەکردنەکەی لەبەرئەوەی زیاتر قسەکردنە بۆ گوێگرێکی مەعنەوی، یان لە رووی فیزیکیەوە نائامادە، بۆیە زیاتر لە گفتوگۆی نێوان قسەکەر و گوێگر زیاتر سیمای گێڕانەوەی هەیە کە دەشێ گێڕانەوەش بۆ کەسی بەرامبەر بێت، یان گێڕانەوە بێت بۆ گوێگرێکی نائامادە.

قسەکەر لە دەربڕینێکی شێوە پرسیاریدا بە وشەی پرسیاری (کەی) لە گوێگر دەپرسێت داخۆ بیستوویەتی کە سیمرخ پەڕوباڵی خۆی دابێت بە گۆشتخۆرەکان؟ بەڵام لە رووی سیمانتیکەوە ئەم دەربڕینە ئەرکی پرسیار هەڵناگرێت و راستەوخۆ مانای رستەیەکی راگەیاندنی نەرێی هەیەو ئەو بە گوێگر دەڵێت تۆ هەرگیز نەتبیستووە کە سیمرخ وەکو باڵندەیەکی ئەفسانەیی کارێکی لەوجۆرە بکات؟ هەرچەند لێرەدا هێشتا ئەوە ئاشکرا نییە کە ئایا سیمرخ هێمایە بۆ بوویەکی تر؟ ئەگەر سیمرخ هێمایە ئایا هێمایە بۆ چ ئەفریدەبوویەک؟ ئایا دەشێ مرۆڤ بێت؟ ئەگەر مرۆڤە ئەو مرۆڤە ئەفریدەبووی جوگرافیایەکی دیاریکراوە، یان مرۆڤە بەگشتی؟ هەروەک لە ئاستی نەگوتراوی ئەم دەربڕینەدا رستەیەکی هاورێک، یان هاوشان هەیە بۆ گۆشتخۆرەکان کە ئەویش مرۆڤخۆرەکانە. ئەگەر بەم بارەیاندا لێکدانەوە بۆ ئەم دەربڕینە بکەین، ئەوا ئامانجەکە ئاشکراتر دەبێت و ئەوە دەگەیەنێت کە هەرگیز مرۆڤەکان ئامادەنەبوون خۆیان بخەنە بەر کەڵبەی مرۆڤخۆرەکان کە دەشێ ئەو مرۆڤخۆرانە بەلایەکدا وەها لێکبدرێتەوە دڕندەبن، بەڵام زیاتر بەو لایەدا لێکدەدرێتەوە کە مرۆڤە خوێنڕێژەکانبن و لە ئاستێکی سادەتردا دەشێ هێما بێت بۆ هەموو دەسەڵاتێک، لەکاتێکدا ئاشکرایە کە هیچ دەسەڵاتێک نییە ئامرازی سەرکوتکردنی نەبێت بەڵام دیارە بە ئاستی جیاواز.

قسـەکەر وەکـو پێشـتر ئاماژەمـان بـۆ کـرد، هەنـدێ پێوانـە دادەنێـت بـۆ جێگیرکردنـی شووناسـی شـتەکان و هـەر لادانێکیـش لـەو پێوانانـە دەکاتـە بەڵگـە بـۆ ونکردنـی ناسـنامە لەلایـەن ئـەو شـتانەوە. رووبـار کـە رێگای ئاسـایی خـۆی دەبڕێـت و بـەرەو ئامانجێکـی ئاشـکرا رێـگا دەکات کـە دەریایـەو لـە هەمـان کاتـدا رووبـار پارێـزەری ژیانـی بەشـێک لـە زیندەوەرانـە، ئەگـەر ئەرکـی سـەرەکی خـۆی کـە پاراسـتن و رۆیشـتنە بـەرەو ئامانجەکـەی بگۆڕێت، ئەویـش بـە ئاشـکراکردنی شـوێنی نێچیـرەکان بـۆ راوچیـەکان، مانـای وایـە خاسـێتی رووباربوونـی لەدەسـتداوە. هـەروەک لـەم رووەوە وەکـو رووبـار نـاوی سـیروان دەهێنێـت کـە ئاشـکرایە سـیروان وەکـو رووبارێـک کـە بـە نیشـتیمانی ئێمـەدا تێدەپەڕێت و ژیانـی زۆرێـک لـە خەڵکـی پێـوە بەنـدەو، ئامادەبوونێکی لەبەرچاوی لە فۆلکلۆر و تەنانەت لە شـیعری کوردیشـدا هەیـە و هێمـای رووبـاری سـەرکەش و زینـدووە لەسـەر زێدی ئێمـە و سـەرچاوەی ژیـان و زیندەگانییـە بـۆ رووبەرێکـی فـراوان لـە مرۆڤ و لـە زینـدەوەران، ئەگـەر رێـگا بـدات بـەوەی کاروانـی خەڵـوزی پێدا بپەڕێتـەوە، ئـەوا ناسـنامەی خـۆی لـە دەسـت دەدات. دیـارە ئـەو دەلالەتـەی کـە کاروانـی خەڵـوز هەڵیدەگرێـت، راسـتەوخۆ لەگـەڵ ژیـان و زیندەگانیـدا ناکۆکـە. واتـە لێرەداو لـە ئاسـتێکی قووڵتـردا دووانەیەکـی دژ، یـان بەرامبـەر پێکدێ کـە دووانـەی (خەڵوز- رەشـی- تاریکی\ ئـاو -سـپێتی-رووناکی) ە کـە لەپشـتی ئـەم

دووانەیـەوە دوانەیەکـی تـر بەرهەمدێـت ئەویـش دووانـەی (ژیان\مـردن)ە. لـە راستیشـدا لەدەسـتدانی ناسـنامە بـۆ بوویەکـی خـاوەن ناسـنامە جۆرێکـە لـە مـردن.
قسـەکەر بـەردەوام دەبێـت و دڵـی خـۆی وەکـو وشـەیەکی سـەرەکی دەکاتـە ناوەنـدو لێکچوونـی پێدەکات بـە مەبەسـتی دەرخسـتنی بەشـێک لـە بـوون و تواناو خاسـێت و کارەکانـی خـۆی. سـەرەتا دڵـی بـە گۆمێـک دەچوێنێـت، پاشـان بـە دەریایـەک. هـاوکات زەمین، یـان زەوی بـە مرۆڤــ دەچوێنێت کـە دڵـی خـۆی واتـە گـۆم، یـان دەریـا کـە بەسـەر لەشـی زەویـدا راکشـاوە. گـۆم، یـان دەریـا بەشـێکن لـە زەوی هەرچـۆن دڵ بەشـێکە لـە لەشـی مرۆڤــ و هەرچـۆن دەریاش لەسـەر پشـتی زەوی لـە شـوێنی خۆیـدا شـەپۆل دەدات، بەهەمـان شـێوە دڵیش لەنـاو لاشـەدا لێدەدات و لـە بـەرەدەم هەڵچـوون و وروژاندایـە، بـەڵام لـە شـوێنی خۆیـدا جێگیـرە. واتـە لێرەدا مرۆڤــ و زەوی وەکـو دووانـەی هاوشـێوە لەپاڵ یەکتـر دادەنرێـن. ئەمـەش دەشـێ لـە ئاسـتیکدا دەلالەتـی گرنگـی و پڕبەهایـی ئـەم دووانـە پێکـەوە هەڵبگرێـت. ئەمـی قسـەکەر جارێکـی تـر سـەری خـۆی دەچوێنێـت بـە گۆمـی مەنـد، یـان گۆمـی مەنـگ و وەسـفی ئـەو گۆمـەش دەکات کـە شـوێنی زاوزێـی وردە ماسـیە. لێـرەدا وردە ماسـی هێمایـە بـۆ بیروبۆچـوون. بـەم پێیـە دیـارە مەبەسـت لـە لەدایکبوونـی بیروبۆچوونـی جۆراوجـۆرە لـە مێشـکدا. ئـەم مێشـک وەکـو گۆمـی مەنـگ نیشـان دەدات، گۆمـی مەنـگ هاوتایـە لەگـەڵ

مێشکی هێمندا و گۆمی مەنگ هەڵگری نهێنی زیاترە. ئەمەش لایەنگری ئەو بۆچوونە دەکات کە پێیوایە مرۆڤی هێمن باشتر رادەمێنێت و بیر دەکاتەوە. هەروەک گۆمی مەنگ ئامێزی دەکاتەوە بۆ لە باوەشگرتنی تاڤگە سەرکەشەکان، هەرچۆن مرۆڤی هێمن مێشکی دەکاتەوە بۆ وەرگرتنی هەموو بیرۆکە بەرزو نایابەکان و چۆنیش جێگای ئەو بیروبۆچوونانە دیاری دەکات و هەوڵیش دەدات هەریەکەیان بگێڕێتەوە بۆ ئەو سەرچاوەی کە لێیەوە هاتووە، هەمان ئەو شێوەیەی کە تاڤگەکانیش لە کانییەکانەوە دروستبوون. لێرەدا سەرباری لێکچواندن و هاوڕێکبوون لە نێوان مرۆڤ و سرووشتدا سوڕێکی سرووشتی لە گۆڕانکاریش نیشان دەدرێت کە دروستبوونی تاڤگەکانە لە کانییەکان و رژانە خوارەوەی ئاوی تاڤگەکانە بۆ ناو گۆمی مەنگ و لەوێشەوە گەڕانەوەیان بۆ کانییەکان.

قسەکەر جارێکی تر بانگی گوێگر دەکات، هەرچەندە دووبارە پێی دەڵێت کە گوایە ئەوان بەتەنیا هەردووکیانن، بەڵام ئاشکرا نییە کە ئایا گوێگرێکی ئامادەیە، یان قسەکەر تەنیا لە چوارچێوەی خەیاڵدا وێنای ئەو دەکات و بۆ گوێگرێکی وەهمی دەدوێت. قسەکەری شیعرەکە دەیەوێت بەشێک لە ئۆتۆبایۆگرافیای خۆی بۆ گوێر بگێڕێتەوە، یان دەشێ بڵێین لە شێوەیەکی تردا قسەکەر لەسەر گێڕانەوە بەردەوام بێت و لە بارێکی وەهاشدا خوێنەر رۆڵی گوێگر دەبینێت. هەروەک چەندینجار دووبارەکردنەوەی دەربڕینی

(ئەمشەو تەنیا هەر من و تۆین) ناڕاستەوخۆ ئەوە دەردەخات کە قسەکەر تەنیایەو بۆ خۆی دەدوێت و هەست بە تەنیاییەکی قووڵیش دەکات و چەند بارەکردنەوەی ئەم دەربڕینە لە رووی دەروونییەوە بۆ رەواندنەوەی ئەو باری ترسەیە کە تەنیایی بۆی دروستکردووە. قسەکەر دەڵێت:

**وەرە با باسی شەوانی بەفر و مانگ و دڵداریی خۆمت**
**بۆ بکەم**
**هەموو شەوێ کە کۆچ دەکەم**
**تۆ شۆخێکی بە پاڵتۆیەکی رەشەوە**
**تێکەڵ بە بارانی شەوی گشت شەقامەکانی بەغدا**
**دەبیت و خۆت لە شەوقی لایتی**
**تاسەکانم دەپارێزیت کە دەتگەمێ**
**باران ئیتر دادەکاسێت و دەڕوات و ناشواتەوە**
**تا رووبارەکان نەتەزین**
**تاوەکو گۆی مەمکەکانت دوو گوڵەبەفرینە نەگرن**
**ناشواتەوە**
**دڵی منیش گڕەیەکی ئەشقی ساڵانی تەنیایی**
**خوداوەندە**
**لە هاویندا، دەست لەگەڵ پەریی خرپنی**
**بەفردا تێکەڵ دەکات**

ئـەو شـوێنەی قسـەکەر تیایـدا دەدوێـت بەغدایـە و ئەمـی قسـەکەر، یـان شـاعیریش لەبـاری هەسـت بـە تەنیاییکردنێکـی خنکێنەردایـەو وێڵـی دۆزینـەوەی کەسـێک، یـان گوێگرێکـە بـۆ ئـەوەی لـە ڕێگای دواندنەوە ترسـی تەنیایی بڕەوێنێتەوە. ئەو لـە خەیاڵـدا گوێگرێـک ئامـادە دەکات و وێنـای جۆراوجـۆری بـۆ دەکێشـێت. ئـەوەش بـە مەبەسـتی ئـەوەی قەناعـەت بـە خـۆی بهێنێت کە کەسـێکی لەوجۆرە لە بەردەمیدا ئامادەیەو وەکـو گوێگـر دەیدوێنێـت. لـە دواندنەکانیشـیدا باسـی ئـەوی گوێگـر دەکات، وەکـو ڕەگـەزی بەرامبـەر، واتـە ئـەوی ئافرەت لەگەڵـی دەدوێـت و هاوکاتیـش واینیشـان دەدات ئەگـەر دڵدارەکەیشـی نەبێـت ئـەوە ئافرەتێکە کـە ئەم پێی سـەرسامە. بـەڵام ئاشـکرایە ئـەو سـەرسامیە تەنیـا لای ئەمەوەیـە. بۆیـە باسـی ئـەوەی بـۆ دەکات کاتـێ لـە شـەوانی تەنیـای و لـە شـەقامەکانی بەغدادا بـە پاڵتۆیەکـی ڕەشـەوە دەیبینێت تێکەڵ بـە بارانـی شـەو دەبێـت. لێرەدا لێکچوونێـک لە نێوان ڕەش و شـەودا دروسـت دەکات کـە دەبێتـە لێکچـوون لـە نێـوان ڕەش و تاریکیـدا. واتـە ڕەشـی پاڵتۆکـەی ئـەو و تاریکـی شـەو جۆرێـک لـە هاوشـێوەبوون لـە نێوانیانـدا هەیـە. سـەرباری بەرهەمهێنانـی وێنەیـەک لـە جوانـی، بـەڵام دیسـان ڕەشـی و تاریکیـش هەردووکیـان دەبنـە خاسـێتی بەشـێک لـەو فەزایەی کـە تەنیایـی تێدا زەقتـر دەبێتـەوەو تێیـدا ترسـناکتر دەبێت. ڕاسـتە ئـەوی شـاعیر وەکـو ڕزگارکەرێـک لـەم دەڕوانێـت کـە لـە تەنیایـی شـەوی تاریـک دەربـازی بـکات و ببێتـە هـاودەم

و هاوشـان بۆی، بەڵام نائامادەیی ئەم گوێگرە کە ئافرەت، یـان رەگـەزی دووەمـە، لـە ئاسـتێکی تـردا زیاتـر زەمینـەی تەنیـای ترسـناکتر دەکات و ئەمـی شـاعیر، یـان قسـەکەر دەگەیەنێتـە ئاسـتێک کـە سـەرباری ئـەو بـارە ناجـۆرەی تێیدایـە کـە تەنیاییەکـی ترسـناکە، یۆتۆپیایـەک دروسـت بـکات کـە تیایـدا بـگات بـەوی ئافـرەت کـە ئـەوی گوێگـرە. لێـرەوە دەشـێ ئەگـەری ئـەوە هەبێت، ئـەو بەیەکتـر گەیشـتنە هەمـوو شـتەکان بگۆڕێت و کۆتایی بـە باری تەنیایی و هەسـتکردن بـە تەنیایـی و تـرس لـە تەنیایـی و ونبـوون کۆتایـی پێبهێنێـت. دیسـان دووانەیەکـی بەرامبـەر لـە پێکهاتـەی زمانـی دەقەکـەدا بەرهـەم دێـت کـە ئـەو واینیشـان دەدات پێکهاتنـی ئـەو دووانـە بەرامبـەرە گەیشـتنە بـە بارێکـی هاوسـەنگ و دروسـتبوونی جۆرێـک لـە هارمۆنیایـە، نـەک هـەر لـە نێوان ئەم و قسـەکەردا، بەڵکـو بـە گشـتی بـۆ سرووشـت و گەردوونیـش. کاتـێ ئـەم دەگات بـە قسـەکەر، بـاران راناوەسـتێت هەتـا رووبـارەکان نەتەزێـن. دڵـی ئەمیـش وەکـو خـۆی وەسـفی دەکات گـڕەی عەشـقە، ئـەوەش هاوشـێوەی گـڕەی وەرزی هاوینـە. دڵـی گەرمـی ئـەم دەسـت لەگـەڵ بەفـر تێکـەڵ دەکات، ئـەوەش لـە ئەنجامـی ئـەو بەیـەک گەیشـتنەدا کـە لـە نێوانیاندا روودەدات.

ئێستا دووانەی ( رووباری تەزیوو \ گڕەی عەشق (هاوین)) وەکو دووانەیەکی دژ، یان بەرامبەر جۆرێک لە هاوسـەنگی دروسـت دەکـەن کـە لـە ئەنجامـی ئەوەشـدا دڵی گەرمـی ئـەم و بەفر تێکـەڵاوی یەکتر دەبن. ئەو تێکەڵاوبوونەش گەیشـتنە

بە بارێکی مامناوەند، یان پێکەوەسازان و دروستکردنی جۆرێک لە هارمۆنیا کە مەبەست لەوەش پێکگەیشتن و پێکەوە گونجاندنە. ئەمەش بە مانای رزگاربوونی ئەمی قسەکەر، یان شاعیر دێت لەو بارە تەنیاییەی کە تێیدایە. لە راستیشدا بیرۆکەی سەرەکی شیعرەکە تا ئەندازەیەکی ئاشکرا بەرجەستەی ئەم بارە دەکات کە باری نەبوونی پەیوەندییەکی هاوسەنگە لە نێوان مرۆڤەکاندا. یەکێک قسە دەکات، بەڵام گوێگرێکی هاوشان، یان بەرامبەر و هاوتا بوونی نییە تا گوێی لێ بگرێت و لێی تێبگات. ئەمەش ئەو بارەیە کە تیایدا مرۆڤ دەگاتە ئاستی هەست بە تەنیایی کردن، بە تایبەتی کە ناوەند، یان رایەڵەیەک نەمێنێت بۆ لێکتر تێگەیشتن. ئەو کاتەش تەنیا دەروازەیەک کە باسی پێویستبوونی پێکەوەبوون و لێکتر تێگەیشتنی دوو رەگەزە بەرامبەرەکەی لێوە بکرێت لە کۆی پەیوەندییە مرۆییە مادی و مەعنەوییەکان تەنیا دەروازەی باسکردنی پەیوەندیە جەستەیەکانی نێوان ئەم دوو رەگەزەکەیە. قسەکەری ئەم دەقە شیعریە نموونەی ئەو مرۆڤەیە کە هەست بە روخاندنی هەموو پەیوەندییەکان دەکات، بۆیە کەس نادۆزێتەوە لەگەڵی بدوێت و بە ناچاری گوێگرێکی وەهمی دروست دەکات تا بۆی بدوێت.

قسەکەر بۆ زیاتر دەرخستنی هەمان باری شێواوی هارمۆنیای ژیان، لە رێگای قسەکردنییەوە بۆ گوێگر و لە رێگای دەربڕینی چەندین رستەو وێنەی شیعریەوە فەزای

ئـەو بـاری هەسـت بـە تەنیاییکردنـە زیاتـر قـووڵ دەکاتـەوە.
قسـەکەر دەڵێـت:

**ئاوم ئاگر پەرستێکە**
**لە بیاباندا چاتۆڵی خۆی هەڵدەدات**
**چونکە سیمرخ تا ئاگر گەرمتر سەما**
**لەسەر پووشی هێلانە وشکەکەی بکات**
**ئارامتر سەرهەڵدەبڕێت و**
**باڵ بەیەکدا دەداو باوەش**
**بەلەشی ئاگردا دەکات**
**سیمرخ هێلانە لە چیلکەی داری دۆزەخ دروست دەکات**
**کە گڕی گرت، تاکو باران نەیشواتەوە خەفە نابێ و**
**شەوچراخی گەردانەکەی شازادە نادۆزرێتەوە**

قسـەکەر بە ناوی خۆیەوە قسـە دەکات و باسـی خاوەندارێتی خۆی دەکات بۆ ئاو، بەڵام ئەو ئاوەی ئەو جۆرێکی تایبەتە چونکـە ئاشـکرایە هەمیشـە ( ئـاو / ئاگـر ) دووانەیەکـی دژ، یـان بەرامبـەرن و باڵادەسـتی یەکێکیـان ئەویتریـان لەنـاو دەبـات. هەردووکیـان هەریەکـە بەجۆرێـک سـەرچاوەی ژیانـن، بـەڵام دژو بەرامبـەرن و سـەرئەنجام لەبەرامبـەر یەکتر وەسـتانیاندا جۆرێک لـە هاوسـەنگی دروسـت دەکات. ئـەو ئـاوەی قسـەکەر باسـی دەکات ئـاوی ئاسـایی نییـە چونکـە ئـەم ئـاوە لـە بیابانـدا ئامادەبوونـی خـۆی دەنوێنێت، کـە ئاشـکرایە یەکێـک لـە خاسـیەتەکانی بیابـان ئەوەیـە کـە

ئاوی تێدا نییە. ئەم بوونی ئاو لە بیاباندا دەبەستێتەوە بە بارێکی تایبەتی ژیانی سیمرخەوەو لەوەشدا سیمرخ وەکو باڵندەیەکی خەیاڵی، یان خورافی نەک لەگەرمای بیابان و ئاگر بێ باکە بەڵکو کاتێ ئاگر لە هێلانەکەی بەردەبێت ئەم بێباکانەو بە هێمنی باوەش بەئاگردا دەکات.
لێرەدا سەرباری بنەمای ئەفسانەیی ئەم بەرجەستەکردنە بەهۆی باڵندەیەکی ئەفسانییەوە کە هێلانەکەی گڕدەگرێت و بەئاسانی ئەو ئاگرەش کپ نابێتەوە تا ئامانجێک بەدینەیەت کە ئەویش دۆزینەوەی شەوچراخی گەردانەی شازادەیە. کەواتە لێرەدا جۆرێک لە قوربانیدان هەیە لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجێکدا کە سیمرخ هێلانەکەی دەسوتێ و نغرۆ دەبێت، بەڵام لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجێکدا لەبری کاردانەوە، بە هێمنی پێشوازی لەو ئاگرەو سووتانی هێلانەکەی دەکات. لێرەدا ئاماژەیەک بۆ دانبەخۆداگرتن هەیە لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجدا. هەروەک بارێکی هێمن و هاوسەنگ وەکو جۆرێک لە هارمۆنیا لە فەزای دەقەکەدا پێکدێت کە ئەویش زیاتر دووانە دژەکان دروستی دەکەن وەکو ( ئاو / ئاگر )، ( وشکی بیابان / تەڕی ئاو )، ( گەرمتر، ورووژاوتر / ئارامتر )، ( گڕ/ باران ). ئەم دووانە بەرامبەر، یان دژانە دوو دیمەن بەرجەستە دەکەن، یەکێک وشک، توند، سووتاو، بێبەرهەم، لە بەرامبەردا دیمەنێکی تەڕ، باراناوی، نەرم، کە ئەوەش مایەی بەرهەمداری و زیندەگانییە. دیارە ئەنجامی

ئـەوەش دۆزینـەوەی گەردانەکـەی شـازادەیە. بـەڵام ئایـا گەردانەکـەی شـازادە چییـەو چ مانایەکی هەیـە؟ ئایـا تەنیـا گەردانەیـە، یـان هێمایـە بۆ شـتێکی تـر؟ ئەی شـازادە کێیـە؟ ئایـا ئەویـش بەراسـتی شـازادەیە، یـان هێمایـە بـۆ شـتێکی تـر؟ بەهەرحـاڵ ئـەوەی لێرەداو لـە ئاسـتی نەبینـراوی زمانـی دەقەکـەدا دەبینرێـت ترسـێکی گەورەیـە، تـرس لـە تەنیایـی، تـرس لـە بوونـی تەنیایی، کـە ئـەوەش بارێکـە پەیوەنـدی بـە بوونـی ئەنتۆلۆجیانـەی مرۆڤـەوە هەیـە و دەشـێ لـە ئاسـتی قووڵـی تێگەیشـتندا سـەرئەنجام مرۆڤــ بـە گشـتی بوویەکـی تەنیـاو دابـڕاو بێـت لـە هەمـوو ئەوانـی تـری دەوروبـەری و تەنانـەت زمانێکـی راسـتەقینەی لـە یەکتـر تێگەیشـتنی تەواوەتیش لـە نێوانیانـدا نەبێت. ئەوەش سـەرچاوەی هەسـت بـە تەنیاییکـردن و ترسـی مرۆڤــ بێـت لـە هەمـوو چرکـە ساتێکدا. بە هێماکردنی سیمرخ و پێدانی کۆمەڵێ خاسێت بەو باڵندەیە، دەشێ بۆ ئامادەکردنی زەمینەیەک بێت کە تیایـدا ئاماژەیـەک بـۆ رزگاربـوون لـە هەمـوو مەترسـیەک هەبێـت، بـەوەی کـە کۆمەڵـێ خاسـێتی سـەروسرووشـت و ئەودیووی بڕواپێکردنی پێدەبەخشرێت ئەویش بە مەبەستی دۆزینـەوەی دەروازەیـەک بـۆ رزگاربـوون، تەنانـەت ئەگـەر ئـەو دۆزینەوەیـە جۆرێـک لـە خەیـاڵ، یـان دروسـتکردنی یۆتۆپیـاش بێـت هێشـتا تیشـکی دەرکەوتنـی ئاسـۆیەک بـۆ ئاینـدەی مرۆڤایەتـی نیشـان دەدات.

لـە کاتێکدا سیمرخ بە هێمنی باوەش بە ئاگردا دەکات، مانای

وایە جووڵەیەکی بەرەو گۆڕانکاری دەبینرێت و ئاماژەیەک هەیە بۆ ڕەوینەوەی ترس. لەم رووەوە قسەکەری دەقەکە دەڵێت:

**ئەمشەو دنیا ئەشکەوتێکە**
**نە کۆتری ترس چینەی تێدا دەکات**
**نە جاڵجاڵۆکەش دەتوانێت دەرگاکەی جۆلآیی بکات**
**ئەم ئەشکەوتە نەبێت برووسکە دەمکوژێت**
**چونکە هەتاو تاکو ئاوەها**
**لە چاوەکانمەوە تیشکی سەربکات**
**نەتوانم بیشارمەوە دەست بۆ هەرچی ئاوێ بەرم**
**لەناو لەپمدا دەبێتە مشتی خۆڵەمێش.**

قسەکەر جارێکی تر کات و شوێن دیاری دەکات، کات شەوە، شوێنیش ئەشکەوتێکە، بەڵام لە راستیدا ئەو ئەشکەوتە وەکو ناوەند، یان چەقێکە کە دنیا لێکچواندنی بەو پێدەکرێت و ئەشکەوتەکەش چۆڵەو نە باڵندەی ترسی تێدایەو و نە جاڵجاڵۆکەش تەونی خۆیی تێدا دەچنێت. ئەم دوو خاسیێتەی کە وەسفی گەوهەری ئەشکەوتەکەیان پێدەکرێت ئەرکی دەرخستن، یان سەلماندنی چۆڵی ئەشکەوتەکە دەبینن. ئەم ئەشکەوتە چۆڵە وەکو شوێن جێگایەکە بۆ خۆحەشاردانی ئەم، یان بۆ ئەوەی ئەم خۆیی تێدا بپارێزێت. بە تایبەتی کە پێیوایە ئەم ئەشکەوتە رۆڵی شوێنی حەشاردان و خۆشاردنەوە دەبینێت و هەموو

چالاکی و خاسیەتەکانی ئەم لەخۆ دەگرێت و سەرکوتیان دەکات، یان دەیانوەستێنێت، بەمەش پرۆسێسی حەشاردان، یان شاردنەوە دەگاتە ئەنجام و دەشێ لێرەشەوە کەسی قسەکەر، یان شاعیر، یان کەسی ئامادەی سەر جوگرافیای دەقەکە لە ئەنجامی خۆشاردندا لە بەشێکی ئەو ترسە خنکێنەرە رزگاری ببێت کە بەردەوام هەڕەشەی لێدەکات.، یان ئەم لە خەیاڵدا وای دەبینێت لەبەردەم هەڕەشەی ترسێکی لەوجۆرەدایە. ئەمی قسەکەر تەنانەت لەم باری خۆحەشاردانەشدا بەردەوام داوا لەوی گوێگر دەکات کە لەگەڵیدا بێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە سەرباری خۆحەشاردان لە دنیایەکدا کە وەکو ئەشکەوتێکی چۆڵەو ترسی تێدا نییە کەچی هێشتا ئەم دەترسێت و دەیەوێت هاودەمێکی هەبێت و تەنیا نەبێت.
سیمرخ کە ناونیشانی شیعرەکەیە و بەردەوام لە وەسفی جۆراوجۆر و بەخاسێتی نوێ و جۆراوجۆرەوە لە پانتایی دەقەکەدا چەندینجار ناوی دووبارە دەبێتەوەو وەکو وشە، یان ناوێک رۆڵی کلیل دەبینێت بۆ کردنەوەی دەرگای دەقەکە، یان کلیلی کردنەوەی زۆرێک لە کۆدەکانی دەقەکە. دیسان وەکو هێڵ، یان رایەڵەیێکی سەرەکی رۆڵ دەبینێت لە پێکەوەبەستنی بەشە پارچە پارچەبووەکانی دەقەکەدا. دیارە دەشێ شێوەی پارچەپارچەبوون لە دەقەکەدا هاوڕێکی پارچە پارچەبوونی مرۆڤ و مرۆڤایەتی بێت لە دنیای هاوچەخدا و ئەوەش دەلالەتی لە

دەستدانی ناوەندبوونی مرۆڤ یان باڵادەستبوونی مرۆڤ و لە دەسچوونی باڵادەستبوونی هەژموون و دەسەڵاتی مرۆڤ لەم گەردوونەدا هەڵبگرێت، یان بەرجەستەی ئەو واقیعە بکات کە تیایدا مرۆڤ لە بەردەمی ترسدا پارچە پارچەبووەو ناکاراو پاشکۆیە. قسەکەر ئەمجارە باسی سیمرخ دەکات و رەنگی دەریا دەگوازێتەوە بۆ ناو دڵی سیمرخ. لەم رووەوە دەڵێت:

**چۆن لەناو دڵی سیمرخدا**
**رەنگی دەریا شینایی چاوی ئاسمانە**
**گەوهەرەکانی ئەستێرەی دەستەمۆی شەپۆلن.**

دیارە ئاشکرایە کە رەنگی دەریا و شینایی ئاسمان هاوشێوەن. لێرەشەوە گەوهەری ئەستێرەی ئاسمان و رۆحی دروستکەر و بزوێنەری شەپۆلەکانی دەریان هاوشێوەن و تەنانەت هاوڕێ و هاودەمن. لە نێوان ئەم دەریاو ئاسمانەدا باران پێکدێت و دەبارێت. بارینی باران لە روانگەی ئەمی قسەکەرەوە کۆتاییە بۆ شتێک، یان بۆ بارودۆخێک. دەشێ ئەو شتە، یان ئەو بارودۆخە بریتی بێت لەو ترسە خنکێنەرەی کە ئەمی تێدا دەژی، یان روودانی گۆڕانکارییەک بێت کە لە گەردووندا رووبدات و ئەوەش گۆڕانی گەورەتر و هەمەلایەن دروست بکات و لەو چوارچێوەیەشدا ترسەکەی ئەم کۆتایی پێبێت.، یان ئەم گۆڕانکاریە بارودۆخێکی تر بێنێتە ئاراوەو لە راستیشدا لە ناو پێکهاتە و بونیادی ئاڵۆزی ئەم گەردوونەدا

گۆڕانێک دروست بکات و سەرەتای قۆناغێکی تری جیاواز لەوەی ئێستا دەست پێبکات. بەڵام ئەوەی دەبینرێت هیچ بکەرێکی رووداو دروستکەر دیار نییە، بۆیە ئەگەر هەر گۆڕانکارییەکیش رووبدات ئەوا گۆڕانکاریی ناوخۆیی گەردوونە بە هەموو رەگەزەکانییەوە کە بزوێنەرەکەی لەناو بوونی ئەم پێکهاتە مادیە خۆیدایە. ئەمەش لە ئاستێکی تردا ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت کە گەردوون بە هەموو رەگەزەکانییەوە بۆ خۆی لە گۆڕانکاری بەردەوامدایەو مۆتیڤی ئەو گۆڕانکارییانەش دەرئەنجامی کارلێکی ناوخۆیی رەگەزە پێکهێنەرەکانی ئەم گەردوونەیە. ئەمەش هاوشێوە، یان هاورێکە لەگەڵ بنیادی زمانی دەقەکەدا کە کارلێک و پەیوەندی رەگەزە زمانییەکان لە ئاوەڵناوی زۆر و فرمانی ناتەواو، یان ناکاریگەر و بکەری ناکارا هۆکارن بۆ ئەوەی کە کەشی گشتی دەقەکە بە ئاستێکی هێمن و دوور لە هەڵچوون و تەقینەوە بجوڵێت. واتە هاوشێوەبوونێکی دیار لە نێوان جوولەی نێو بنیادی دەقەکە و جوولەی نێو گەردووندا هەیە. لەم گۆڕانکاریەدا کە ئەمی قسەکەر ئامانجێکی لەبەردەم خۆیدا داناوەو چاوەڕوانی بەدیهێنانی دەکات، تەنیا سیمرخ ئەو ئامانجە دەدۆزێتەوە. کەواتە ئەو رۆڵەی بە سیمرخ دەسپێردرێت چ ناسنامەیێک بە سیمرخ دەبەخشێت؟ ئایا بەڕاستی ئەوە سیمرخە کە ئەو ئامانجە دەستنیشانکراوە دەدۆزێتەوە، یان سیمرخ هێمایە بۆ هێز، یان عەقڵێکی تر؟

قسەکەر بۆ گوێگرێکی نەناسراو دەدوێت کە ئەو گوێگرە هیچ ناوێکی نییە، هەروەک قسەکەریش نەناسراوەو ناوی نییە تەنیا ئەوەندەیە کە دەشێ بگوترێت کەسێتی شاعیر خۆیەتی و لە ڕێگای قسەکەرەوە دەدوێت. لەوەشدا هەرچەندە لە شێوەی داخوازیدا لەگەڵ گوێگر دەدوێت، بەڵام نائامادەیی تەواوەتی گوێگر و نەناسراوی قسەکەریش زیاتر شێوازی گێڕانەوە بە دەقەکە دەبەخشێت، بە تایبەتیش لە کاتێکدا دەقەکە دەقێکی درێژەو هیچ دابەشکردنێکی تێدانییە و نە لەسەر ئاستی دێڕ و نە لە شێوەی کۆپلە (stanza)دا دابەشنەکراوەو، تەنانەت لە سەرتای دەقەکەوە تاکو کۆتایی فاریزەو خاڵیشی تێدا نییە. ئەمەش لە ڕووی بنیادی دەقەوە دەشێ ئەوە بگەیەنێت کە دەقەکە یەکەیەکی یەکگرتووەو لە هیچ ئاستێکدا دابەشناکرێت و وەستانی تێدا نییە، بەڵکو پێکهاتەیەکی تێکەڵاوەو جۆرێک لە بەناویەکداچوونی تێدایەو ئەوەش هاوڕێکە لەگەڵ ئەو قۆناغەی ژیان کە دەقەکەی تێدا بەرهەمهاتووە کە قۆناغێکی ئاڵۆزو پشێو و جیهانێکی لێکترازاوەو هیچ سنوور و جیاکەرەو بەربەستێکی تێدا نییە، هەرچۆن بنیادی دەقەکە ڕستە بە دوای ڕستەدا ڕیزبووەو وێنە بە دوای وێنەدا هاتووەو هیچ خاڵبەندیەکی تێدا نییە تا بەچاوی ئاسایی ببینرێت، لە کوێدا ڕستەیەک تەواو دەبێت، ڕستەیەکی نوێ دەست پێدەکات.قسەکەر داوا لەوی گوێگر دەکات کە گوێ بگرێت:

**دە گویٚ بگرە لە جریوەی ئەستێرەکان**
**تا بزانیت چۆن باسی یەخسیریی خۆیان**
**بەدەست بازنە بۆشەکەی**
**مەدارەکانەوە دەکەن خۆ گشت کەسێک سیمرخ نییە**
**تا لەناو گڕی هەتاودا بحەوێتەوەو نەسووتێت**
**ئەمشەو لە جێگای خۆمەوە وەک هەمیشە زیندانییەک**
**سەرهەڵدەبڕم سەیری ئەستێرەکان دەکەم**
**ئەم ئاسمانەم تاریک و لینجە وەکو گۆڕ**
**گۆڕەوشاری یەک بەیەک ئەستێرە کزەکان دەدات**

شاعیر لە ئاستێکی قووڵ، یان نەبینراوی دەقەکەدا لێکچوون لە نێوان خۆیی و ئەستێرەکاندا دەکات لەو رووەوە کە ئەم و ئەستێرەکان ئازاد نین. ئەم لەبەردەم ترسێکی خنکێنەردا دەناڵێنێت و ئەستێرەکانیش یەخسیر، یان دەستبەسەرن ئەویش لەبەرئەوەی ئاسمان سنوورەکانی جووڵەی لێ تەسک کردوونەتەوە. لێرەدا چەند وێنەیەک بەرجەستە دەکرێت کە وێنەی قۆناغی دوای رۆمانسیزمن کە ئەوەش لەگەڵ ئەو جیهانە شێواو لێکترازاوەدا یەکدەگرێتەوە کە ئەم دەقە بەگشتی لەهەوڵی وێناکردن و بەرجەستکردنیدایە. وێنەی باوی رۆمانسی پەیوەست بە ئاسمان و ئەستێرەکانی، بریتیە لە ( بەڵام ئاسمان و ئەستێرەکانی \ پێدەکەنن تا بەری بەیانی ) ( ئەستێرەی مەغریب وەک قەترەی ئەمەل \ کز کز دەتکێنە ناو بەفری سەرکەل ).

بەڵام ئەو وێنانەی سەبارەت بە ئەستێرەو ئاسمان لەم دەقەدا پێشکەش دەکرێن جیاوازە لەو وێنە رۆمانسیانەی کە سەرتاپا بەرهەمهێنی جوانی و جوڵێنەری هەستی جوانی پەرستین. لێرەدا (ئەستێرەکان باسی یەخسیری خۆیان دەکەن )، یان ( ئەم ئاسمانە تاریک و لینجە وەکو گۆڕ گۆڕەوشاری یەک بەیەک ئەستێرە کزەکان دەدات ). هەمیشە لە وێنەی رۆمانسیدا باسی ئەستێرە گەشەکان دەکرێت نەک ئەستێرە کزەکان. هەمیشە ئەستێرەکان هێمنی و درەوشانەوەو جوانی و هیوا پەخش دەکەن و ئازادی و سەربەستی جووڵە نیشان دەدەن و هێمای بەردەوامی و ڕانەوەستانن. هەروەک گەشەکانیان هێماو هاوتای یاری دولبەرن. بەڵام لێرەدا ئاسمان لینجەو بووەتە گۆڕو گۆڕەوشاری ئەستێرەکان دەدات، واتە سزایان دەدات و لەناویان دەبات. ئەمی قسەکەریش خۆی دەچوێنێت بە ئەستێرەکان و وەکو زیندانییەک سەیری گۆڕەوشاردانی ئەستێرەکان دەکات. لەم دیمەنەشدا ئەم و ئەستێرەکان لە یەکتر دەچن چونکە هەردووکیان زیندانین. ئەستێرەکان زیندانی دەستی ئاسمانێکی لینجن، ئەمیش زیندانی دەستی ژیان و جیهانێکی شێواو و لێکترازاوە. ئەم نموونە، یان هێمای هەموو مرۆڤایەتییە کە بەدەستی ئەم جیهانەوە دەناڵێنێت، یان لەئاستی ناوخۆیدا هێمایە بۆ کۆی مرۆڤی ئەو زەمینەی کە دەقەکەی تێدا بەرهەمهاتووە کە بەدەست نەبوونی ئازادی و مافە بنەڕەتیەکانی ژیانیانەوە دەناڵێنن.

هەروەک قسەکەر پاساوێک بۆ لاوازی خۆیی کە نموونەی مرۆڤایەتیەو بۆ ئەستێرەکانیش کە نموونەی رەگەزەکانی نێو ئەم گەردوونەن دەهێنێتەوەو رایدەگەیەنێت کە تەنیا یەک شت هەیە کە دەتوانێت لەنێو ئەم دۆزەخی سووتاندنەدا دانبەخۆیدا بگرێت بێ گوێدان بە ئازارو قرچەقرچی سووتان بە ئارامی بجولێت و رەفتار بکات ئەویش سیمرخە، واتە ئەو باڵندە ئەفسانەییەی کە هێمایە بۆ هێزێک بەلام تاکو ئێستا لە جوگرافیای دەقەکەدا ناسنامەی ئەوی سیمرخ ئاشکرا نییە، هەمان شێوەی ناسنامەی قسەکەرو گوێگریش.

قسەکەر لە خەیاڵێکی مەودا فراواندا وێنەی ئاسمان و ئەستێرەو ماسی دەکێشێت و جۆرێک لە یاری و پێکگەیشتن لە نێوانیاندا دروست دەکات و پاساو بۆ ئەم خەیاڵەش دەهێنێتەوەو دەیخاتە چوارچێوەی خەونبینینەوە.
قسەکەری شیعرەکە دەڵێت:

**چوار ئەستێرەی گەشم بینی**
**لەگەڵ وردە ماسیەکاندا**
**شەڕەئاویان دەکردو دەزروقانەوە**
**بووم بە ماسی**
**هەڵماتێنم بە ئەستێرەکان دەکردو**
**هەڵماتێنیان پێ دەکردم**
**بەچوار دەستە**
**بەرەو حەوتەبەقەی ئاسمان دەیانبردم**

**لەویٚ دەستیان لیٚ بەردەدام و دەکەوتم**
**دەبووم بەکڵاو کوڕەیەک هەڵدەکشامەوە بۆ لایان**
**جاری شەشەم بوو نازانم، یان حەوتەم بوو**
**دەستیان لیٚ بەردام و کەوتم هەرچەندم کرد پەڕو باڵم لێنەڕوا**

قسەکەر جۆرێک لە لێکچوون لە نێوان ئەستێرە و ماسیدا دروست دەکات، کە ئەوەش لە ئەنجامی دروستکردنی جۆرێک لە هاوڕێکی، یان هاوتابووندا دەگاتە ئەنجام. کاتیٚ ئەستێرە و وردە ماسی پێکەوە شەڕە ئاو دەکەن، مانای وایە ئەم دووانە هاوشانن. هەروەک جۆرێک لە بەکەسکردنی ئەستێرە و ماسیش دروست دەکات، واتە خاسێتی مرۆڤ دەبەخشێت بە وردە ماسیەکان و بە ئەستێرەکانیش کە ئەویش شەڕە ئاوکردنە، چونکە شەڕە ئاو کارێکە مرۆڤ ئەنجامی دەدات. بەردەوام بەکەسکردنی زیندەوەرانی تر، یان شتە بیٚ گیانەکان بە تایبەتی کاتیٚ خاسێتە باشەکانی مرۆڤیان دەدرێتە پاڵ، مانای ئەوەیە لە ئاستی قووڵدا بەهای زیاتر دەردێتە ئەو زیندەوەر و شتانە و بەرزدەکرێنەوە بۆ ئاستی مرۆڤ ئەم لێکدانەوەیە زیاتر دەچەسپێت بەتایبەتی کاتێک کە قسەکەر رایدەگەیەنێت خۆیشی بووە بە ماسی. کەواتە لێرەدا دیارە ئەم وەکو مرۆڤ دانەبەزیووە بۆ پێگەی ماسی، بەڵکو ماسی هێندە بەهای هەیە کە ئەم لە بوون بە ماسیدا ئامانجی بەخشینی

رووبەکـی باشـترە بـە خـۆی نـەک دابەزیـن بـۆ پێگەیەکـی نزمتـر، هەرچەنـدە لـە ئاسـتی بینـراوی زمانـی دەقەکـەدا ئـەم دادەبەزێـت بـۆ ئاسـتی ماسـی و ئەمـەش پێچەوانـەی کرداری بە کەسکردنی زیندەوەرو شتەکانە، بەڵکو بریتیە لـە بەشـتکردنی مرۆڤـ کـە ئـەوەش بێگومـان دابەزاندنـی بەهـاو پێگـەی مرۆڤە. بەهەرحـاڵ لـەم کرداری بەشتبوونەی ئـەوی قسـەکەردا بەهـای مرۆیـی ئەمـی قسـەکەر دەهێنرێتـە خـوارەوە بۆ ئاسـتی ماسـی. ماسیش هاوشـان، یـان هاوتـای ئەستێرەکانن، کەواتە لە ئاستێکی تردا ئەم و ئەستێرەکانیش هاوشـان، یان هاوتـا دەبن. هـەروەک ئـەم کرداری هاوشان بوونـە زیاتـر دەچەسـپێت کاتێـک کـە ئەمـی قسـەکەر هەڵماتێن بـە ئەسـتێرەکان دەکات و لـە بەرامبەریـدا ئەسـتێرەکانیش هەڵماتیـن بـەم دەکـەن. واتـە لێـرەدا دوو جووڵـە، یـان دوو کـرداری هاوشـێوە هەیـە کـە پێچەوانـەن. یەکێکیـان ئەوەیـە کـە مرۆڤـ یـاری بـە ئەسـتێرەکان دەکات واتـە یـاری بـە شـت دەکات. ئەویتریشـیان شـت واتـە ئەستێرەکان یاری بە مـرۆڤ دەکـەن. لێـرەدا لـە راسـتیدا لـە ئاسـتی قووڵـدا ئـەو دەلالەتـە بەرهـەم دێـت کـە هیـچ رووداوێکـی گرنـگ بوونـی نییـە و مرۆڤـ و ئەسـتێرە و وردە ماسـی هەمـان کاردەکـەن کـە ئەویـش کارێکـە خاسـێتی رووداوی نییـە و هیـچ ئاسـەوار، یـان ئەنجامێـک لـە دوای خـۆی بەجێناهێڵێـت.

قسـەکەر باسـی ئـەوە دەکات کـە چـۆن ئەسـتێرەکان بـەرزی دەکەنـەوە بۆ بەرزترین ئاسـت و لـەوێ دەسـتی لێبـەردەدەن

و ئـەم دەبێتـە باڵندەیـەک، بەڵام پەڕوباڵ دەرناکات و ناتوانێت بفڕێـت. ئـەم باسـی ئـەوە دەکات کـە جـاری شەشـەم، یـان حەوتـەم بـووە دەسـتیان لێبـەرداوە. لێـرەدا ئـەوە دەبینرێـت کـە جووڵەیـەک هەیـە بـۆ گۆڕینـی ناسـنامەی ئەمـی مرۆڤـ بـۆ باڵنـدە، بـەڵام ئـەم کـردارە سـەرکەوتوو نابێـت و ئـەم سـەرباری هەوڵدانـی و سـەرباری هەوڵدانـی ئەسـتێرەکان بـۆ ئـەوەی خاسـێتی باڵنـدە لەمـدا بخوڵقێنـن، بـەڵام ئـەوە روونـادات و سـەرئەنجام ئـەم هـەر بـە مرۆیـی دەمێنێـنەوەو سـەرباری حـەز و ئارازووەکانـی بـەڵام ناتوانێـت خاسـێتی فڕیـن بەدەسـت بهێنێـت. ئەمـەش ئـەوە نیشـان دەدات کـە سـەرباری خۆ هاوشـانکردنی لەگەڵ شت، یـان زیندەوەرانـی تـردا، ئەمـی مرۆڤـ ناتوانێـت شوونـاسـی خـۆی بگۆڕێـت و ببێتـە باڵنـدە وبفڕێـت. لێـرەدا ئـەو دەلالەتـە بەرهـەم دێـت کـە سـەرباری هەوڵـدان بـۆ گۆڕینـی سرووشـتی زینـدەوەر و شـتەکان، بـەڵام لـە رووی راسـتیەوە ئـەوە روونـادات. ئەمـەش مانـای ناکارایی مرۆڤە بۆ گۆڕینی ناسنامەی خۆی لـە مرۆڤـەوە بـۆ بوونەوەرانـی تـر. ئەمـەش بـە جۆرێـک ئـەو دەلالەتـە هەڵدەگرێـت کـە لـەم گەردوونـەدا مرۆڤـ چەقـە و ئـەوەی کە چاوەڕوانکراوە ئەوەیـە کە زیندەوەرانی تر، یان شـتەکان لێکچواندنیـان پێدەکرێـت و بەرزدەکرێنـەوە، یـان بەرزدەبنـەوە بـۆ ئاسـتی مـرۆڤ، واتـە دەکرێـن بەمرۆڤـ نـەک مرۆڤـ وەکـو ژێرتریـن بوونـەوەر دابەزێت بـۆ ئاسـتی زیندەوەرانـی تـر، یـان ببێـت بـە شـت. بـەڵام ئـەوەی تێبینـی

دەکرێت ئەوەیە لێرەدا مرۆڤ دادەبەزێت بۆ ئەوەی ببێتە شتێک، یان زیندەوەرێکی غەیری مرۆڤ ئەمەش لەراستیدا تێکشکاندن و لە نێوبردنی ناسنامە و بوونی بەرزترین و پڕ بەهاترین ئەفریدەبووە لەم گەردوونەدا کە ئەویش مرۆڤە. بێگومان ئەمی مرۆڤ ئاسودە نییە بەو بارەی کە تێیدایەو دەیەوێت پەڕوباڵ دەرکات و بفڕێت، بەڵام ناتوانێت. ئەو ئێستا لە بۆشایدا هەڵواسراوەو لە ئەگەری کەوتندایە. واتە ئەو ئێستا لە بارێکی شلۆقدایەو کەسیش نییە بە فریایی بکەوێت. ئەو باسی سیمرخ و پەری دەکات وەکو رزگارکەر، بەڵام لە بوون و بەفریاوەهاتنی ئەوانیش بێئومێدە. لێرەدا ئەگەر ئەوی قسەکەر، یان شاعیر نموونە بێت بۆ هەموو مرۆڤایەتی، ئەوا ئەو روانینە بەرجەستە دەبێت کە چۆن مرۆڤایەتی بە گشتی لە بارێکی شلۆق و ناجێگیردایەو بەردەوام لەبەردەم ترسی کەوتن و لەناوچووندایە و هیچ فریادرەسێکیش نییە بە فریای بکەوێت بێجگە لەخۆی. ئەمیش لەمبارەدا تەنیایەو بێجگە لە جووڵەو هەوڵەکانی خۆی هیچ هێزێکی تر نییە لەو بارە شلۆق و هەڵواسراوە دەربازی بکات. ئەم لەوێوە ئومێدی بەرزبوونەوەی هەیە بەرەو ئاسمان، بەڵام ناگاتە ئەویَ، هەروەک قاچیشی لە زەوی بڕاوە. ئەمەش هاوشێوەیە لەگەڵ ئەو باری نیگەرانی و دڵەڕاوکێیەدا کە مرۆڤ بە سرووشتی لە هیچ شوێنێک بە باشی ئۆقرە ناگرێت و جێگیر نابێت بە تایبەتی لە رووی دەرونی و رۆحیەوە. ئەمەش لە ئاستێکی قووڵتردا

هەڵگری جۆرێک لە دەلالەتی نامۆبوونی مرۆڤە لەچەرخی سەرمایەداری و تەکنۆلۆجیادا کە نەک مرۆڤ تەنیا بە دەوروبەرو جیهانی تەکنۆلۆجیا نامۆبێت بەڵکو نامۆیە بە خۆی و بە بوونی خۆیشی. ئەوەش لەلایەک ڕێگای نادات سەقامگیر بێت و بحەوێتەوە، لەلایەکی ترەوە بەردەوام لە بەردەم ترسێکدا رایدەگرێت کە ترسی ونبوون و لەناوچوونە. قسەکەر لەم بارە نێگەرانی و شلۆقەدا، خۆی لێدەبێت بە یوسف و ناڕاستەوخۆ باسی ئەوە دەکات کە چۆن فڕێدەردرێتە بنی بیرەوە و براکانیشی بانگەشەی ئەوەی بۆ دەکەن کە گورگ خواردوویەتی. ئەمەش دیسان فەزای نامۆبوون و لەوێشەوە بەرەو ونبوون، یان ونکردنی زیاتری ئەم کەسێتە دەردەخات کە نموونەیە بۆ مرۆڤایەتی بە گشتی، یان بەلایەنی کەمەوە نموونەیە بۆ بەشێک لە مرۆڤایەتی واتە ئەو بەشەی کە ژیانی هاوچەرخ نامۆی دەکات، یان لە بنەڕەتەوە لە ژیانی ڕاستەقینە پەرتکراوەو باری نامۆکردنی بەسەردا سەپێندراوە. قسەکەری شیعرەکە دەڵێت:

**هاوارم کرد هیچ کەس بە دەنگمەوە نەهات**
**زەویم بەقەد چارۆکەیەک لێوە دیار بوو**
**کەس دیار نەبوو ئاسمان بیرێکی تاریک بوو**
**چەندم دەکرد نەدەگەیشتمە بنەکەی**
**ئێستاو ئەوساش نەگەیشتم**
**زڕبراکانم کراسە خوێناویەکەمیان بردەوە**

واتــە لێــرەدا ســەرباری نامۆیــی مرۆڤــ وەکــو بەشــێک لــە بوونــی ئەنتۆلۆجیانــەی خــۆی، ڕوویەکــی ناپاکــی مرۆڤیــش دەردەکەوێــت کــە ســەرچاوەکەی ناکۆکــی نێــوان قابیــل و هابیلــەو لەوێشــەوە تەنانــەت براکانیــش لەژێــر کاریگــەری زۆر هــۆکاردا تاوانــی کوشــتن ئەنجــام دەدەن و دەســتی بــرا بــە خوێنــی براکــەی ســوور دەبێــت. لێــرەدا زڕبراکانــی یوســف ڕێکەدەکــەون بــۆ ئــەوەی یوســف لــە ناوببــەن و بــۆ ئــەو مەبەســتەش فڕێــی دەدەنــە بنــی بیــرەوەو ڕایشــی دەگەیەنــن کــە یوســف گــورگ خواردوویەتــی. دیــارە مۆتیڤــی ســەرەکی کارێکــی دڕندانــەی لــەو جــۆرەش پێــش هەمــوو شــتێکی تــر غیــرە کردنــە. غیرەکــردن لــە لێهاتوویــی یوســف و بایــەخ پێدانــی زیاتــری لەلایــەن باوکیــەوە. دیــارە ئەگــەر مرۆڤــ کۆنترۆڵــی پاڵنــەری غیرەکــردن نــەکات، ئــەوا غیــرە شــان بــە شــانی غەریــزە ئاژەڵیەکانــی مرۆڤــ مرۆڤــ دەکاتــە دڕندەیەکــی ڕکێــف نەکــراو و وێرانکــەر کــە ئەگــەری ئــەوەی هەیــە ســەرئەنجام خــودی مرۆڤایەتــی بڕوخێنێــت.

قســەکەر بەردەوامــە لەســەر دواندنــی خــۆی، پێشــتر باســی دەرەوەی خۆیــی بــۆ گوێگــر دەکــرد و داواشــی لێدەکــرد کــە گوێــی بــۆ ڕابگرێــت، بــەڵام ئێســتا قســەکەر باســی خــۆی لــە چەقــی ڕووداوەکانــدا دەکات و ئــەو شــتانە دەگێڕێتــەوە کــە بەســەرخۆیدا هاتــوون، یــان بەســەریدا دێــن. قســەکەر لــە گێڕانەوەکانیــدا باســی ئــەوە دەکات لــە یەکــەم هەنــگاودا دەبێتــە یوســف و دەخرێتــە بنــی بیــرەوەو زڕبراکانیشــی

رایدەگەیەنن کە گورگ خواردوویەتی، پاشان دەکەویتە گەدەی نەهەنگەوەو دەکولێنریت، بەڵام ئەم ناکولێت. لێرەوە قۆناغێک لە ونبوون لە ژیانی ئەوی قسەکەر و ئەوی ناو چەقی رووداوی ناو دەقەکەدا دەست پێدەکات. ئەو دەڵێت:

**مانگ و نە سالْم لێوە دیار ماوە**
**نە دەزانم ئەمانە کەی دێن و دەچن**
**بە ئاسمانێکی ئەستوور**
**وەکو بیر قووڵدا سەربەرەوخوار**
**وەک داربەڕوویەکی وشک هەڵواسراوم**
**نە ئەستێرەکان دیار ماون نە بەیانی و نە ئێوارە**

ئەوی قسەکەر بەهۆی چەند نیشانەیەکەوە کات دەناسێتەوە، ئەو نیشانانەش ئەستێرەکانن، ئەوی قسەکەر ئێستا ئەستێرەکان ون دەکات، ئیتر نازانێت کات کەیەو کات چۆن تێدەپەڕێت. واتە ئەو وەکو بوویەک لە دەرەوەی کات دەردەکەوێت و لە بۆشایی ئاسمانیشدا هەڵواسراوە، واتە نە قاچی بە زەوی دەگات و نە دەستی بەئاسمان. ئەمەش بە تەواوەتی شوێنی ئەو دیاری دەکات کە لە دەرەوەی کات و شوێنە. ئاشکرایە هیچ بوویەکی مادی نییە لە دەرەوەی کات و شوێن، بۆیە لێرەوە ناڕاستەوخۆ قسەکەر باس لە خۆی دەکات وەکو جۆرێک لە بوویەکی خەیاڵی، یان بوویەک لە وەهمدا نیشانی دەدات. ئەمەش

دەرئەنجامی ئەو بارە نیگەرانی و شڵۆقە دەروونییەیە کە ئەوی تێدایە و ئەوەش دەرئەنجامی ئەو ترسە خنکێنەرەیە کە بوونی ئەوی داگیرکردووە. هەروەک لە پێکهاتەی دەقەکەدا لە ڕێگای چەندین وێنەی سریالیەوە ئەو بارە نائاساییەی قسەکەر بەرجەستە دەکرێت بۆ نموونە:

( دەست بۆ هەر ئاوێ بەرم لەناو لەپمدا دەبێتە مشتی خۆڵەمێش. ماسی و ئەستێرە شەڕە ئاویان دەکرد. هەڵماتێنم بە ئەستێرەکان دەکردو هەڵماتێنیان پێ دەکردم. بە ئاسمانێکی ئەستوور وەکو بیر قووڵدا سەربەرەخوار، وەکو داربەڕوویەکی وشک هەڵواسراوم ).

ئەم وێنانە کە وەسفی ئەو بارە دەکەن قسەکەری تێدایە، ئەوە نیشان دەدەن کە ئەم کەسێتیە لە بارێکی ناهەمواروو نائاساییدایەو نە جێگیری هەیە نە خۆی دەتوانێت بجوڵێت، بەڵکو بارێکە بوونی ناکارایی و تەنانەت ونبوونی ئەو نیشان دەدات بە تایبەتی لە کاتێکدا ئەو دەکەوێتە دەرەوەی کات و شوێنەوە، واتە دەبێتە بوویەکی بێ پێناسە، ئەمەش نەک هەر لەگەڵ کەسێتی قسەکەردا دەگونجێت بەڵکو لەگەڵ کەسێتی گوێگریشدا گونجاوە، چونکە وەکو لە دەستپێکدا ئاماژەمان بۆ کرد هەردووکیان ناسنامەیان نییە، بەڵکو لە چوارچێوەی خەیاڵدا دروستکراون و تەنانەت لە جوگرافیای دەقەکەشدا ئامادەبوویەکی ئەوتۆیان نییە کە بە تەواوی بیانناسێنێت، یان بیانکاتە خاوەنی ناسنامە. ئەم لە رستەیەکی راگەیاندنادا ئاشکرای دەکات کە

سەرباری ئەوەی وەکو داربەڕوویەکی وشک لە بۆشایدا هەڵواسراوە، بەڵام داربەڕوو نییە. واتە ناسنامەیکی جێگیر، یان چەسپاوی نییە چونکە داربەڕوو هێمایە بۆ جێگیری و چەسپاوی و پتەویی. هەر لێرەشەوە رایدەگەیەنێت سەرباری ئەوەی کە ئەم داربەڕوو نییە، بەڵام دەیەوێت رەگ بە زەویدا دابکوتێت و لە ناخی پتەوی زەویەوە ئاو هەڵبمژێت، ئەویش بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجێک. ئەوەتا دەڵێت:

**من داربەڕوو نیم و کەچی**
**دەمەوێ رەگ بە زەویدا دابکوتم**
**لە دڵی گەرم و نەمردووی ئەم خاکەوە**
**ئاو هەڵمژم بیکەم بە خوێن و سەرلەنوێ**
**جەستەی برینداری ئەوی پێ ئاو بدەم**

ئەوی قسەکەر وادەردەکەوێت خۆی بناسێت بۆیە رایدەگەیەنێت داربەڕو نییە بەڵام دەیەوێت رەفتاری داربەڕوو بکات و وەکو ئەو چنگ لە خاک گیر بکات. لەم کاتەشدا ناسنامەی خاک دیاری دەکات و وەکو ناسراو ناوی دەبات کاتێ دەڵێت (ئەم خاکە)، تەنانەت باسی دڵی ئەم خاکە دەکات و بە دڵێکی گەرم و زیندوو ناوی دەبات. هەروەک لێرەدا خاسێتی بەکەسکردن دەدات بەم (خاکە). ئەمەش سەرنجمان بۆ خاکێکی تایبەت رادەکێشێت کە دیارە ئەویش ئەو خاکەیە کە بەهەرجۆرێک بێت ئەوی

پێوەبەندەو دەشێ ئەو جوگرافیایە بێت کە دەقەکەی تێدا بەرهەم هاتووە. هەروەک لێرەوە قسەکەر سەرباری ئەو بارودۆخە شلۆقەی کە تیایدایە ئاواتخواستنێکی هەیە بۆ ئەوەی وەکو داربەڕو رەگی لە خاکەکەی خۆی گیربکردایەو ئاوی دڵی خاکی بمژیایەو ژیانی پێ دروستبکردایە، بەڵام کام ژیان ژیانی کێ ؟ بێگومان ژیانی ئەو. ئایا ئەو کێیە؟ رەنگە مەبەست لە ئەو گوێگرەکەی بێت، بەڵام قسەکەر پێشتر راستەخۆ وەکو کەسی دووەم لەگەڵ گوێگرەکەی دەدوا، ئەگەر لەگەڵ هەمان گوێگر دەدوێت، بۆچی ئێستا بووە بە کەسی سێیەم؟

قسەکەری شیعرەکە بەردەوامە لەسەر قسەکردن، یان گێڕانەوە کە زیاتر ئۆتۆبایۆگرافیای خۆی لە سەفەری بەرەو ئاسمان و شۆڕبوونەوە بۆ بنی بیردا دەگێڕێتەوە، بەڵام سەرئەنجام لە بۆشایدا و لە دەرەوەی کات و شوێن دەمێنێتەوە. هەرچەند ئەو دەخوازێت وەکو داربەڕو رەگی بەخاکدا رۆبچێت، بەڵام ئەوە روونادات. ئەو دەیەوێت ببێتە باران و خاکی تینوو ئاوبدات، بەڵام ئەوەش روونادات. ئەم خۆی وەکو داربەڕوویەکی وشکی سەربەرەوخوار هەڵواسراو دەناسێنێت. وشەی «وشک» وەکو وشەیەکی کلیل ئاسا رووناکی دەخاتە سەر تواناو تەنانەت ناسنامەی ئەم و ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم ناکاراو بێ بەرهەمە بەو مانایەی لە ئاستی یەکەمدا زیندوێتی نەماوەو لە ئاستی دووەمیشدا ئەو بە ئاوەژوویی، یان

بە سـەرەوژێری هەڵواسـراوە. تەنانـەت باسـی ئـەوە دەکات کـە هیـچ بەرگریکـردن و ڕێگریکردنێکـی نەمـاوە و بووەتـە بەرکارێکـی ئاسـایی ئەوەتـا دەڵێـت:

**داربەڕووی وشکی لەشی من**

**سەربەرەوخوار هەڵواسراوە**

**ئێستا بەدەم گشت شەپۆلێکەوە دێت و دەچێتەوە**

**ئەوەی دەمهەژێنێ ئێستا نە دەریا خەونەکەی جاران**

**نـە ئـەو رووبـارە خوڕەیـە کـە مـن خـۆم دایـە دەمیـەوە ئـەو نەیبـردم**

کەواتـە ئـەم هیـچ بنەمایەکـی بکەرێتـی تێدا نەمـاوەو هەمـوو ئەوانـەی کـە باسـیان دەکات ئەنجامیـان بـدات تەنیـا لـە سـنووری ئاواتخواسـتندا دەمێننـەوەو لەسـەر زەمینـەی واقیـع روونـادەن، یـان ئەنجـام نادرێـن. تەنانـەت ئێسـتا ئـەو خەونەکانـی ئەوسایشـی نەمـاوە. واتـە گەیشـتووەتە ئاسـتێکی ئەوتـۆ لـە ناکارایـی کـە خەونەکانیشـی هەرەسـیان هێنـاوەو پوکاونەتـەوە. ئەمـەش دوا ئاسـتی بـێ ئومێدبـوون و هەسـت بـە شکسـتکردنی کەسـێتی شیعرەکە، یان قسـەکەرەیە کە پێشـتر داوا لـە گوێگـر دەکات لەگەڵـی بێـت بـۆ ئـەوەی لـە مەترسـی تەنیایی رزگاری بکات و لەوێشـەوە هەنگاوی تـر بنێت، بـەڵام ئێسـتا گەیشـتووەتە ئاسـتێک کـە رایدەگەیەنێـت ئـەم تـەواو نـاکاراو بێجوولەیـە. ئەگـەر لێـرەوە هەنگاوێـک بـە ئاراسـتەی دەرەوەی دەقەکـە بڕۆیـن، ئـەوا ئـەم کەسـێتیە وێنـای کەسـێتی

گشتی مرۆڤی ئەو زەمینەو واقیعە دەکات کە دەقەکەی تێدا بەرهەمهاتووە، یان رەگەزەکانی بەرهەمهێنانی دەقەکە لەو زەمینەو واقیعەوە سەرچاوە دەگرن.
قسەکەر ئەمجارە بە ئاشکرا لەگەڵ خۆیدا دەدوێت، بەڵام بە راناوی کەسی دووەم، ئەمەش زیاتر رووناکی دەخاتە سەر ئەو بۆچوونەی کە لە دەستپێکدا گووتمان واپێدەچێت قسەکەر قسە بۆ گوێگرێکی نائامادە، یان خەیاڵی بکات. لێرەدا راستەوخۆ خۆی دەدوێنێت، واتە لە شێوەی خۆدواندن، یان تائاستێک لە شێوەی خۆلاواندنەوەدا باسی خۆی دەکات کە تەنانەت توخم و رەگەز و هێزەکانی ناو ئەم سرووشت و گەردوونەش بەهایەکی بۆ دانانێن و ئەم خۆی دەداتە دەستی هەر کامیان، ئەو لێی ناپرسێتەوەو گرنگی پێنادات. سەرئەنجام وەکو تەرمێک بە کەمتەرخەمیەوە رادەستی دەکەنەوە. ئەوەتا قسەکەر دەڵێت:

**خۆت دایە دەم رووبارەوە خۆت دایە دەم زریانەوە**
**خۆت دایە دەم خەمی ساڵێکی برینگ و نەهاتەوە**
**هەر ناهاتی تا سیروان و زریان و خەم و مەرگێکی ناکام هێناتیان**
**دارە مەیتەکەت کۆڵەکەی خێوەتەکانی**
**هەواری ساڵی دڵداریەکەمان بوو**

ئەم پشتی بەهەرچیەک بەستووە بەو ئومێدەی لەو بارە شلۆقەو لەو نیگەرانی و ترسی لەناوچوونە دەرباز بێت،

هیچی دەستنەکەوتووە. رووبار و زریان و سیروان و..
ئەمیان هەڵگرتووەو لەچاوەڕوانیدا هێشتوویانەتەوە بەبێ
ئەوەی توانا و وزە و هێزێکی ئەوتۆی پێبەخشن کە
بتوانێت بەسەر بەربەستەکاندا بپەڕێتەوە. دەرەوەیشی
لە چاوەڕوانیدا ماونەتەوە بەو ئومێدەی ئەو لە کاتێکی
چاوەڕوانکراودا بێتەوە و وێنە ئاوەژووەکان راست بکاتەوەو
درەختە وشکەکان ئاوبدات و زیندوویان بکاتەوە و تاریکی
بڕەوێنێتەوە. بەڵام سەرئەنجام تەرمەکەی لە دارەمەیتێکدا
دەهێنرێتەوە کە لە کۆڵەکە و کۆمانجەکانی ئەو دەوارەنە
دروستکراوە کە ئەمی قسەکەر و ئەو ساڵێک دڵدرییان
لە ژێردا کردوون. لێرەدا لە روانگەی لەبەرچاوگرتنی
ئەو مێژووەوە کە دەقەکەی تێدا بەرهەمهاتووە و ئەو
وێنانەی چوارچێوەی دەقەکە کە واقیعی دەرەوەی دەقەکە
دەگوازنەوە بە تایبەتیش دیاریکردنی کاتی ساڵێک بۆ
دڵدارییەکەیان لەژێر دەوارەکاندا، دەشێ وای لێکبدەینەوە
کە شاعیر باسی خۆی و ساڵێکی شۆڕی کورد دەکات
کە چۆن ئەمان لە نێو شۆڕشبوون و ئومێدی گەیشتن
بە ئامانجێکیان هەبووە و ویستوویانە وەکو داربەڕووە
پتەوەکانی نیشتیمان رەگ بە زەویدا دابکوتن و ئاوی
خاک بمژن و زیندەگانی بەرهەم بهێنن، بەڵام وەکو
داربەڕوویەکی وشک لە بۆشایداو سەربەرەو ژێر
هەڵواسران. کە پەناشیان بۆ هەر لایەک بردووە بەو
ئومێدەی بتوانن بە یارمەتی و پشتگیری ئەوان لەسەر

قاچـی خۆیـان رابوەسـتن هیـچ وەڵامێکیـان دەسـتگیر نەبـووە. سـەرئەنجام تەرمـی شۆڕشـیان لـە دارەمەیتـی خەبـات و ماندووبوونـی ئەمانـدا فرێدایـە بەردەمیـان. ئـەم ئـەو تەرمـە دەلاوێنێتـەوە کـە وەکـو دڵدارەکـەی باسـی دەکات و لاواندنـەوە و گریانەکەشـی لاواندنـەوە و ئـازار و گریانـی عاشـقێکە بـۆ مەرگـی مەعشـوقەکەی و ئێسـتاش خـۆی لەبـەردەم هەرەشـەدا دەبینێتـەوە چونکـە ژیانـی ئـەم بەسـتراوە بـە ژیـان و بوونـی مەعشـووقەکەیەوە. بێگومـان مێژووی بەرهەمهێنانی دەقەکە ماوەیەکی کورت دوای ئەو شکستەیە، ئەمـەش زیاتـر پاسـاوی ئـەم لێکدانەوەیـە دەدات. قسـەکەر لەگـەڵ راگەیاندنـی هاتنـی تەرمەکـەی ئـەودا، کـە دیـارە بـە بایەخـەوە لێـی دەڕوانێـت، تراژیدیایەکـی ترسـناک دەگێڕێتـەوە بـە جۆرێـک هەمـوو شـتێک بۆنـی مـردن و لەناوچوونـی لـێ دێـت. ئاسـۆیەک بـۆ ژیـان و زیندەگانـی نابینرێـت. ئـەوەی ئاشـکرایە فەزایەکـی مەرگەسـاتیە. قسـەکەری شـیعرەکە دەڵێـت:

**ئەمشەو بەدیار لاشەکەتەوە دانیشتبووم**
**گەلە گورگی برسیی هەموو یادگارە تاڵ و سوێرەکان**
**لەناو بەفرو بەستەڵەکی ئەم شەوەدا دەورم دەدەن**
**قەپاڵی برسیی لە جەستەی سڕم دەگرێت**

لێـرەدا لـە رێـگای چەنـد وێنەیەکـی شـیعریەوە ئـەو فـەزا مەرگەسـاتیە بەرجەسـتە دەکرێـت. کـە وشـە هاوشـێوە

و هاومانـاکان ئـەو وێنانـە دەنەخشـێن کـە خـەم و تـرس و خوێنیـان لـێ دەچۆڕێـت وەکـو (شـەو و لاشـەی مـردو، گورگـی برسـی و یـادگاری تـاڵ و سـوێر، بەفـرو بەسـتەڵەک و جەسـتەی سـڕ). لـە بنیـادی ئـەم وێنانـەدا ئاراستەی جووڵـە دابەزیـن و ڕۆچوونـە، ئـەوەش لـە ئاسـتی نەگوتـراودا دەلالەتـی مـردن و گەڕانـەوە بـۆ نێـو خـاک هەڵدەگرێت. هـەروەک لـە بنیادی ئـەم وێنانـەدا هیچ جووتـە وشـەیەکی بەرامبـەر، یـان هیـچ دووانەیەکـی دژ بوونیـان نییـە. ئەمـەش ئـەوە دەگەیەنێـت کـە جووڵـەی نێـو بنیـادی زمانـی دەقـە شـیعریەکە لێـرەدا بەیـەک ئاراسـتەیە کـە ئاراستەی دابەزیـن و ڕۆچوونـە ئەویـش هاوشـێوەیە لەگـەڵ مـردن و کۆتاییهاتنـدا، لەکاتێکـدا بوونـی دووانـەی بەرامبـەر و دووانـەی دژ لـە بنیـادی دەقـدا جۆرێـک لـە هاوتابـوون، یـان هاوڕێکـی دروسـت دەکات. کـە ئـەوەش بەرهەمهێنانـی شـێوەیەکە لـە هارمۆنیـای دەق و لـە ئاسـتێکی تـردا جۆرێـک لـە هاوسـەنگی دروسـت دەکات کـە هاوشـێوەی ئـەو هاوسـەنگی و هارمۆنیایەیـە کـە لـە سرووشـت و گەردووندا هەیـە و هاوسـەنگی ژیـان و بوونـی لـە بەرامبـەر مـردن و لەناوچوونـدا لـە گەردوونـدا ڕاگرتـووە.

قسـەکەر لەسـەر باسـکردنی ئـەو بـارە ناهەمـوارەی کـە تێیدایـە بـەردەوام دەبێـت لـە دوانـدن و لەوێـوە سـەیری ئەسـتێرەکان دەکات و لێکچـوون لـە نێـوان دڵـی خـۆی و سـینگی ئاسـماندا دەکات و نیشـانی دەدات کـە هەردووکیـان

تروسکایی دەدەنەوە. ئەو شوێنەشی کە تروسکایی لێوە دەدرێتەوە جێگای زامەکانە. ئایا مەبەست لە زامەکان چیە؟ زامی ئاساییە، یان زام هێمایە بۆ شتێکی تر و مانا و دەلالاتی تری هەیە؟ لێرەدا شاعیر، یان قسەکەری دەقەکە دەڵێت:

**سینگی ئاسمان و دڵی من**
**لە جێگای زامەکانەوە ترووسکایی دەدەنەوە**
**بەدەم شەپۆلی تاریکی شەوگارەوە**
**دەهەژێن و ژێر ناکەون ئەمشەو دڵم وەکو چۆلەکەی تازەفڕ**
**چاوەڕوانی ڕۆژبوونەوەی بۆ ناکری**
**لەناو سینگمەوە بێئارام خۆی هەڵدەدات**
**تاکو دەبێت بە بە کۆرپە مانگێکی بێگەرد**
**نەهەنگی شەو هەڵی دەلووشێ**

بەڵام ئەوەی دیارە سنگی ئاسمان و دڵی ئەم هەردووکیان تروسکایی پەخش دەکەن. ئاشکرایە ئاسمان چەند سەرچاوەیەکی رووناکی دانەوەی هەیە کە بریتین لە خۆرو مانگ و ئەستێرەکان، کە ئەمانە سێ سەرچاوەی سرووشتی رووناکین. ئەم دڵی خۆی وەکو سەرچاوەی بەرهەمهێنان و پەخشکردنی رووناکی نیشان دەدات و لەو رووەشەوە هاوشێوەی ئاسمانە. دەشێ ئەو تروسکاییەی لە زامەکانی دڵی ئەمەوە پەخش دەبێت پرتەوی ڕۆح،

یـان ڕەنگدانـەوەی ناخێکـی خاوێـن و ویژدانێکـی زینـدوو بێـت. زامـەکان دەلالەتـی ئـازار هەڵدەگـرن، بـەڵام دەشـێ ئـەو زامانـە سـەرچاوەی ڕووناکـی بـن و دەلالەتـی بوونـی ئاسـۆی ئاینـدەو ئومێـدی ڕزگاربـوون لـەو بـاری شـلۆقی و نیگەرانـی و ترسـە هەڵبگـرن کـە بوونـی ئەمیـان نوقمـی مەترسـی لەناوچوون کردووە. بە تایبەتی کاتێ کە تاریکی شـەوە نوتەکەکانیش ناتوانێت ئـەو تروسـکانە قـووت بـدات. هیـواکان لـە ناخـی ئەمـدا لەدایـک دەبـن و زریـان و بەفـرو تارکـی و نوتـەک ناتوانـن ڕێگایـان لێبگـرن، یـان بیانسـڕنەوە. سـەرئەنجام لـە بارێکـی ئاوەهـادا دڵـی ئـەم کـە هاوشـێوەی ئاسـمانە بـۆ پەخشـکردنی ڕووناکـی، ناسـرەوێت و لـە جووڵـەو خێرایدا دەیچوێنێت بە چۆلەکـەی تـازە فێـرە فڕیـن، واتـە هێمـای بێدەنـگ نەبـوون و سـرەوتنەگرتن کـە ئـەوەش لـە وشـەی «بێئـارام»دا بەرجەسـتە دەکرێت. واتـە دڵـی ئـەم لەنـاو سـنگیدا ئـارام نابێـت، هەمـان شـێوەی ئـەو چۆلەکـەی تـازە فێـرە فڕیـن دەبێـت و ناتوانێـت لـە هێلانەکەیدا بسـرەوێت. لەپشـتی ئـەم بێئارامـی و سـرەوت نەگرتنـەدا دیسـان ئـەو مۆتیڤـی تـرس و نیگەرانییـە ڕاوەسـتاوە کـە بـەردەوام قسـەکەری شـیعرەکەی تێدایـە. دڵـی ئـەم سـەرچاوەی ڕووناکیـە، واتـە سـەرچاوەی ئومێـد و هیـوا لـە جەسـتەی دێتەدەرەوەو سـەرئەنجام دەبێتـە مانگێکـی سـەرەتای مانـگ، واتـە ئـەم دڵـە وەکـو سـەرچاوەی بەرهەمهێنانـی پرتـەو دەبێتـە سـەرچاوەی ڕووناکیەکـی گەورەتـر کـە مانگـەو

بـەوەش چاوەڕوانـی ئـەوەی لێدەکرێـت کـە دنیـا رووونـاک بکاتـەوە، بـەوەش کۆتایـی بـە تاریکـی بهێنێـت. واتـە تـرس و نیگەرانـی کۆتایـی بێـت، بـەڵام ئـەوە رووونـادات چونکـە تاریکـی شـەوی دەیجـوور ئـەم مانگـە هەڵدەلوشـێک و ئـەو تررووسـکەی کـە چـاوەڕوان دەکرا زەمیـن رووونـاک بکاتـەوە هکوژێتـەوە. ئـەوەش کۆتاییەکـی تراژیدیـە بـۆ ئـەو ئومێدەی کـە بنیادنرابـوو، چاوەڕوانـی ئەوەدەکـرا لـە دووانـەی ( رووناکی\ تاریکـی ) دا رووناکـی باڵادەسـت بێـت و کۆتایـی بـە تاریکـی بهێنێـت، بـەوەش ئاسـۆیەکی نـویێ هەڵبێـت و کۆتایـی ئـەو فـەزا تراژیدیایـە بێـت کـە قسـەکەری شـیعرەکە وەکـو نوێنـەری مرۆڤایەتـی لەبەردەمیـدا راوەسـتاوە، بـەڵام پێچەوانـەی ئـەو هیـواو ئومێـد خواسـتنە روودەدات و سـەرئەنجام جەمسـەری تاریکـی باڵادەسـت دەبێـت و بـەوەش فـەزای تراژیـدی بەتەواوەتـی بـاڵ دەکێشـت و ئەوترسـەی کـە قسـەکەر لەبەردەمیـدا راوەسـتابوو بـەرەو ئـەوە دەچێـت ببێـت بـە واقیـع.
هەرچەنـدە لـە زمانـی یەکەمـی، یـان بینـراوی دەقەکـەدا وادەردەکەوێـت کـە قسـەکەر بـۆ گوێگـر بدوێـت، بـەڵام لـە پشـتی ئـەم رووە ئاشـکرایەی زمانـی دەقەکـەوە دەبینرێـت کـە قسـەکەر خـۆی دەدوێنێـت و ئـەوەی ئـەو لـە رێـگای لێکچواندنـەوە کـردی بـە مانـگ و تاریکـی شـەو قووتیـدا، ئـەوە دڵـی خـۆی بـوو، کەواتـە ئێسـتاش ئـەوەی دەیدوێنێت دیسـانەوە هـەر دڵـی خۆیەتـی. ئەوەتـا دەڵێـت:

**هەڵت دەگرم و بەتەنیا سەر هەڵدەگرم**
**بۆ کویێ دەڕۆی ئا لێرەم**
**کە ئیتر داوە تیشکەکەی پێدا دەهاتی پساوە**
**ئەشکەوت گەرووی نەهەنگێکە**
**لووشت دەدات و هەڵدەخزێی**
**دنیا تاریک و زەلکاوە**
**هیچ ڕێگایەک لێرەوە ناچێ بۆ بانە**
**ئەوترووسکایەی دەیبینی**
**شەوچراغێکی دزراوی**
**گەردنی دیلە شازادەی وڵاتی بەفرو هەتاوە**
**ئێستا لەناو گەدەی ڕەشە نەهەنگێکی**
**دەریای زوڵماتدا خنکاوە لێت تێک نەچێ**
**ئەوە ئاگری شوان نییە ماڵە هەژارێکیش نییە**
**رووی تێبکەی لێت تێک نەچێ**
**ئەوە ئەوسەری ئەشکەوتی دۆزەخەکەی دەورت نییە**
**رووی تێ مەکە بەهیچ کوێیەکت ناگەیەنێ مەڕۆ**

ئەو لەگەڵ دڵیدا دەدوێت و باسی ئەوەی لەگەڵ دەکات کە بە تەنیا هەڵیدەگرێت و تەنانەت سەر هەڵدەگرێت، بەڵام ئایا بۆ کوێ دەڕوات؟ بێگومان ئاسۆیەک دیار نییەو قسەکەر رایدەگەیەنێت ئەو رووناکیەی کە ڕێنیشاندەر بوو بۆ دۆزینەوەی ڕێگای ئاینده ئێستا کوژاوەتەوە. هەموو ئەو ئاماژانەی کە مژدەی هیوایەکیان بۆ ئاینده نیشان

دەدا ئێستا هەموویان بێ واتان و فریودەرن. نەرێگایەک نە ئاسۆیەک تەنانەت نە ئومێدێک نییە بیگەیەنێت بە ئایندە. دیارە مەبەست لەو ئایندەیەش رزگاربوونە لەو تراژیدیایەی کە ئێستا ئەوی تێدایە. هەروەک دەربازبوونە لەو ترسی لەناوچوون و ونبوونەی کە ئەم لەبەردەمیدا راوەستاوە. کەواتە ئێستا قسەکەری شیعرەکە، یان کەسێتی شیعرەکە کە دەشێ بڵێین شاعیرەو ئەویش نموونەیە بۆ کەسێتی ئەو واقیعەی دەقەکەی تێدا بەرهەمهاتووە، پەیوەست بەو کاتەی دەقەکەی تێدا لە دایکبووەو ئەو رەگەزانەی نێو ئەو واقیعە کە بوونەتە کەرەستەی بنیادنانی دەقەکە، وێنای واقیعیانەی ئەو کەسێتە دەکات کە کەسێتیەکی ناکاراو پاسیڤەو توانای دروستکردنی رووداوی نییەو لە پێگەی بەرکاردایە. بنیادی زمانی دەقەکەش یارمەتی بەرجەستەکردنی ئەو باری بە بەرکاربوونەی ئەم کەسێتیە دەدات کە لە رووی زمانی دەقەکەوە، یان وەسف دەکرێت کە وەسفکردنەکانیش بەشێوەیەکی گشتی ناکارایی و پەراوێزی کارلەسەرکردنی ئەو کەسێتیە نیشان دەدەن، یان بەرکارەو بەردەوام بکەرێک کاری لەسەر دەکات. تەنانەت ئەو جووڵە سادانەی دەیکات ناگەنە ئاستی ئەوەی ببن بە رووداو، هەتا ئەم وەکو بکەرێکی رووداو دروستکەر لە پشتیانەوە دەربکەوێت و ئەگەری ئەوەی هەبێت بتوانێت رووداوەکان بە ئاراستەیەکی تردا ببات و ئەو تراژیدیایەی پەیوەستە بە بوون و ژیانی ئەمەوە بگۆڕێت و کۆتایی

بەو کەشە خەمناک و پرسەئامێزە بهێنێت.
قسەکەر بۆ گوێگرێک دەدوێت کە دڵی خۆیەتی و دەتوانین بڵێین بەجۆرێک خۆی باسی خۆی دەکات کە تروسکەی هیچ هیوایەک نابینێت و بەردەمی تاریکیەو هەنگاو بەرەو داڵانە تاریکەکانی داهاتوویەک دەنێت کە هیچی تێدا ئاشکرا نییە. واتە ئەم لە کۆچ، یان لە ڕەوتی بەرەو نادیاردایە و هەنگاو بەرەو نەزانراو دەنێت. ئەو دەڵێت:

**ڕەشماری خەم لەباڵای نەونەمامی گشت**
**ڕۆژ و شەوانت ئاڵاوە**
**نە باڵندەی ئاواتێک بەلاتدا دێت نە شنەی با**
**دەنگێکی خۆشت بۆ دێنێ پەڵە هەورەکانیش doorn**
**بەرزن و پەرتن و بڵاون ئەم بایە بای باران نییە**
**ئەگەر بشبارێت پەڵە نادات ئەم خاکە زۆر تینووترە**
**لەوەی بەم نمە بارانە قەڵشەکانی سارێژ بێ**
**ئەم دڵە زۆر پایزترە لەوەی بە تەنیا یەک گوڵ**
**بەهار بۆ جەستەی بهێنێت**

هەموو ئەو ڕەگەزانەی هەڵگری هیوایەکن پەیوەندیان بەمەوە نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە ڕەگەز و توخمەکانی بێ ئومێدی هاودەم و دۆستن لەگەڵی و دەستبەرداری نابن. هەموو کاتەکانی ئەم خەم داگیری کردوون و نە باڵندەی ئاواتێک نە شنەبای دەنگێکی خۆش بەلای ئەمدا تێناپەڕێت. سەرباری ئەوەش هەرچەندە پەڵە پەڵەی هەور

رووی ئاسمانی گرتووە، بەڵام ئومێدی بارن بارین نییەو ئەگەر نمەیەکیش بباریت ئەوا خاکی نیشتیمانی ئەم هێندە تینووە پاراو نابێت. دڵی ئەم ئەوەندە خەمبارە تاکە گوڵێک مژدەی هاتنی بەهاری پێنادات و زیندوونابێتەوە. ئەوەی لێرەدا قسەکەر باسی دەکات و لە ڕێگای چەند وێنەیەکەوە بەرجەستەی دەکات شوێنێک نیشان دەدات کە وێرانە خاکێکەو هیچی تێدا سەوز نابێت. ئەمەش لە راستیدا هاوشێوەی ئەو واقیعەیە کە وێرانە خاکی ت.س.ئیللیەت بەرجەستەی دەکات. واتە ئەوەی ئیللیەت وێناکردنی زەوی وشک و بێبەرهەم و وێرانبووی دوای جەنگی جیهانی یەکەمە. ئەی ئەوەی لەم دەقەدا باس دەکرێت وێناکردنی واقیعێکی دیارو هەبووە، یان بەرهەمی خەیاڵە؟

لێرەوە بە تەواوی ئاراستەیەک بۆ لێکدانەوەی ئەو بێ ئومێدیە هەیە کە ئەم دەقە بەرجەستەی دەکات و زەمینەیەک پێشکەش دەکات کە هاوشێوەی ئەو وێرانەیە کە جەنگی جیهانی یەکەم دروستیکردو ت.س. ئیللیەتیش لە قەسیدە بەناوبانگەکەیدا «وێرانەخاک» ئەو واقیعە وێرانبووەی مێژووی مرۆڤایەتی و خودی مرۆڤیش دەدوێنێت. (سەلاح شوان) لەم شیعرەیدا واقیعی دوای شکستی شۆڕشی کورد دەکاتە رەگەزی سەرەکی بنیادنانی ئەم دەقە شیعرییەی و ئەو وێرانکاریە مرۆیی و جوگرافی و مێژووییەی کە شکست بەسەر ئەم و میللەتەکەی و جوگرافیاکەیدا هێناوە، دەدوێنێت و لەم واقیعەشدا خۆی دەکاتە کەسێتی تەوەری

دەقەکەو هیچ تروسکە و ئومێدێک نادۆزێتەوە و لێرەشەوە خۆی وەکو نموونە، یان هێمای هەموو میللەتەکەی نیشان دەدات و کۆی ئازارەکانی میللەتەکەی لە خۆیدا کۆدەکاتەوە. تەنانەت ئەوی قسەکەر باسی ئەوە دەکات کە دەشێ نمەباران ببارێت و دەشێ خونچەیەکیش ببێت بە گوڵ، بەڵام نە نمەبارانێک بەسە بۆ ئەوەی زەوی تینوو پاراو بکات، نە گوڵێکیش وەرزی زستان و کرێوەو نەهات دەکات بە بەهار. ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ناشێت بە جووڵەیەکی سادە، یان بە مانـاوەی کەسێک، یان هێزێکی بچووک تراجیدیای شکست و هەرەس بگۆڕێت و سەرەتای زیندووبوونەوەو رابوونەوە دەست پێبکات.

قسەکەر پاش وێناکردنی دیمەنەکانی شکست و بەرجەستەکردنی مەرگەساتی پاش شکستێک کە تێدا یەکەمجار قسە بۆ گوێگر دەکات و دواجار دەردەکەوێت خۆی و گوێگر هەریەکن و بۆ خۆی دەدوێت، یان ئۆتۆبایۆگرافیای خۆی بۆخۆی دەگێڕێتەوە، دان بە ناکارایی و بێتوانایی خۆیدا دەنێت و لەوێشەوە لەسەر بنەمای گریمانەیەک جۆرێک لە دابڕان لەگەڵ پێشتری خۆیدا دەکات و لەرێگای گریمان، یان ئەگەرەوە واتە ئەگەری ئەوەی کە ئەو لە بری کەس، یان مرۆڤێکی ئاسایی هێزێکی خەیاڵی، یان خورافی، یان ئیلاهی هەبووایە، ئەوا دەشیا بیتوانیایە رەوتی رووداوەکان بگۆڕێت و رەنگە بگەیشتایەتە ئەوەی کە کۆتایی بە قۆناغی شکست و تراژیدیای مەرگ بهێنێت

و سەرەتای قۆناغێکی نوێ دەست پێبکات کە قۆناغی رابوونەوە و خۆ دروستکردنەوەیەو لەوێشەوە شکست بگۆڕایە بە بنیادنانەوەو مێژووی تاریکستان بە تیشکی ئومێد رووناک بکرایەتەوە. ئەو دەڵێت:

**ئەگەر ئاسمان دەبووم**
**نەمدەهێشت ئەستێرەکەی تۆ ئاوابێ**
**ئەگەر بەدەست من بووایە هەرگیز**
**ئەم دنیایە وەها نابوو**

مەبەست لە ئاسمان هێزی باڵاو رەهای خواوەندەو ئەم ناڕاستەوخۆ هیوا دەخوازێت کە توانایەکی خودایی هەبووایە بۆ ئەوەی رێگای لە لەناوچوونی ئەو بگرتایە. ئەو کێیە؟ دیارە، یان عەشیقەکەیەتی، یان هەڵگری ئومێدو هیواکانییەتی، یان شۆڕەکەیەتی کە ئومێدی لەسەر بیناکردبوو. بەڵام دیارە ئەوە تەنیا ئاوات خواستنەو ئەم لەو پێگەیەدا نەبووە کە ئەو دەسەڵاتە خوداییەی هەبێت هەتا رێگا لەو شتانە بگرێت کە بەدڵی نین. قسەکەری شیعرەکە ئەم بۆچوونە زیاتر روون دەکاتەوەو باسی ئەوە دەکات ئەگەر بەدەستی بووایە رێگای نەدەدا ژیان بەمشێوەیە بڕوات کە جێگای رازیبوونی ئەو نییە. بەڵام لەم خۆزگە خوستنەشدا دیسان ناکارایی ئەم دەردەکەوێت و دەبینین ئەم سەرباری گریمان دانان و ئاواتخواستن بەڵام هەر هەمان کەسە ناکاراکەی پێشترەو لە بەردەمی

ترسدا راوەستاوەو هیچ ئومێدێکی گۆڕانکاری بۆ جێبەجێ ناکرێت، مەگەر تەنیا لە سنووری ئاوات خواستندا باس لەوە بکرێت کە جوولەی رووداوەکان بە ئاراستەیەکی تردا بڕۆیشتنایە.

هەرچەندە ئەمی قسەکەر تاکو ئێستا باسی خۆی دەکات، بەڵام ئەوەی باسی دەکات زیاتر خاسیێتی گشتی هەیەو تەنیا پەیوەست نییە بەوەوە، یان تەنیا کێشەی ئەو نییە وەکو تاکەکەس، بەڵکو لە رێگای بە نموونەکردنی خۆیەوە ترس و ئازارەکانی پێکهاتەیەکی گەورەتر کە دەشێ بڵێین کۆمەڵگەکەی خۆی، یان هەموو مرۆڤایەتیە نیشان دەدات. بەڵام لێرەدا قسەکەر وەکو تاکەکەسیش شۆڕدەبێتەوە بۆ جیهانی تایبەتی و تاکەکەسیی خۆی و باسی خۆی دەکات. ئەو دەڵێت:

**ئەمشەو خۆم و منداڵیەکەی خۆمم**
**پشتمان لە دنیا کردووە. ئەوسا من گەلگامێش و**
**ئەو گۆمێکی مەمک خڕی بەهارە بوو بە دیاریەوە دادەنیشتم**
**چاوەڕێی گوڵەشیعرێکی نەمریی بووم**
**چاوەکانی هەڵبێنێت و دەستی بخاتە ناو دەستم**
**شەوێکی وەکو ئەمشەوە بوو**
**کە ئەنکیدۆ بە ناخی زەویدا رۆچوو**
**رۆیشت و چەند چاوەڕێم کرد ئێستاکەیش هەر نەهاتەوە**

قسـەکەری شـیعرەکە دەگەڕێـتەوە بـۆ مێژوویەکـی دوور و ئاماژەیـەک بـۆ ئەفسـانەی گەلگامیـش دەکات. ئایـا ناوهێنانـی گەلگامیـش تەنیـا بـە رێکەوتـە، یـان شـاعیر ئـەم ئەفسـانەیەی کـردووە بـە رەگـەزی بەرهەمهێنانـی دەقەکـەی و بـە بنەمـای شـیعریەتی دەقەکـەی و لـە رێـگای ئەمـەوە دەیەوێـت پرسـیارێک بەرزبکاتـەوە، یـان ئامـاژە بـۆ ئامانجێـک بـکات. گەلگامیـش پاشـایەکی مێژوویـی سـۆمەرییەکانە، هـەروەک پاڵەوانـی ئەفسـانەیەکی کۆنـی میسـۆپۆتامیایە و وەکـو داسـتانێکی شـیعری ماوەتـەوەو بـڕوا وایـە کـە بـە زمانـی ئەکـەدی و لـە نێـوان سـەدەی بیسـت و هەشـت و بیسـت و پێنجـی پێـش زایینـدا هۆنرابێتـەوە. گەلگامیـش پاشـایەکی زۆردار بـووە. خـودای ئـۆرۆ ئەنکیـدۆ دروسـت دەکات لـە نێوان مرۆڤـ و ئاژەڵدا، واتـە کەسێکی دوور لـە شارسـتانێتی و وەکـو کەسـێتیەک بـۆ لـە رووداوەسـتانی زەبـرو زەنـگ و سـتەمی گەلگامیـش خوڵقینـدراوە. بـەڵام گەلگامیـش بەسـەر ئەنکیـدۆدا زاڵ بـووەو پاشـان بوونەتـە دوو هاوڕێـی نزیـک و پێکـەوە بـە دوای نەمریدا گـەڕاون. سـەرئەنجام گەلگامیش تێگەیشـتووە کـە نەمـری پەیوەنـدی بـە تەمەنـەوە نییـە، بەڵکـو ئـەوەی دەبێـتە هـۆی بەدەسـتهێنانی نەمـری کـردارە. دواتـر کـە ئەنکیـدۆ دەمرێـت، گەلگامیـش بـۆ ماوەیـەک رێـگا بـە شـاردنەوەی نـادات هەتـا کـرم دەداتـە جەسـتەی، پاشـان بەدەسـتی خـۆی دەینێژێت. ئەمـە کورتـەی ئەفسـانەکەیە. ئایـا لـەم شیعرەدا بەکارهێنانـی ئـەم ئەفسـانەیە چ رۆڵێک دەبینێت؟

قسەکەر باسی رابردوو دەکات و لەوێشەوە بەسەرهاتی ئەنکیدۆ دەگێڕێتەوە کە چۆن لە شەوێکی وەکو ئەمشەودا بە ناخی زەویدا رۆچووەو چەند ئەم چاوەڕوانی کردووە بەڵام ئەو نەگەڕاوەتەوە. دەشێ ئەمی قسەکەر خۆی لە شوێنی گەلگامیش دانابێت بە تایبەتی دوای ئەو کاتەی کە گەلگامیش و ئەنکیدۆ دەبنە هاوڕێی یەکتری. بە ناخی زەویدا چوونی ئەنکیدۆ ئەو کاتەیە کە ئەنکیدۆ دەمرێت و دوای کرم تێدانی گەلگامیش دەینێژێت و جارێکی تریش ناگەڕێتەوە. هەروەک دوای مردنی ئەنکیدۆ ئەمی قسەکەر خۆی دەخاتە شوێنی گەلگامیش و بەدیار تەرمی ئەنکیدۆ، یان بەدیار بیرەوەرییەکانییەوە دادەنیشێت و بە خەیاڵی ئەوەوەیە کە ئەو مژدە، یان هەواڵی نەمری پێببەخشێت، بەڵام ئەوە روونادات. سەرئەنجام ئەم واتە گەلگامیش تێدەگات تەمەن چەند درێژ بێت کۆتاییەکەی مردنەو شتێک نییە ناوی نەمری فیزیکی، یان جەستەیی بێت، بەڵکو نەمری مەعنەوی هەیە ئەویش پەیوەندی بە تەمەنەوە نییە بەڵکو کاروکردەوەو بەرهەمێنانی چاکە دەبنە هۆی مانەوەی ناو و نەمرییش تەنیا ناوەو هیچی تر. لێرەوە قسەکەر کە لە بارێکی تردا دەشێ شاعیر خۆی بێت بەدوای نەمریدا دەگەڕێت و لەوەش بەئاگایە کە نەمری بە کارو کردەوە دەبێت و بۆ ئەمیش کار بریتیە لە بەرهەمهێنانی شیعری زیندوو کە هەموو بەرهەمێکی زیندو و داهێنەرانە توانای ئەوەی هەیە نەمری بۆ بەرهەمهێنەکەی مسۆگەر

بکات. هەر لێرەوە دەشێ شاعیر لە خەمی بەرهەمهێنانی داهێنانی نەمردا بێت بۆ ئەوەی نەمری بەدەست بهێنێت. کاتێ ئەنکیدۆ دەمرێت و ئەم پاش ماوەیەک دەینێژێت ئیتر بێ ئومێد دەبێت لەوەی کە نەمری بەدەست بهێنێت، واتە ئاواتی بەدەستهێنانی نەمری هەرەس دەهێنێت. ئەوەتا قسەکەر، یان شاعیر دەڵێت:

**کە دەمەوێ باڵ بگرم و منیش بفڕم**
**پێیەکانم دەبنە دوو پایەی کۆنکرێت**
**بە زەویەکەوە دەلکێن**
**ئەم زەمانە زەمانی هەڵفڕین نییە**
**خەونەکان ئاگرباران کەن**
**ئەم ئاسمانە لە قوڕقوشم دروستکراوە**
**ناتوانی بەڵەفڕێی تێد بکەی**
**هیچ مەلی ئاگری نییە باڵەفڕێی تێدا بکەی**
**ئەم زەمانە زەمانی شیعری لاڵە**
**تەنیا ئاسن دەزانێ قۆناغ لە کوێیە**
**کوا دڵێکی ئاسنینی وەک مەتاڵم بۆ دروست کەن**

ئەمی شاعیر خەونی فڕینی هەیە، بەڵام ناتوانێت ئەو ئاواتەی بەدیبهێنێت چونکە پێیەکانی بەخاکەوە دەلکێن و لێی جیانابنەوە. واتە دیسان لێرەدا ئاماژەیەک بۆ فڕینی دیدالیۆس و ئیکاریۆسی کوڕی هەیە. لە ئەفسانەی گریکیدا دیدالۆس هەڵکۆڵەرێکی سەردەمی پاشای کریت بووە.

پاشا لێی زویر دەبێت و دەیخاتە زیندانەوە. ئەویش لە مۆم دوو باڵ بۆ خۆی و بۆ ئیکاریۆسی کوڕی دروست دەکات تا پێی بفڕن و رزگاریان بێت، بەڵام ئیکاریۆسی کوڕی بەرز دەفڕێت و تیشکی خۆر باڵەکانی دەتوێنێتەوەو دەکەوێتە خوارەوە، واتە پرۆژەی فڕینەکە سەرکەوتوو نابێت. ئەمی قسەکەر دەیەوێت بفڕێت بەڵام ناتوانێت. سەرئەنجام تێدەگات ئەم سەردەمە سەردەمی فڕین نییە بە باڵ، بەڵکو زانست بە شێوەیەک پەرەی سەندووە کە لە رێگای بەکارهێنانی تەکنۆلۆجیای نوێوە مرۆڤ دەتوانێت بۆ کوێی بوێت بفڕێت نەک بە باڵی خۆی. لێرەدا ئەو دەلالەتە بەرهەم دێت کە عەقڵ و بیرکردنەوە جێگای هێزیان گرتووەتەوەو مرۆڤ لە بری بەکارهێنانی هێز ئێستا پێویستی بە بەکارهێنانی عەقڵ و بیرکردنەوەیە. بەڵام بۆ سەردەمی دیدالۆس و ئیکارۆسی کوڕی ئومێد ئەوە بووە لە رێگای فڕینەوە بتوانن خۆیان رزگار بکەن، هەرچەندە سەرکەوتوو نەبوون لە جێبەجێکردنی پرۆژەکەدا. بەڵام ئێستا مرۆڤ ئەگەر هەوڵی فڕینیش بدات ئەوا ناتوانێت لە دەسەڵات و هەژموونی تەکنۆلۆجیای نوێ رزگاری بێت. کەواتا خەونی فڕین هەرەسی هێناوەو رووبەرێک نەماوە کە مرۆڤ خەونی لەوجۆرەی تێدا ببینێت. ئەوی شاعیر پێیوایە ئەم زەمانە زەمانی شیعری لالە واتە ئەم زەمانە لە هەست و لە خەیاڵ رووتکراوەتەوەو سەردەمی واقیع و بوونی بێ رۆحە و سەردەمی تەکنۆلۆجیاو مادەیە. هەموو

ئەو شتانەی کە لە مادەو بە پشتی زانست و تەکنۆلۆجیا بەرهەمدەهێنرێن پتەون و بە ئاسانی تێکناشکێن، یان نامرن. واتە ئێستا شتە مادیەکان بە جۆرێک نەمرییان هەیە نەک مرۆڤ بەڵکو مرۆڤ لە سایەی ئەم تەکنۆلۆجیا پەرەسەندووەدا خۆی وەکو بوویەکی زیندوو لە بەردەم مەترسی لەناوچووندایە. واتە لێرەدا لەبری بانگەشەکردن بۆ نەمریی مرۆڤ بانگەشەکردن بۆ نەمری تەکنۆلۆجیا هەیە. هەر بۆیە شاعیر دەخوازێت دڵێکی وەکو ئاسنی هەبێت کە هەم نامرێت و لەکار ناوەستێت، هەم لە هەموو سۆز و خۆشەویستیەک رووتکراوەیەو ئەوەش قۆناغی کۆتایی هاتنی مرۆڤایەتیە بەشێوە رۆمانسیەکەی مرۆڤایەتی. بەڵکو دەستپێکردنی قۆناغی رووتکردنەوەی مرۆڤە لە سۆزو خۆشەویستی، واتە قۆناغی بە ئامێربوونی مرۆڤە. ئێستا ئەو ئامێرە بەجۆرێک درێژە بە بوونی خۆی دەدات، بەڵام لە رووی تەمەنەوە نەمر نییە چونکە سەرئەنجام مادەکان بە گشتی ملکەچی گۆڕانکاری و لەناوچوونن. کەواتە لێرەدا خواست و ویستی نەمریی بۆ مرۆڤ هەرەس دەهێنێت و نەمری تەکنۆلۆجیا جێگای دەگرێتەوە کە ئەویش وشک و بێ سۆز و بێ گیانەو دەتوانین بڵێین قۆناغی بە ئامێربوونی ژیان، یان مرۆڤایەتییە.

لەم زەمینە پڕ لە قەیران و نەهاتیەدا، ئەمی قسەکەری شیعرەکە کە دەشێ هەم شاعیر بێت، هەم خۆی لە شوێنی گەلگامیش دانابێت و دوای مردنی ئەنکیدۆ و

دوای تێگەیشتن لەوەی لەم سەردەمەدا هەست و سۆزە مرۆییەکان هەرەسیان هێناوەو هەموو شتێک رەق و وشک بووە وەکو ئاسن، ئەم دەگاتە ئەوەی ئاواتی ئەوە بخوازێت کە دڵێکی ئاسنینی بۆ دروست بکەن بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەم سەردەمەدا هەڵبکات. واتە ئەم کاتی بەرهەمهێنانی دەقەکە وەکو سەردەمێک باس دەکات کە تیایدا مرۆڤایەتی بە تەواوەتی هەرەسی هێناوە، بەڵام دیارە ئەوەشی بۆ دەستەبەر نابێت و ئەو دڵە ئاسنینەی بۆ دروست ناکرێت، بۆیە بە نائومێدی راوەستاوەو تەنیایی و ناکارایی خۆی دەلاوێنێتەوەو پەی بە تروسکەی ئامانج و هیوایەکیش نابات کە بەرەو ئاسۆیەک رێنومایی بکەن. قسەکەر، یان شاعیر دەڵێت:

**لە مەیخانەی چۆڵ و تاریکی شیعرێکی داخراودا دانیشتووم**
**نە گریانێ دێ بەلامدا پێکە فرمێسکێکی تاڵم بۆ بهێنێ**
**تا تەسکینیم دێ هەڵیدەم نە خەیاڵی خۆکوشتنێک**
**بەرامبەرم لاق دەخاتە سەر لاق**
**هەر لە دوورەوە پێکەکەیم بۆ بەرز دەکاتەوە**
**بۆ هەر کوێیەک ئەو بیەوێ دوای بکەوم**
**ئەمشەو حەز دەکەم وەک ماسی**
**بە ناخی دەریا شینەکەی**
**لەبیرچوونەوەدا رۆچم**
**لاشەی هەموو شیعرەکانم**

**بخەمە ناو هەگبە شڕەکەی دڵمەوە**
**لەگەڵ جوانی گشت جوانەکانی دنیادا**
**بیدەم بە کۆڵمدا و بڕۆم**
**لە بەردەستی گۆشتخۆرانی ئەم زەمانە**
**نەکەی بەر بە دواوە بکەی**
**ڕێگای ئەژدیهای بەرەو خوار**
**هەڵتەلووشێ و بەرەو خەونی قیرێکی کولاو ڕۆدەچی**

قسەکەر، یان شاعیر دوای ئەوەی لەوە تێدەگات لە لەسەردەمێکدا دەژی هەست و بەها مرۆییەکان رووخاون، لەبارەی ئەو شوێنەوە دەدوێت کە تیایدا دانیشتووە، ئەویش بە مەیخانەی شیعر ناو دەبات. واتە ئەم لە خەیاڵی ئەوەدایە سرۆشی بۆ بێت و بە نووسینی شیعرێک مەست ببێت. بەڵام مەیخانەی شیعر چۆڵەوانییە، واتە هیچ پێداویستیەکی بەرهەمهێنانی شیعری تێدانییە. نە گریان لەوێ بوونی هەیە تا فرمێسکەکانی داباریێنێت کە ئەو فرمێسکانە بۆ خەڵوەتی شیعر وەکو پێکی بادە سەیر دەکات. نە خەیاڵ لەوێ بوونی هەیە بۆ نموونە خەیاڵی فڕین، یان خەیاڵی خۆکوشتن، یان هەر خەیاڵێک کە دەشێ ببێتە سەرچاوە بۆ کرانەوەی دەرگای شیعر، یان بۆ رەهاکردنی دەرگای سرۆش. ئەم لەم پێگەو شوێنەدا کە وەکو شوێنی بەرهەمهێنانی شیعر باسی دەکات، هیچ کام لەو مۆتیڤ و

هۆکارانەی لە لانییە کە دەبنە هۆی سرۆش پێبەخشینی بۆ لە دایکبوونی شیعرێک. ئەمەش دەشێ بەند بێت بەو بارە ناهەموارەوە کە خاسیێتی ژیانی ئەم سەردەمەیە، کە ئەوی شاعیر بەسەردەمی ئاسن ناوی دەبات، واتە سەردەمی کۆتاییهاتنی خەیاڵ و ئەندێشەو نەست کە ئەمانەش سەرچاوەی بەرهەمهێنانی شیعرن. بە مانایەکی تر شاعیر دەیەوێت بڵێت لەم سەردەمی ئاسن و ئاگر و توندوتیژیەدا رووبەرێک بۆ خەیاڵ و ئەندێشەی ناسکی بەرهەمهێنانی شیعر نەماوەتەوەو ئەو دەخوازێت دڵێکی لە کانزا دروستکراوی هەبێت. دیارە مرۆڤایەتیەک کە لەبری دڵێکی لە گۆشت و پڕ لەسۆز و خۆشەویستی و وروژان، خوازیاری بەدەستهێنانی دڵێکی کانزایی بێت کە جێگای سۆزو خۆشەویستی و ورووژان و خەیاڵ بەرهەمهێنانی تێدا نەبێتەوە، چیتر نە دەتوانێت شیعر بەرهەم بهێنێت نە لەوە دەچێت بایەخ بە شیعر بدات. لەکاتێکدا لە روانینی ئەمەوە وەکو گەلگامیش شیعر، یان داهێنان سەرچاوەو هۆکاری نەمریە.

لەئەنجامی بێ ئومێدبوون لەوەی کە لە مەیخانەی شیعردا شیعرێکی مەزن بنووسێت، ئەم حەز دەکات رێگایەکی تر لەبەر بگرێت، بەڵام ئایا ئەو رێگایە بۆ کوێ دەچێت و ئەم بە چ ئامانجێک ئەو رێگایە دەگرێتە بەر؟ ئەم دەیەوێت خۆی بچووێنێت بە ماسی. ماسی چۆن شۆڕدەبێتەوە بۆ قووڵایی دەریاکان، ئەمیش بەوجۆرە

شۆڕبێتەوە بۆ قووڵایی بیرچوونەوە. بەڵام هەر بە تەنیا خۆی نارِوات بەڵکو دەیەوێت دوو شت کە دیارە بەلای ئەوەوە زۆر گرنگ و پڕ بایەخن لەگەڵ خۆیدا ببات. یەکەم شیعرەکانی و دووەم هەموو جوانییەکانی دنیا. ئەم دوو بەرهەمە، یان رەگەزە لەگەڵ خۆی دەبات بۆ ئەوەی نە خۆی و نە ئەوان لەبەردەم مرۆڤە گۆشتخۆرەکانی ئەم سەردەمەدا بەجێنەهێڵێت. لێرەدا شاعیر بە چاوێکی رەخنەگرانەوە سەیری سەردەمی تەکنۆلۆجیا دەکات و بەسەردەمی رووخاندنی مرۆڤایەتی ناوی دەبات و دەزانێت شیعر بەرهەمی خەیاڵ و ئەندێشەو هەستە ناسکەکانە، لەبەرامبەردا جوانی کە رەگەزێکی مەعنەوی بەهادارەو لە رووبەری هەست و روانینە مرۆییە باڵاکانی جوانناسی و جوانپەرستیدا بەهای هەیە، هەردووکیان لەم سەردەمە جەنجاڵەدا کە مرۆڤ خۆی بەهای نییە ناشێت هیچ کام لەمانەش بەهایەکیان هەبێت، بۆیە دەشێ بە ئاسانی برِوخێنرێن و لەناوببرێن. شاعیر ئەم دوو شتە پڕ بەهایە دەدات بە کۆڵیداو ئەم سەردەمە بەجێدەهێڵێت. واتە ئەم دەیەوێت ئەو شتانەی کە بەرهەمی خەیاڵ و هەست و ئەندێشە مرۆییەکانن بپارێزێت بە خودی خۆیشیەوە، چونکە دەزانێت لە سەردەمی ئاسندا، لە سەردەمی بە درِندەبوونی مرۆڤدا، مرۆڤایەتی و بەرهەمەکانی مرۆڤایەتی بە تایبەتی ئەوانەیان کە دەشێ نەمری مسۆگەر بکەن و خۆیشیان بە نەمری بمێننەوە، پارێزراو نابن.

ئەمـی شـاعیر ئامانجـی خۆیـی دیایکـردووە کـە بریتیـە لـە بردنـی شـیعرەکانی و هەمـوو جوانییـەکان لەگـەڵ خۆیـدا، لەگـەڵ بەجێهێشـتنی سـەردەمی دڵـە کانزاییـەکان و سـەردەمی مرۆڤـە گۆشـتخۆرەکاندا. ئـەو بـۆ کـوێ دەڕوات؟ کام ڕێـگا لەبـەر دەگرێـت؟ ئایـا ڕووبەرێـک هەیـە بـۆ ڕزگار بـوون؟ ئایـا ئەمـەی ئـەو دەیـکات ڕاکـردن و بەزیـن نییـە؟ لـە کاتێکـدا ئـەو وەکـو گەلگامیـش شـەیدای نەمریـە. ئـەو دەڵێـت:

**ئێستا ڕێگام بەرەو خوارە**
**ئەنجام یەکەو ڕێ هەزارە**
**نەکەی بەر بە دواوە بکەی**
**ڕێگای ئەژدیهای بەرەوخوار**
**هەڵتەلووشێ و بەرەو خەونی قیرێکی کوڵاو ڕۆدەچی**
**کە ئەوڕ لە دواوە دەدەم**
**دوێنێ تەمەو بای زریانە \کۆچی تەمەنێکی سوورە**
**لەشت دەست و پێیەکانت جێ دەهێڵێ و**
**سەرت چاوە زەرد هەڵگەڕاوەکانت هەڵدەفڕێنێت**
**بەرەو چەمێکی زۆر تاریک دادەخزێ**
**ڕەوە بەرازێکی زۆر برسی**
**تاوت بۆ دەهێنێت و تۆیش**
**کەڵە ئاسکێک لەناو خوێنتدا ڕادەپەڕێ**

ئـەم سـەردەم وەکـو سـەردەمی ئاسـن وێنـا دەکات. ئەمـەش

لە ئاستێکی تردا ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت کە ئەو قۆناغەی دەقەکەی تێدا بەرهەمهاتووە قۆناغی سەرمایەداری و بە کۆیلەبوونی مرۆڤە بۆ سەرمایە و، بۆ بەرهەمەکانی تەکنۆلۆژیای نوێ. ئاسن هێمای کۆتاییهاتنی ژیانی کۆمەڵگەی نێو سروشت، یان کۆمەڵگەی سەرەتایی و تەنانەت فیودیالیە و گواستنەوەیە بۆ قۆناغی پیشەسازی و باڵادەستبوونی چینی بۆرژوا و پەرەسەندن و باڵادەستبوونی تەکنۆلۆژیا کە لەگەڵ خۆیدا هەژموونی ئامێر بەسەر مۆرڤدا نیشان دەدات. ئەوەش ئەگەر لە روانگەی رۆمانسیەتی ژیان و شیعرەوە سەیری بکەین کوشتنی جوانییەکان و تەنانەت هەستە راستەقینە مرۆییەکانیشە. شاعیر دەیەوێت لەم واقیعە تفت و تاڵە خۆی دەرباز بکات و ئەوەی دەیەوێت لەگەڵ خۆی بیبات و رزگاری بکات شیعرو جوانییەکانە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئەم قۆناغە بکوژی هەست و بەرهەمەکانی هەست و خەیاڵ و کۆی جوانییەکانە.

لەم هەنگاوەشدا، قسەکەر کە لێرەدا شاعیر خۆیەتی خۆی دەدوێنێت و ئامۆژگاری خۆی دەکات کە هیچ دوودڵ نەبێت لە بەجێهێشتنی ئێرە لەم کاتەدا و هەروەک لە ئامۆژگارییەکانیشدا وریایی دەدات بە خۆی ئەگەر دوودڵ بێت لە رۆیشتن، یان ئەگەر بە وریایی هەنگاو نەنێت رەنگە بکەوێتە قورگی ئەژدیهای ترسناک و لەناوبەرەوەو بەوەش هەموو شتێک بە خۆیشیەوە لەدەست بدات.

دیسان دەشێ ڕێگای ئەژدیهای بەرەوخوار هێما بێت بۆ کۆسپەکانی بەردەم مرۆڤ بۆ رزگاربوون لە هەژموونی قۆناغی ئاسن و مەترسیەکانی تەکنۆلۆژیا. هەروەک ئاماژەیەکی دووریش هەیە بۆ گەڕانەوە بۆ ئەفسانەی یوسف و داهێڵانە خوارەوەی بۆ بنی بیرەکە کە ئەویش سپاردنی یوسفە بە چارەنووسێکی ون و نادیار. واتە ئەگەر ئەم وەکو نوێنەری مرۆڤایەتی بە وریایی هەنگاو نەنێت، رەنگە هەمان چارەنووسی ون و نادیاری یوسفی هەبێت. لەم هەلومەرجە ترسناکەدا کە لەش دەست و پێیەکان بەجێدەهێڵێت و سەری مرۆڤ چاوەکانی فڕێدەدات و لە ئەنجامی هەموو ئەمانەشدا مرۆڤ بەرەو کەناری نەمان و لەناوچوون دەخزێت و لەوێشدا مەترسیەکانی لەناوچوون هەڕەشەی لێدەکەن، ئەم وەکو مرۆڤ نابەزێت. لە ناخیدا ئیرادەی بەرگریکردن و راوەستان لەبەردەم ئەم مەترسیانەدا لە دایک دەبێت و خۆی نادات بەدەستەوە. لێرەدا شاعیر لە دووانەی نێوان مرۆڤ و تەکنۆلۆژیادا، مرۆڤ دەکاتە ناوەندو چەق و سەروەری و هێزو ئیرادە بە مرۆڤ دەبەخشێت و سوورە لەسەر ئەوەی کە دەبێ ئەم بوونەوەرە ژیرە خاوەنی ئیرادەو هێزی کۆنترۆڵکردنی سرووشت و گەردوون بێت و نابێت دروستکراوەکانی عەقڵ و دەستی خۆی بیبەزێنن و بیکەن بە کۆیلە. لێرەوە لە لایەک دەلالەتی ئایندەخوازی و بە بالایی مانەوەی

مرۆڤ بەرهەم دێت، لەلایەکی ترەوە رووبەکی دیدی هیومانیستانە دەردەکەوێت کە ئەم شیعرە بانگەشەی بۆ دەکات. هەر لێرەشەوە ئاماژەیەکی تر هەیە بۆ هەڵوێستەکەی گەلگامیش لەبارەی نەمرییەوە. نەمری هەرچۆن بە تەمەن نییەو بە کردارە، دیسان نەمری بۆ تاکەکەس نییە بەڵکو بۆ درێژەپێدان و بەردەوامی ژیانی ئەم ئەفریدەبووە ژیرەیە کە فەرمانڕەوای سەرزەمینەو بێگومان لە هەوڵی ئەوەشدایە کە دەسەڵات بەسەر جووڵەی سرووشت و گەردووندا بکات و خۆی رێکخەر و بەڕێوەبەری بێت تا ئەو ئەندازەی کە خۆی بڕیاری ژیان و مردنیش بدات.
شاعیر لە هەندێ وێنەی سریالیدا، هەوڵی زیاتر دەدات بۆ ئەوەی تێکچوونی هارمۆنیای گەردوون ئاشکراتر وێنا بکات و خودی گەردوونیش، یان دنیا بە مرۆڤی ئاسایی بچووێنێت تا رێگا بۆ مرۆڤ خۆش بکات، هەوڵبدات خواست و ویستی کۆنترۆڵکردنی گەردوون بکات بە کردار. هەڵبەت ئەوەش کاتێک دەبێت کە مرۆڤ ببێتە خاوەنی ئیرادەیەکی ئەوتۆ کە بەرەو لە رووداوەستان بیجولێنێت و لەبەردەم هیچ شتێکدا نەچەمێتەوە. شاعیر لەبارەی ( ئەو )ەوە دەدوێت و هەر زوویش ناسنامەی ئەو ئاشکرا دەکات کە بریتییە لە دنیا. دنیا دەچوێنێت بە مرۆڤ و خاسیەتەکانی مرۆڤ بە دنیا دەبەخشێت و بەکەسکردنی دنیا ئەنجام دەدات. ئەوەتا دەڵێت:

**ئەمشەو دنیا عەساو پاڵتۆکەی لێرەدا جێ هێشتووە**
**بۆ سەیران چووە، یان نازانم، یان سەری خۆی هەڵگرتووە**
**ئەو لەوێ بوو ئێستا تەنیا عەساو سەبیلەکەی نەبێ**
**هیچی دیکەی دیار نەماوە کوانێ سەگیش دیار نەماوە**
**تا مانگێکی پێ بوەڕێ ئەم دەرگا پۆڵاینانە**
**ئەمشەو لە کێ داخراون کلیلەکانیان لای کێیە.**

لەم لێکچواندنەدا لە نێوان دنیاو مرۆڤدا، دنیا لە رووی رووبەر و قەبارەوە بچووک دەکرێتەوە بۆ ئاستی قەبارەی مرۆڤێک. هەروەها دنیا وەکو هەر مرۆڤێکی ئاسایی دێت و دەچێت و خاوەنی خاسێت و پێداویستیەکانی مرۆڤە. هەرچەندە دەشێ ئەوەی ئەو باسی دەکات تەنیا وەک ناو پێی بگوترێت دنیا، چونکە بەئاشکرا دیارە کە ئەو باسی کەسێک دەکات کە دەشێ مەبەستی ئەو گوێگرە بێت کە لە خەیاڵدا دروستی کردووە.، یان ئەو هێزەیە کە ئەم بە ئومێدی ئەوەیە ئیرادەی پێببەخشێت و لەسەردەمی ئاسن و لە ژێر هەژموونی تەکنۆلۆجیا رزگاری بکات. هەر لێرەدا شاعیر لە وێنەیەکی هەڵگەڕاوەدا ناجۆری بارودۆخەکە نیشان دەدات کاتێ دەڵێت:

کوانێ سەگێکیش دیار نەماوە
تا مانگێکی پێ بوەڕێ

سـەگ بـە مانگاشـەو دەوەڕێـت. دیـارە پێچەوانەکردنـەوەی ئـەم وێنەیـە تەنیـا بـۆ دەرخسـتنی خراپـی و ناجـۆری ئـەو بارودۆخەیـە کـە دەقەکـە لێـی دەدوێـت. هـەر بـە دوای ئـەوەدا باسـی داخسـتنی دەرگا پۆڵاینـەکان دەکات، بـەڵام ئاشکرا نییـە مەبەسـتی لـە دەرگا پۆڵاینـەکان چیـەو دەرگای پۆڵاییـن چ مەدلولێـک هەڵدەرێـت. ئایـا تەنیـا مەبەسـت دەرگای ئاسـاییە، یـان داخسـتنی دەرگای ژیـان و ئازادیـە لـە مرۆڤـەکان کـە ئـەوەش بەرهەمـی سـەردەمی ئاسـن و قۆناغـی تەکنۆلۆجیایـە کـە جیهـان دەکاتـە زیندانێکـی گـەورە و کـۆی مرۆڤایەتیـش تێیـدا وەکـو زیندانـی و بـە بـێ بڕیـار و لـە دەرەوەی ویسـتی خۆیـان و وەکـو ئەفریدەبوویەکـی بـێ ئیـرادە ژیـان دەگوزەرێنێـت. لێـرەدا ئاماژەیـەک بـۆ ئـەو بۆچوونـەی ئیللیـەت هەیـە لـە وێرانـە خاکدا کـە دەڵێـت هـەر کەسـە و گوێـی لـە زرنگـەی کلیلـی زیندانەکـەی خـۆی دەبێـت و ئـاگادار دەبێـتەوە کـە ئـەو زیندانییـە. واتـە لێرەشـدا دەرگا پۆڵاینـە داخـراوەکان ئامـاژەن بـۆ زیندانیبوونـی هەمـوو مرۆڤایەتـی. ئێسـتا ئەمـی قسـەکەری شـیعرەکە کـە پێشـتر ئاسـکێک لـە خوێنیدا رادەپـەڕی و ئیرادەی لە رووداوەسـتانی تێـدا لـە دایـک دەبـوو، لـە هەژموونـی قۆناغـی ئاسـن و تەکنۆلۆژیـا یاخـی دەبێـت و هەوڵدەدات هەمووشـتێک بخاتـە ژێردەسـتی خۆیـەوە. دیـارە ئەمـەش هـەم رێگاخۆشـکەرە، هـەم یارمەتیدەریشـە بـۆ خـود سـەلماندن و دەسـەڵاتکردن بەسـەر گەردوونـدا. ئـەو نەمرییەشـی کـە لـە وێناکردنـی

گەلگامیشەوە بە دوایدا دەگەڕێت تەنیا کاتێک بەدەست دێت کە مرۆڤ خۆی خاوەنداریێتی ژیان و گەردوون بکات و خۆی بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدات.
قسەکەری شیعرەکە زیاتر لەبارەی ئەوەوە دەدوێت کە پێشتر وەکو گوێگر و پاشان بە دنیا ناوی دەبرد، ئێستاش وەکو ئەوی کەسی سێیەم، یان ئەوی رەگەزی دووەم ئاخاوتنی لەگەڵ دەکات. ئەمیش بەردەوام وەکو کەسی یەکەم دەدوێت و کۆی ئەو شتانەی باسیان دەکات لەدەوری خۆی کۆدەکاتەوەو خۆی دەکات بە ناوەند، یان چەق و هەموو شتێک بەخۆیەوە پەیوەست دەکات. ئەمی قسەکەر باسی ئەو دەکات، واتە ئەو دنیایەی کە رۆیشت، یان سەری خۆی هەڵگرت. ئەم نازانێت بۆچی ئەو دنیایە نەگەڕایەوە، واتە ئەم لە چاوەڕوانی گەڕانەوەی ئەودایە. کەواتە ئەو کێیە؟ ئایا هاودەمە، یان رزگارکەرە، یان ئەو هێزەیە کە لە سەردەمی ئاسن و تەکنۆلۆجیا رزگاری دەکات، یان نەمری بۆ دەهێنێت؟ واتە ئەوەی دەیدوێنێت و بە دنیا ناوی دەبەت لە هەمان کاتدا وەکو مرۆڤێک مامەڵەی لەگەڵ دەکات و دەیناسێنێت. ئەوەتا دەڵێت:

**نازانم بۆ نەهاتەوە وتی تۆ لێرە دانیشە**
**دەچم چۆلەکەت بۆ دەگرم**
**بەم درەنگ وەختە نازانم**
**کوێ بگەڕێم هەواڵی تۆ لە کێ پرسم**

**لەگەڵ چ مێگەلە هەورێکی کۆچەردا**
**خۆت دایە دەست زریانەوەو ئەو نەیبردی**
**ئەم دیوارو پەنجەرە ئاسنینانەی ئەمشەوە نەبووایە**
**رەنگ بوو لەشی نەرمی شیعرێک**
**خۆی لە لەشی وەکو داری وشکهەڵاتوو بسووایەو**
**تێر ئارەقی زیندووبوونەوەی کردمایە**
**نازانم بۆ نەهاتەوە ئەوسا ئەو کاروانسەراو**
**من رێبواری رێگای هات و نەهاتی ئەشقێک بووم**
**ئەمشەو هەرچەند دەمەوێ**
**لەم سەگوەڕە مۆتەکەیە خۆم رزگار کەم**
**دەستەکانم دەبنە دوو دارخورمای چۆڵی بیابانێک**
**چنگ لە زەویەکە گیر دەکەن**

گوێگر ئەمی بەجێهێشتووە و هیوایەکی پێبەخشیووەو لە بەردەم چاوەڕوانیدا رایگرتووە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نازانێت چی بکات. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە قسەکەر، یان شاعیر لە بارێکی دەروونی شلۆقدایەو نازانێت چی بکات و لە کوێ بەدوایدا بگەڕێت و هەواڵی ئەو لە کێ بپرسێت. ئەمەش نیشانی دەدات راستە ئەمی قسەکەر ئامانجێکی دیاریکراوی هەیە بەڵام نازانێت لەکام رێگاوەو بە چ شێوەیەک رێگای گەیشتن بەو ئامانجە بدۆزێتەوە. هاوکات باسی ئەوە دەکات ئەگەر ئەو بەربەستە ئاسنینانە نەبوونایە، دەشیا سرۆشی شیعری بۆ بهاتایە و پاڵنەری

تەڕ و ناسکی شیعر جەستەی وشکهەڵاتووی ئەوی زیندوو بکردایەتەوە. هەر لەمبارەدا باسی رابردووی خۆی دەکات وەکو عاشقێکی شەیدا، بەڵام ئێستا کاریگەرییەکانی ئەو عەشقەی پێوە دیارنییە چونکە عەشق هێزی جووڵەو خۆ ڕزگارکردن بە مرۆڤـ دەبەخشێت، بەڵام ئەم لەم بارەدا هەست بە ناکارایی خۆی دەکات، واتە نەدەتوانێت ئەو بدۆزێتەوە، نە شیعرێک بەرهەم بهێنێت نە لەم هەژموونی سەختی سەردەمی ئاسن و تەکنۆلۆژیایە رزگاری ببێت. هەستکردن بەم ناکاراییە دەیگەیەنێتە ئاستێک کە وەها خۆی دەبینێت ناتوانێت هەنگاوی بەرەو رزگاربوون لەو بارە ناهەموارەی تێیدایە هەڵبهێنێت. ئەمەش ئەو بارەیە کە هەر لە سەرەتاوە قسەکەری شیعرەکەی تێدابوو کە لە هیچ قۆناغێکادا نەگەیشتووەتە ئەوەی بتوانێت لە رووی کارەوە ئەگەر بە رێژەیەکی نزمیش بێت راڕەوی رووداوەکان بگۆڕێت. ئەم کەسێتیەش وێناکردنێکی واقیعیانەیە بۆ رۆڵ و پێگەی مرۆڤـ لە سەردەمی تەکنۆلۆژیادا. هەروەها دەشێ وێناکردنێکی دروستیش بێت بۆ کەسێتی کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگەیەی کە دەقەکەی تێدا بەرهەمهاتووە کە چۆن لە پێش و لە سەروەختی بەرهەمهێنانی دەقەکەو تەنانەت دوای ئەو کاتەش کەسێتیەکی ناکاراو پەراوێزیی و پاشکۆی هەبووەو هیچ رۆڵ و کاریگەرییەکی لەسەر راڕەوی رووداوەکان نەبووەو ئەم بەردەوام کاری لەسەر کراوە.

قسەکەر لەم بارودۆخەدا کە هەست بە ناکارایی خۆی بۆ هەموو شتێک دەکات، تێدەگات ئەو هیواو ئومێدەی کە هەیەتی بەدینایەت، دەگەڕێتەوە بۆ قوولایی ناخی خۆیی و ئەو پانتاییە دەدوێنێت. ئەو دەڵێت:

**کە دەرگام لێ نەکرێتەوە**
**بۆ ژێر زەمینێک تونێلێک**
**لە ناخی خۆمدا دەگەڕێم**
**بمگەیەنێت بە تەڕایی شیعرێک**
**بە گەرمی گریانێک بە فێنکی مەرگێکی خۆش**
**ئەمشەو نە شاجوانی مەرگێک**
**دوگمەی سینە سپیەکەییم بۆ دەکاتەوە**
**تا چی رەوە گورگ هەیە لە دەورمدا بڕەوێتەوە**
**نە کچۆڵە نامیهرەبانەکەی گەردوون**
**دێتە لام و خۆیم دەدا بەدەستەوە**
**تا دەتوانم تێکەڵی بم وسبەینێ**
**بە دڵنیاییەوە لەگەڵ رەوە گورگی مەرگدا بڕۆم**
**تۆ دەیزانی بۆ پۆلە کۆتری شیعرم**
**بە منارەو گومەزی ئەم شارە ساختانە ئاشنا نین**
**چونکە دنیا ئەمشەو رەزی سۆزانییەکەی ئۆرۆکەو**
**مەی لە دنیادا نەمێنێ رووی تێناکەم**

کاتێ ئەمی قسەکەر لەبەردەم دەرگایەکی داخراودایەو هەرچی هەوڵدەدات ئومێدێک بۆ کردنەوەی ئەو دەرگایە

نییە، بۆیە بە ناچاری دەگەڕێتەوە بۆ ناخی خۆی و هەوڵدەدت ئەوەی لە دەرەوەڕا پێی ناگات لە ناخی خۆیدا هاوشێوەی بۆ بدۆزێتەوە. واتە لە نێوان جیهانی دەرەوە و جیهانی ناوەوەدا قسەکەر سەرەتا جیهانی دەرەوە هەڵدەبژێرێت بۆ ئەوەی تیایدا بە دوای ئاسۆیەکدا بگەڕێت، بەڵام تێدەگات ئەوە کارێکە بۆی دەستەبەر نابێت. سەرئەنجام دەگەڕێتەوە بۆ باری خوردبوونەوەو تێڕامان و شۆڕبوونەوە بە ناخی خۆیدا. ئەوەش بە ئومێدی ئەوەی لە ناخیدا جێگرەوەی ئەو ئومێدو هیوایە بدۆزێتەوە کە لە دەرەوە ڕێگا نادرێت پێی بگات. ئەو بە ئومێدی ئەوەیە تێڕامان و شۆڕبوونەوە بە ناخی خۆیدا بیگەیەنێت بە چەند خاڵێک کە بریتین لە ( تەڕایی شیعرێک، گەرمی گریانێک، فێنکی مەرگێک ). دیارە هەر یەکێک لەمانە بۆ ئەوبارەی ئەوی قسەکەر بریتیە لە ڕێگای گەیشتن بە جۆرێک لە رزگاربوون. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە شیعر و گریان و مەرگ بۆ ئەم هەمان مانانیان هەیەو هەمان کاردەکەن. بەڵام دیارە ئەوە تەنیا هیواخواستنێکە کە لە خوردبوونەوەو تێڕاماندا بگات بەو ئامانجانە کە ئەویش دەیگەیەنێت بە قۆناغێکی تر کە ئەویش رزگاربوونە لەو بارەی کە تێیدایە.

ئەو بێ ئومێد دەبێت لەوەی بگات بە هیچ کام لەو ئامانجانە. دیارە نەگەیشتنیش بە ئامانج ئەم لەو بارە ترسناک و ناهەموارەدا دەهێڵێتەوە کە تیایدایە کە بریتیە

لە ناکارایی و ئابڵوقەدانی بە گەلە گورگ کە ئەمەش زیاتر ئاستی ئەو مەترسیە نیشان دەدات کە هەڕەشە لە بوونی ئەم دەکات و ئایندەی نادیار و تاریکی لەوەی ئێستای زیاتر دەخاتە مەترسیەوە. واتە لێرەوە قسەکەری شیعرەکە کە نوێنەرایەتی ئێمە دەکات، کەسێتیەکی ئایندە نادیارە و بەرەو ونبوونی تەواوەتی و سڕینەوە دەچێت. هەرچەندە پێشتر ئەو باسی ئەوە دەکات کە ئومێدێک لە خوێنیدا زیندوو دەبێتەوە، بەڵام سەرئەنجام ئەو ئومێدە ناتوانێت پانتایی بوونی ئەو داگیر بکات. لێرەوە دەردەکەوێت ئەمی قسەکەر لەوە تێدەگات کە بۆچی ئەو لەبەردەم ئەم مەترسیانەدایەو هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە ئەم نامۆیە بەو واقیعەی کە هەیە و لێرەشەوە قسەکەر زیاتر شووناسی خۆی ئاشکرا دەکات و بە ناوی شاعیرەوە قسە دەکات و دەڵێت:

**تۆ دەیزانی بۆ پۆلە کۆتری شیعرم**
**بە منارەو گومەزی ئەم شارە ساختانە ئاشنا نین**
**چونکە دنیای ئەمشەو رەزی سۆزانییەکەی ئۆرۆکە**

ئەمی شاعیر جۆرێکی تایبەتە و شیعرەکانی دەربڕی راستی و حەقیقەتن و هەرگیز ئاشنا نابن بە دیکۆر و سیماو روخسای ساختەو بێ گەوهەری شارە ساختەکان. مەبەست لەشارە ساختەکان ئەو شارانەن، یان ئەو شوێنانەن کە دژ و نەیارن بە ژیانی راستەقینەی مرۆڤـ

و تیایاندا گەوهەری مرۆڤایەتی دەڕوخێندرێت و هەست و سۆز و ئەندێشە راستەقینەکانی مرۆڤ وشک و بێ گیان دەکرێن. ئەو شارانەش بەرهەمی سەردەمی ئاسن و قۆناغی تەکنۆلۆجیان، کە دەشێ بە قۆناغی مەرگی گەوهەری مرۆڤایەتی دابنرێت. دنیا لای ئەم بەردەوام شەوەو ئەو شەوەش تایبەتمەندی خۆیی هەیە کە بریتیە لە شەوی سۆزانییەکەی ئۆرۆک. واتە شەوێکی سەردەمی گەلگامیش و ئەنکیدۆ کە دنیای ئەو شەوە رەزی سوزانییەکەی ئۆرۆکە. بەڵام ئەمی شاعیر ئامادە نییە لە شەرابی ئەو رەزە بخواتەوە تەنانەت ئەگەر مەی لە هەموو گەردووندا نەمێنێت، لێو لەو مەیە نادات. ئەمەش هۆکارە بۆ ئەوەی نەتوانێت کە لەگەڵ ئەو بارودۆخەدا بژی، یان هەڵبکات. لێرەدا شاعیر، یان قسەکەری شیعرەکە کە بە رانـاوی کەسی یەکەمی تاک قسەدەکات رۆڵی ئەنکیدۆ دەبینێت، یان خۆی دەخاتە شوێنی ئەنکیدۆ. ئاشکرایە لە ئەفسانەکەدا واتە ئەفسانەی گەلگامیش کە لەم شیعرەیدا (سەلاح شوان) ئەو ئەفسانەیەی کردووەتە رەگەزی بەرهەمهێنانی دەقەکەی، ئەنکیدۆ وەکو ئاژەڵێکی دڕندە خوڵقێنراوە بۆ دژایەتی کردنی گەلگامیشی زۆردار. ئەنکیدۆ لە بیابان و دەشت و کێو دەژی و سەرئەنجام لە رێگای سوزانییەکی شاری ئۆرۆکەوە رازی دەکرێت بێتە ناو کۆمەڵ و وەکو مرۆڤ بخوات و بخواتەوەو جل و بەرگ لەبەر بکات و دوای ئەوەش بچێتە بەرامبەر گەلگامیش بۆ ئەوەی ململانێی

لەگەڵدا بکات بە مەبەستی لە ناوبردنی. لەراستیدا، لە بنەڕەتدا ئەنکیدۆ بۆ ئەو ئەرکە ئەفرێندراوە. سەرئەنجام گەلگامیش لەبەردەم هێزی ئەنکیدۆدا هەست بەلاوازی دەکات و ئەوەش وای لێ دەکات دان بە هێز و توانای ئەنکیدۆدا بنێت. ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی ببنە هاوڕێی نزیکی یەکتر. ئەنکیدۆ بۆ کۆتاییهێنان بە زوڵم و زۆری گەلگامیش ئەفرێندراوە. ئەمی شاعیر خۆی دەخاتە شوێنی ئەنکیدۆ. دیارە ئەوەش لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجێکدا دەکات. ئاشکرایە ئەمی شاعیر وەکو تاکەکەس لە خۆی دەدوێت، بەڵام لە ئاستێکی تردا نوێنەرایەتی میللەتەکەی دەکات کە لە کاتی بەرهەمهێنانی ئەم دەقەدا و بۆ دواتریش لە ژێر سایەی زوڵم و زۆرێکی سەختی هاوشێوەی ئەوەی گەلگامیشدا ژیاوە. ئەمی شاعیر دەیەوێت هەمان ئەرک لە ئەستۆ بگرێت کە دیارە ئەو ئەگەرچی وەکو تاکەکەس لەو رووەوە وەکو پاڵەوان دەردەکەوێت، بەڵام نوێنەرایەتی هێزێک دەکات کە بتوانێت لە رووی ئەو ستەم و زۆرداریەدا بووەستێت.

وادەردەکەوێت ئەنکیدۆ لەلایەن سوزانییەکەی ئۆرۆکەوە تا ئەندازەیەک رابهێنرێت و لە بوونەوەرێکی شێوە دڕندەوە دەکرێت بە مرۆڤ و سەرئەنجامیش دەبێتە هاوڕێی هەرە نزیکی ئەو ستەمکارەی کە ئەم بۆ ئەوە خوڵقێندرابوو لە ناوی ببات، بەڵام ئەمی پاڵەوانی ئەم شیعرە لەوە بەهێزترە کە لەلایەن سۆزانییەکەی ئۆرۆکەوە دەستەمۆ

بکرێت. جێگای خۆیەتی لێرەدا ئەو پرسیارە بکرێت: ئایا سۆزانییەکی ئۆرۆک کێیە؟ کەسێکی نامۆیە، یان کەسێکی ئاسایی ناو کۆمەڵەو خاسێتی سۆزانیبوونیشی لە پێناوی ئەرکێکدا پێدراوە؟ ئایا بەراستی کەسێکی روخاوە، یان کەسێکە لە پێناوی ئەمانێکی بەرزتردا قوربانی بەخۆی داوەو ئەو ئەرکە وەکو سۆزانی دەبینێت؟ لێرەدا لە ئاستی نائاشکرای دەقەکەدا لێکچوونێک لە نێوان ئەمی شاعیرو ئەنکیدۆدا دروست دەبێت. هەریەکەیان لەگەڵ جیاوازی کاتدا جۆرێک لە هەوڵ هەیە بۆ دەستەمۆکردنیان. ئەنکیدۆ لە رێگای سۆزانییەکەی ئۆرۆکەوەو ئەمی شاعیریش لە رێگای تری هاوشێوەی، یان لێکچوو ئەو رێگایەوە. ئەمی شاعیریش بانگەشەی ئەوە دەکات کە هەمان شێوەی ئەنکیدۆ دەستەمۆ ناکرێت و ئەم گیانێکی یاخی و نەبەزیووە. هەر ئەم گیانی خۆ بەدەستەوە نەدانەیە وایکردووە کە شیعرەکانی ئەم شاعیرە نامۆبن بە منارە و گومەزی شارە ساختەکان. ئەمی شاعیر وێنەیەکی تری ئەنکیدۆیە بۆ لەناوبردنی ستەمکار، فریوناخوات و خۆی ناداتە دەستی حەزو ئارەزووەکانی و سەرئەنجامیش رەنج و کۆششی هاوشێوەی سۆزانییەکەی ئۆرۆک لەگەڵ ئەمدا بێ بەرهەم دەبێت. لەپشتی ئەم ویناکردنەوە ئەو دەلالەتە بەرهەم دێت کە ئەمی شاعیر و شیعرەکانی هەرگیز نابنە دۆست و ئاشنای ستەمکاران و هەمیشە پشت لە ستەمکاران و بەرهەمەکانی ستەمکارانیش دەکەن.

ئەمی شاعیر، یان قسەکەری شیعرەکە کە لێرەدا وەکو پاڵەوان پێشکەش دەکرێت لەو روانگەوە کە هاوشێوەی ئەنکیدۆ سەوداگەری ناکات و گوێ لە ئامۆژگارییەکانی سۆزانییەکەی ئۆرۆک ناگرێت. ئەگەر ئەم هاوشێوەی ئەنکیدۆ بێت ئەوا چاوەڕوانی ئەوەی لەو کەسە کردووە کە ئەم بۆ دژایەتی ئەو خولّقێندراوە، بێت و لەگەڵ خۆیدا بەڕێی لوتکەی سەختدا بەرەو ئاو ئامانجەی دیاریکردووە ببیات. ئەنکیدۆ کە لە بیاباندا وەکو دڕندە دەژیا ئەوی سوزانی ئۆرۆک رازیکرد و گواستیەوە بۆ ژیانی شێوە مرۆڤ بەلاّم ئەمی شاعیر پشت لە هاوڕێ، یان هاوشێوەی سوزانییەکەی ئۆرۆک دەکات و ئەگەر مەی لە دنیادا نەمێنێت لە مەیی رەزی ئەو ناخواتەوە. ئەنجامی ئەم هەڵوێستەشی، شیعرەکانی ئاشنا نابن لەگەڵ منارەو گومەزەکانی ئەو شارانەدا کە بەرهەمی ئاسن و تەکنۆلۆژیان و لەبری ئاسوودەیی مرۆڤ مەرگ و تراژیدیاو کوشتنی رۆحی مرۆڤایەتیان هەڵگرتووە.

شاعیر باسی ئەوە دەکات کە چاوەڕێی یەکێک بووە، بەلاّم ئەو یەکە کێیەو بۆچی ئەم چاوەڕوانی ئەو دەکات؟ ئەگەر شاعیر بەهەمان شێوەی ئەنکیدۆ لە بیاباندا ژیانێکی نائاسایی بەڕێ بکات و چاوەڕوانی رزگارکەرێک بێت، کەواتە ئەو رزگارکەرە کێیە لە کاتێکدا ئەم پێشتر هاوشێوەی سوزانییەکەی ئۆرۆک رەت دەکاتەوەو ئامادە نەبووە خۆیی بدات بە دەستیەوە. واتە لێرەدا ناڕاستەوخۆ

ئەوە ئاشکرا دەبێت کە ئەم لە هاتنی رزگارکەر بێئومێد بووە، بەڵام ئەمە وای لێ ناکات خۆی بدات بەدەستەوە، بەڵکو ئەم ملکەچی ئەو بارودۆخە نابێت کە لە بنەڕەتدا دژی راوەستاوەو دەیەوێت بیگۆڕێت. ئەو دەڵێت:

**من چاوەڕێ بووم ئەو بێت**
**بە رێی لووتکەی سەختدا بمبات**
**کەچی ئەو هات و بێ خشپە**
**بەدیار سەرمەوە راوەستا**
**چاوی بڕیە لاشەکەم ئەگەر ئەمشەو**
**نەتوێمەوەو نەبمە پەڵە هەورێکی رەش**
**ئاسمان بروسکە لێ نادا**
**دنیا بە تاریکی ئەمشەو بەسەر دەبا**
**ئەمشەو تەنیا من و رووبارێکی مردوو**
**بەدیار یەکەوە دانیشتووین**
**لاشەی یەکتر دەپارێزین**
**ئێستا چاوەڕێی وەرزێکین**
**جزمەو پاڵتۆکەی لێرەدا جێهێشتووە**
**بۆ سەیران چووە نازانم**
**یان سەری خۆی هەڵگرتووە**
**لەگەڵ بەردێکدا دانیشتم**
**تا گلەیی مەرگی لەلا بکەم**
**کەچی ئەو زوو پێشم کەوت**
**داخی نەمری بۆم گێڕایەوە**

ئەم چاوەڕێی ئەوە دەکات کە ئەو بێت و بەڕێگای سەختدا بیبات و لەو بارودۆخە رزگاری بکات، بەڵام دیارە ئەوەی ئەم چاوەڕێی دەکات توانای رزگارکردنی ئەمی نییە. تەنانەت لە کاتێکیشدا دێت ناتوانێت هیچ جووڵەیەک بکات. سەرئەنجام ئەم بەتەواوی لەو بێ ئومێد دەبێت. بۆیە ئەم جارێکی تر هەست بە تەنیایی و نامۆیی خۆی دەکات. ئەم نامۆیی و تەنیاییە لەبری ئەوەی ببنە مۆتیڤی جووڵەو بە ناخی خۆدا رۆچن و سەرئەنجام تێڕامان و لە ئەنجامی ئەوەشدا رابوونەوە بەرهەم بهێنن، کەچی دەبنە هۆی خامۆشی زیاتر. ئەمیش پێیوایە ئەم خامۆشی و کپییە رێگر دەبن لە بەردەم هەموو جووڵەیەکدا بە ئاراستەی رابوونەوە. ئەمی قسەکەر بە راناوی کەسی یەکەمی تاک قسە دەکات و هەموو جووڵەو گۆڕانکارییەک دەبەستێت بە خۆیەوە. خۆی دەچوێنێت بە پەڵە هەورێک و پێیوایە ئەگەر ئەم نەبێتە پەڵە هەورێکی رەش، ئەوا نەک باران نابارێت و زیندەگانی نامێنێت بەڵکو ئاسمان بروسکەش لێنادات و روناکیەک نابێت لەو شەوەدا کە رووی شتەکان دەربخات. سەرئەنجام ئەو شەوە بە تاریکی تێدەپەڕێت. ئەمەش مانای ئەوەیە کە تروسکەیەک نابێت بۆ دۆزینەوەی رێگای رزگاربوون، یان رێگای بەرەو گەیشتن بە ئامانج. دنیا تاریکە وەکو شەو، هەورێکیش نییە بریسکە لێبدات تا رێگاکان ببینرێن. واتە رووناکیەک نییە کە رێگای

بەرەو ئاسۆ نیشان بدات، یان ڕێگا ڕووناک بکاتەوە. لە بارێکی لەمجۆرەدا ئەمی شاعیر تەنیا خۆی و رووبارێک دەبینێت، یان تەنیا ئەم و رووبارێک لەم تاریکستانەدا ئامادەبوونیان هەیە. ئەم خاسیێتی مرۆڤـ یان زیندەوەر بە رووبارەکە دەبەخشێت، بۆ نموونە خاسیێتی دانیشتن و پاراستن، هەروەک رووبار لاشەی هەیە. هەرچەندە ئاشکرایە لاشە مانای جەستەی مردوو هەڵدەگرێت و مەبەست لە تەرمە. ئەگەر لەم روانگەیەوە سەیر بکەین ئەوا دەبێ ئەم و رووبارەکە هەردووکیان مردبن، بەلام دیسان دژایەتیەک لەم هەلویستەدا دروست دەبێت کە مردوو توانای هیچی نییە. بەلام ئەم باسی ئەوە دەکات کە هەریەکە لە ئەم و رووبارەکە لاشەی یەکتر دەپارێزن و لە چاوەڕوانیشدان. دیارە چاوەڕوانی یەکێک دەکەن کە لەو بارە رزگاریان بکات. ئەمی قسەکەر، یان شاعیر ئەو رزگارکەرە بە وەرزێک ناودەبات کە جزمەو پاڵتۆکەی لەوێدا بەجێهێشتووە. دیسان لێرەدا خاسیێتی مرۆڤ بە وەرز دەبەخشێت واتە بە کەسکردنی شت لێرەدا دووبارە دەبێتەوە، کە ئەمەش خاسیێتێکی دیاری ئەم دەقە شیعریەی (سەلاح شوان)ە بە تایبەتی خاسیێتی مرۆڤ بە کات (وەرز) دەبەخشێت. ئایا چ ئامانجێک لە پشتی بە مرۆڤکردنی، یان بە کەسکردنی شتەکانەوە هەیە؟ بێگومان بە مرۆڤکردنی شتەکان، یان بەخشینی بەهایە بە شتەکان، کاتێک کە خاسیێتی مرۆڤیان پێدەبەخشرێت، یان پێچەوانەکەیەتی

لـە ڕێـگای بەخشـینی خاسـیەتەکانی مرۆڤـەوە بـە شـتەکان پێمـان دەڵێت مرۆڤــ بەهایەکی ئەوتـۆی نییـە ئەوەتـا شـتە بێ گیانەکانیـش دەتوانـن هەمـان خاسـیـتەکانی مرۆڤیـان هەبێت. ئـەم بۆچوونـەی دووەمیش لەگـەڵ قۆناغـی ئاسـن و تەکنۆلۆجیـادا یەکدەگرێتـەوە کـە تیایـدا بەهـا مرۆیییـەکان دەڕوخێـن و مرۆڤــ وەکو پارچـە ئامێرێک سـەیر دەکرێت. دیسـان ئـەو وەرزەی کـە ئـەم و ڕووبارەکـە چاوەڕوانـی دەکـەن، دیـار نییـەو ئـەم دەیخاتـە بـەردەم دوو ئەگـەرەوە کـە، یـان بۆ سـەیران چـووە، یـان سـەری خۆیـی هەڵگرتـووەو ڕۆیشـتووە. لـە هـەردوو بارەکـەدا ئەوەی شـاعیر لەبارەیەوە دەدوێت مرۆڤە نەک شـتێکی بێ گیان.، یان لە باشـترین باردا بـە مرۆڤکردنـی وەرزە وەکو کات. واتـە بەخشـینی خاسـێتی مرۆیـی بـە کات. ئەمـی قسـەکەر ڕووبارەکە پشـتگوێ دەخات و لەگـەڵ بـەرد دادەنیشـێت. بێگومـان هەمـوو ئـەم دەربڕیـن و وێنـەو وێناکردنانـە جۆرێـک لـە نائاسـاییبوون دەخەنـە ڕوو کـە ئەویـش دەلالەتـی نائاسـایی و ناسرووشـتیبوونی ئـەو بارودۆخـە هەڵدەگرێـت کـە دەقەکـەی تێـدا بەرهەمهاتـووەو دەقەکـە لـە ئاسـتێکی تـردا پەیوەنـدی پێـوەی هەیـەو خـودی ئـەو بارودۆخـەو ڕەگـەزە ئامادەکانـی دەبنـە کەرەسـتە و ڕەگـەزی بەرهەمهێنانـی دەقەکـە کـە بەدرێژایـی هێڵـی گشـتی دەقەکـە کەسـێتیەک ڕاوەسـتاوە بەئاشـکرا نێگـەران و ناجێگیـرە، ئەویـش لەبەرئـەوەی لـەو بارودۆخـەدا ناکارایـەو توانـای جووڵـەو ڕووداو دروسـتکردنی نییـە، بەڵکو لەبەردەم

هەڕەشەی لەناوچوون و سڕینەوەو ونبوونی تەواوەتیدایە. ئەم کەسێتیەش نوێنەرایەتی ئێمە دەکات وەکو گروپێکی دیاریکراو لە مرۆڤایەتی کە لەبارێکی نائاساییدا دەژین، یان نوێنەرایەتی کۆی مرۆڤایەتی دەکات لەسەردەمی هەژموونی ئاسن و تەکنۆلۆجیادا.

ئەم وەکو مرۆڤ یان هەر زیندەوەرێکی تر کە کۆتاییەکەی مردنە، لەگەڵ بەردێک دادەنیشێت تا گلەیی، یان ناڕەزایی بەرامبەر بە مردن دەرببڕێت. بەڵام بەردەکە کە نموونەی جێگیری و مانەوەیە کە ئەوەش دەشێ لە ئاستێکی تردا پێی بووترێت نەمریی، ناڕەزایی لە دەستی نەمریی دەردەبڕێت. واتە لێرەدا دووانەیەکی دژ پێکدێت لە نێوان ( مردن \ نەمریی )دا، کە تیایدا ئەوەی دەبێ بمرێت ناڕازیە، هەروەها ئەوەشی کە نەمریی پێدەبەخشرێت، یان نەمرە دیسان ناڕازییە. ئەمەش ئەو راستیە دەردەخات کە شتێک نییە بەناوی رازیبوون بە ژیان و مردن لە گەردووونداو مرۆڤ بە گشتی بوویەکی زۆر ئاڵۆزەو هەرکام لە جەمسەرەکانی ئەو دووانەیە باڵادەست بێت، چی ژیان، یان مردن، ئەم ناتوانێت دڵنیابێت و سەقامگیری بەخۆیەوە نابینێت. لەوبارەی ئێستادا کە مرۆڤ و هەموو زیندەوەرانی تریش ملکەچی مردنن، مرۆڤ وەکو بوویەکی هوشیار خۆی لەبەردەم مەترسیدا دەبینێت، چونکە هەست دەکات و دەشبینێت کە ئایندەی ون و نادیارە. هەروەک ئەگەر نەمرییش ببێتە بارێکی گشتی بۆ مرۆڤایەتی، دیسان گومانی تێدا نییە کە مرۆڤایەتی و

گەردوونیش دووچاری کارەسات دەبن و لەبارێکی وەهادا دەشێ ژیان هیچ تام و چێژ و بەهایەکی نەمێنێت. هەربۆیە نەمر بە نەمری خۆیی ناڕازیە و ئەوانەشی کە بابەتی مردنن لە مردن ناڕازین.

شاعیر لە دوا بەشی شیعرەکەیدا لە رێگای مەرجدانانەوە بۆ شتەکان دەیەوێت پێناسەی ئەو شتانە بسەلمێنێت. بەمانایەکی تر ئەگەر هەر شتێک ئەو مەرجە جێبەجێ نەکات، یان ئەو خاسیەتەی نەبێت کە پێویستە هەیبێت مانای وایە ناسنامەی خۆیی ونکردووە، یان لە بنەڕەتدا نەبووەتە خاوەنی ئەو شووناسە. لەم رووەوە قسەکەری دەقەکە دەڵێت:

**ئەگەر دەریا نەتوانێ دەستی پاییزێ**
**لە یەخەی گوڵێکی سەرمادا بکاتەوە**
**دەریا نییە ئەگەر رووبار بەدوای گوڵێکی تینوودا**
**رێگای بیابانان نەگرێ رووبار نییە**
**من بە دیار لاشەکەیەوە دانانیشم**
**ئەمشەو تەنیا من و کچۆڵەیەکی هەرزەکار**
**بەرامبەر یەکتر دانیشتووین**
**من چاوەڕێی ئاوڕێکی پڕ ئارەزووی ئەو دەکەم**
**ئەو چاوەڕێی پاسێکی هات و نەهاتی ئێوارە**
**ئەم شارە قەحپەیە دەکات من بەدمەست و**
**ئەو مەیخانەیەکی چۆڵی قەراغ شارە**
**کێ دەتوانێ تێکەڵی یەکتریمان کات و**
**لێکمان جیاکاتەوە ئەمشەو**

پایـز وەرزی گەڵاڕیـزان و هەڵوەرینـی زۆرینـەی گوڵەکانـە. مەرجـی ئـەم بـۆ دەریـا ئەوەیـە کـە ڕێگـری لـە هێرشـی ناجـۆری پایـز بکات بـۆ سـەر گوڵـەکان و ڕێگای زیزبـوون و هەڵوەرینیـان نـەدات. ئەگـەر دەریـا ئـەم ئەرکـەی کـە لـە چوارچێـوەی ئـەم دەقـە شـیعریەدا بـۆی دیاریکـراوە، جێبەجێنـەکات، ئەوا شـایانی ئەوە نییـە پێی بگوترێت دەریا. واتـە خاسـێتی دەریابوون لەدەسـت دەدات. هـەروەک ئەرکی ئـەوە دەخاتـە ئەسـتۆی ڕووبـار کـە پێویسـتە گوڵێـک لـە هـەر شـوێنێک تینـووی بێت، ئـەم خـۆی بگەیەنێـتە ئـەوێ و تێرئـاوی بکات. بێگومـان لـە پشـتی زمانـی ئاسـایی دەقەکـەوە ئـەوەی ئـەو بـە دەریـاو ڕووبـار ناویـان دەبـات مرۆڤـن و گوڵـە ژاکاوەکانـی دەم سـەرمای پایـزو گوڵـە تینووەکانـی بیابـان و شـوێنەکانی تریـش ئاسـتێکی تـرن لـە مرۆڤـــ ئەوانـەی خاسـێتی دەریـا و ڕووباریـان پێـدراوە ئـەوە ئـەو مرۆڤانـەن کـە ئەرکـی ڕزگارکەریان پێسـپێردراوە، ئەوانەشـی کە خاسـێتی گوڵی زیزو ژاکاو و گوڵـی تینووی نێو بیابانیان پێدراوە، مرۆڤـــە بێ دەرەتانەکانن. واتـە ئەوانـەی بەدەسـت کێشـەکانی ژیـان و سـەپاندنی زۆر و سـتەمەوە دەناڵێنـن و پێویسـتیان بـە ڕزگارکـردن هەیـە. ئەگـەر ئەوانـەی ئەرکـی ڕزگارکردنیـان پێـدراوە، ئەرکەکـەی خۆیـان ئەنجـام نـەدەن، مانـای وایـە ناتوانرێـت پێیـان بگوترێـت ڕزگارکـەر.

پێشـتر ئەمـی قسـەکەر باسـی ئـەوەی کـرد کـە ئـەم لەگـەڵ ڕووبارێکـی مـردوودا پێکـەوە دانیشـتوون. کەواتـە ئـەو

زووتـر زانیوێتـی ئـەو رووبـارە خاسـێتی رووباربوونـی لـە دەسـتداوە. هـەر بۆیـە ئێسـتاش بـە دڵنیاییـەوە دەڵێت ئەگـەر رووبارێـک بـە دوای گوڵێکـی تینـوودا نەگەڕێـت بـۆ ئـەوەی پـاراوی بکات ئـەوە رووبـار نییـە. بێگومـان کـە رووبارێـک خاسـێتی رووباریـی خۆیـی لەدەسـت دابێـت ئەمیـش مافـی خۆیەتـی پشـتی تێبکات چونکە چاوەڕوانـی ئـەوەی لێناکرێت هیـچ ئامانجێـک بەدیبهێنێـت. شـاعیر دەڵێـت:

**من و رووبارێکی مردوو**
**بەدیار یەکەوە دانیشتووین**
**لاشەی یەکتر دەپارێزین**
**ئەگەر رووبار بەدوای گوڵێکی تینوودا**
**رێگای بیابان نەگرێ رووبار نییە**
**من بە دیار لاشەیەکەوە دانانیشم**

هەرچەنـدە لـە دەربڕینەکانـی قسـەکەردا سـەرەتا وادەردەکەوێـت کـە ئەمیـش خـۆی بـە مـردوو دابنێـت کاتـێ باسـی پاراسـتنی لاشـەی یەکتـری دەکات. بـەڵام دواتـر بڕیـار دەدات کـە کاتـێ رووبـار نەتوانێـت ئـەو ئەرکانـە جێبەجـێ بکات کە زیندوویـی ئـەو دەسـەلمێنن، ئـەم ئامـادە نییـە چیتر لەگـەڵ ئـەو بـەردەوام بێـت و بڕیـار دەدات ئەو لاشـە مردووە بەجێبهێڵێت. لـە پشـتی ئـەم بۆچوونـەوە ئەو دەلالەتـە بەرهەم دێـت کـە بەهـای شـتەکان تـا ئەوکاتەیـە کـە ئـەرک، یـان ئامانجێـک جێبەجـێ دەکـەن. ئـەم لێکدانەوەیـە بـۆ مرۆڤیـش

ڕاستە چونکە گرنگی و بایەخی مرۆڤ تا ئەو کاتەیە کە زیندووەو دەتوانێت کار ئەنجام بدات. ئەگینا کە مرد ئیتر هیچ ڕۆڵ و کاریگەرییەکی نامێنێت و لە بارێکی وەهاشدا لاواندنەوەی مردووەکان هیچ ئامانجێک بەدەست ناهێنێت. بێگومان ئەم لێکدانەوەیە ئەو مرۆڤە نەمرانە ناگرێتەوە کە لە دوای مردنیان کۆمەڵێ بیروبۆچوون، ڕەفتار، بەرهەمی شارستانێتی لە زانست و داهێنان و هونەرو ئەدەب و فیکریان بەجێهێشتووەو بەردەوام مرۆڤایەتی سوودیان لێ وەردەگرێت. واتە ئەوانەی نەمرییان بەدەست هێناوە لە دەرەوەی ئەو لێکدانەوەیەن. ئەمەش دیسان دەمانگێڕێتەوە بۆ ئەو بۆچوونەی کە بە گەلگامیش ڕاگەیەندرا کە نەمری بە تەمەنی درێژ نییە، بەڵکو نەمری بە کردارە واتە ئەو بەرهەمانە نەمری دەستەبەر دەکەن کە کەسێکی لێهاتوو لە بوارێکدا بەرهەمیان دەهێنێت و بەجێیان دەهێڵێت و کەڵکیان بۆ مرۆڤایەتی هەیە.

ئەو ڕووداوانەی لەم دەقەداو لە لایەن قسەکەری شیعرەکەوە باس دەکرێن بەگشتی لە شەودا ڕوودەدەن. کەواتە دەبێ لێرەوە سەیری وشەی« شەو» وەکو دالێک بکەین و بزانین چ مەدلولێک هەڵدەگرێت. ئەگەر شەو ئەو وشەیە بێت کە کاتێکی دیاریکراو نیشان دەدات کە دوای خۆر ئاوابوون دەست پێدەکات و تاریکی باڵ دەکێشێت بەسەر گەردووندا، ئەوا وەکو جۆرێک لە ساتی پشوودان و حەوانەوەو خەوتنی مرۆڤ بە تایبەتی و زۆرینەی

زیندەوەران بە گشتی سەیر دەکرێت. بەڵام دەشێ شەو وەکو دالێک مەدلولی تاریکی هەڵبگرێت، ئەویش بە مانای نادیاربوون و شاردنەوەو پەردە لەسەر نان بێت، یان مانای دواکەوتن و نەزانی و بێ ئاگایی هەڵبگرێت.
قسەکەری شیعرەکە دەڵێت:

**ئەمشەو تەنیا من و کچۆڵەیەکی هەرزەکار**
**بەرامبەر یەکتر دانیشتووین**
**من چاوەڕێی ئاوڕێکی پڕ ئارەزووی ئەو دەکەم**
**ئەو چاوەڕوانی پاسێکی هات و نەهاتی ئێوارەی**
**ئەم شارە قەحبەیە دەکات من بەدمەست و**
**ئەو مەیخانەیەکی چۆڵی قەراغ شارە**
**کێ دەتوانێ تێکەڵی یەکترمان کات و**
**لێکمان جیاکاتەوە ئەمشەو**

لێرەدا دوا شوێن دیاریدەکرێت کە تیایدا شیعرەکە، یان رووداوی شیعرەکە کۆتایی دێت کە ئەو شوێنەش لەسەر زمانی قسەکەرەوە شارێکی قەحبەیە. ئایا ئەو شارە کوێیە کە شاعیر ئەم ناسنامەی پێدەبڕێت؟، یان ئایا دەشێ بەجۆرێکی تر لێکیبدەینەوەو وای بۆبچین کە شاعیر هەمان خاسێت و هەمان ناسنامە بە هەموو شارەکان دەبەخشێت؟ واتە لە روانینی ئەوەوە وشەی شار، یان چەمکی شار لەبەرامبەر ئەو زاراوەیەدا بێت کە مەگەر تەنیا بۆ ساتەوەختی دەربڕینی ئاستێکی لە

ئەندازەبەدەر لە تورەیی پاساو بۆ گوتنی بهێنرێتەوە، ئەگینا زاراوەیەکی ناشیعریەو بە ئاسانی لەسەر جوگرافیای دەقێکی بارگاویکراو بە جوانی جێگای نابێتەوە. بێگومان لە جوگرافیای دەقەکەدا ئاشکرایە کە شوێنی بەرهەمهێنانی ئەم دەقە شیعریە شاری بەغدایە کە یەکێکە لە شارە دیارەکانی جیهان و شاعیر بەشێکی ژیانی تا کاتی بەرهەمهێنانی دەقەکەو تەنانەت ماوەی درێژی دوای ئەوەشی لەو شارەدا بەسەر بردووە. بێگومان ئەو شارە بە ئەرێنی، یان بە نەرێنی کاریگەری لەسەر هەست و تێڕوانینی ئەم بەجێهێشتووە. ئەمە بێجگە لەوەی لە لایەکی ترەوە ئەم شارە یەکێکە لەو پایتەختانەی کە وڵاتەکەی ئەمی شاعیری داگیرکردووە. سەرباری ئەوەش بەغدا یەکێکە لەو پایتەختانەی کە لێیەوە بەرنامەو کوشتنی ئازادییەکانی مرۆڤ و تەنانەت لەناوبردنی خودی مرۆڤیش دانراوەو دادەنرێت. واتە بەغدا شارێکە پرۆژەی کوشتنی مرۆڤایەتی تێدا دادەنرێت و بەرنامەی جێبەجێکردنی ئەو وێرانکردن و لەناوبردنەش هەر لەوێوە دەخرێتەگەڕ. بۆیە دەشێ شاعیر لە رێگای هەست و تێرامانی خۆیەوە وای بۆ بچێت کە بەغدا ئەگەرچی وەکو شار لە رووکەشدا جوان و قەشەنگە، بەڵام لەناوەوەڕا عەقڵێکی نەخۆشی دڕندەیە تەنیا کوشتن و وێرانکردن دەزانێت. ئەمەش هۆکارە بۆ ئەوەی شاعیر ئەم شارە بە سوزانی ناوببات و وێنەیەکی تری

سـوزانییەکەی ئـۆرۆک بێـت، لـە رووکەشـدا جوانـی و نـاز بفرۆشـێت و لـە ناخیشـدا لـە هەمـوو بنەمایەکـی مرۆیـی و ژیاندۆسـتی رووتکـراوە بێـت.
لـەم شـوێنەداو لـەم شـارەدا قسـەکەر شـوێنی خـۆی دیـاری دەکات کە بەرامبـەر بە کچۆڵەیەکـی هـەرزەکار دانیشـتووەو لـە راسـتیدا لـەوە ناچێـت هیـچ رایەڵـەو پەیوەندییـەک لـە نێوانیانـدا هەبێـت و تەنانـەت ئاسـتێک لـە تێگەیشـتنیش لـە نێوانیاندا نابینرێت. ئەم بەجۆرێک هەست بە بوونی کچەکە دەکات و تەنانـەت چاوەڕوانـی ئاماژەیەکـی هەسـتبزوێنی لێدەکات، بـەڵام کچەکـە لـەم بێئاگایـەو چاوەڕوانـی پاسـێکە بێـت و سـەرکەوێت و بـڕوات. دیـارە لـەم زەمینـە، یـان لـەم شـوێنەدا وەکـو هەمـوو شـتەکانی تـر، هاتنـی پاسـیش بێبەرنامەیـە. ئەمـەش ئـەو دەلالەتـە هەڵدەگرێـت کـە سـەرباری نـاوی شـار و سیمای شـار، بـەڵام هێشـتا یاسـا و رێسـای ژیانـی شـار و دیسـپلینی شـار وەکـو ئـەوەی کـە پێویسـتە بوونیـان نییـە، ئەمـەش بەجۆرێـک هـۆکاری نەبوونـی دڵنیاییـە و تەنانـەت راوەسـتانە لەبـەردەم هەمـان مەترسـیەکانی ژیانـی نێـو سرووشـتدا.
قسـەکەر لـە نێوان خـۆی و ئـەو کچـەدا دووانەیەکـی لێکچوو دروسـت دەکات بـەڵام لەوەشـدا ئـەوی کـچ زیاتـر رۆڵـی سـەرچاوە و جێگیری دەبینێت و ئەمیش وابەسـتە و ناجێگیر و بـێ شـوێنە. قسـەکەر کچەکـە دەچوێنێـت بـە مەیخانـەو ئەمیـش بـە کەسـێکی بەدمەسـت. ئـەو مەیخانەیەکـی چۆڵـی

قـەراغ شـارە ئەمیـش مەسـتێکی لانـەواز. ئاشـکرایە ئـەم دەربڕینـە دەلالەتـی وشـکبوونەوەو رووتکردنـەوە لـە ژیـان دەگەیەنێـت کـە ئـەوەش لـە روانینـی ئەمـەوە لەگـەڵ ئـەو بـارەی کچەکـە رەفتـاری پێـدەگات هاوتایـە کـە هیـچ جووڵـەو هەسـتێک بەرامبـەر بـە ئـەم نیشـان نـادات و تەنیـا چاوەڕوانـی پاسـێک دەکات بۆ ئـەوەی بڕوات. ئەمیش لـەم بـارەدا کـە ئـەو هیـچ کاردانەوەیەکی بەرامبـەر بـە ئـەم نییـە خۆیـی وەکـو مەسـتێک دێتـە پێـش چـاو کـە لـە چاوەڕوانـی خەیـاڵ، یـان وەهمێکدایـە. لێـرەوە ئـەو دەلالەتـە بەرهـەم دێـت کـە هەردووکیـان لـە بارێکـی هاوشـێوەدان. ئەمـەش تـا ئەندازەیەکی ئاشـکرا خاسـێتی ژیانـە لـە شـاردا کـە نـەک هـەر رەگـەزە هاوشـێوەکان بەڵکـو رەگـەزە بەرامبەرکانیـش لـە یەکتـر نامۆدەکات ئەویـش لـە ئەنجامـی رووتکردنەوەیـان لـە هەسـت و سـۆزو حـەزە مرۆییەکانیـان. واتـە ئەمـە هـەر ئـەو شـارەیە کـە هـەر لەسـەرەتای دەقەکـەوە قسـەکەر، یـان پاڵەوانـی شـیعرەکە کـە رۆڵـی کەسـێتی شـاعیر یـاری دەکات لـە دەسـتی رادەکات و دەیەوێـت خـۆی لـێ رزگار بـکات. ئـەوی قسـەکەری شـیعرەکە خـۆی دەخاتـە شـوێنی ئەنکیـدۆ، ئـەو ئەنکیدۆیـەی کـە ئەفرێنـدرا بـۆ لەناوبردنـی گەلگامیشـی هێمـای سـتەمکاری و بکـوژی هەسـتە راسـتەقینەکانی مرۆڤـ بـەڵام سـوزانی ئـۆرۆک ئەنکیـدۆی فریـودا و سـەرئەنجام بـووە هاوڕێـی گەلگامیشـی سـتەمکار و هاوشـێوەی گەلگامیـش وێڵـی دوای نەمـری دەبێـت بـەڵام

سەرئەنجام تێدەگات کە نەمری لە ڕێگای کارو ڕەفتارو پێشکەشکردنەوە دەگاتە ئەنجام، نەک لە ڕێگای تەمەنی درێژەوە. ئەمی قسەکەر کە هاوشێوەی ئەنکیدۆیە گەشتی دوور و درێژی سەرزەمینەکان دەکات بەڵام سەرئەنجام نە بە ئارامی و نە بەدڵنیایی ناگات، بەڵکو ئەو لە گەڕان بەردەوام دەبێت و سەرئەنجام ئەو گەشتە درێژەش بەو پرسیارە کۆتایی پێدەهێنێت کە کێ دەتوانێت لەگەڵ ئەو کچە هەرزەکارەدا تێکەڵاوی بکات و لێکتریشیان جیابکاتەوە کە هیچ بنەمایەکی لێکتێگەیشتن و پێکەوەهەڵکردن لە نێوانیاندا نییە. دیارە ئەم تایبەتکردنەش نموونەیەکە بۆ سەریرکردنی تەنانەت پەیوەندی دوو ڕەگەزە بەرامبەرەکە لەم گەردوونەدا کە ئەو پێیوایە سەرباری هەموو پێداویستیە بایۆلۆجی و فیسیۆلۆجیەکانی نێوان ئەو دوو ڕەگەزە، بەڵام لەبەرئەوەی شارو پەیوەندییەکانی شار رووبەری هەست و پانتاییە رۆحیەکانیان روخاندووە، بوونی پەیوەندییەکی شیاو کە لەسەر ئاستی لێکتر تێگەیشتن بێت لە نێوان ئەم دووانەدا کە نوێنەرایەتی هەردوو ڕەگەزی بەرامبەر دەکەن چاوەڕوان نەکراوە. ئەمەش ئەو فەزا گشتیەیە کە وەکو بەرهەمی قۆناغی ئاسن و تەکنۆلۆجیا سەیر دەکرێت کە مرۆڤایەتی لە رووی بوون و گەوهەری راستەقینەی مرۆڤبوونەوە لەم قۆناغە مێژووییە ئاڵۆزەدا لە بەردەم مەترسیدایە. ئەم دەقە شیعریە هەڵگری پرسیارە لە چارەنووسی مرۆڤـ

و لــە بوونــی مرۆڤــ و مرۆڤایەتــی لــە قۆناغــی ئاســن و تەکنۆلۆجیــادا. ئایــا دەشــێ مرۆڤایەتــی نەمــر بێــت؟ ئایــا دەشــێ مرۆڤــ لــە کۆیلایەتــی و لــە هەژموونــی ئەویتــر و لــە هەژموونــی عەقڵــی پاوانخــوازی دەســەڵات کــە ئەویــش دەســەڵاتی بەشــێکە لــە خــودی مرۆڤــەکان رزگاری بێــت؟

**٢٠١٨ سلێمانی**

# هاوشێوەبوونی برووسکەی شیعر و نووری خودا لە شیعری «بارانی ڕەنگاوڕەنگ»ی سەلام محەمەددا

ئەمە ناونیشانی یەکێک لە شیعرە دیارەکانی دوو توێی دیوانی (سەلام محەمەد)ە کە بە پێی ئەو مێژووەی لەسەری نووسیووە، ئەم دەقە بەرهەمی ساڵی ١٩٧٩یە. ئاشکرایە سەرباری ئەوەی هەندێ بۆچوونی لەوجۆرە هەیە کە دەق پێکهاتەیەکی سەربەخۆیەو هیچ پەیوەندییەکی بەو زەمینەو سەردەمەوە نییە کە تیایدا بەرهەم هاتووە، بەڵام لە بەرامبەردا رایەکی بەهێزتر هەیە کە پێیوایە هەموو دەقێکی ئەدەبی و هونەری دەربڕی ئەو قۆناغە مێژووییەو ئەو زەمینییە کە تیایدا لە دایک دەبێت،، یان بەرهەم دێت. بۆیە لەم روانگەیەوە دەشێ زانینی بەرواری هەر دەقێک رووناکی بخاتە سەر دەقەکەو

یارمەتیـدەر بێـت بـۆ کردنــەوەی دەرگای دەقەکـە.
کەواتـە جێگای خۆیەتـی لـەم رووە سـەیرێکی کات و شـوێنی بەرهەمهێنانــی ئــەم دەقــەی ســەلام محەمــەد بکەیــن، کــە بێگومـان بـارودۆخ،، یـان ئـەو قۆنـاغ و زەمینـە مێـژووی و کۆمەڵایەتـی و سیاسـیەی دەقەکـەی تێدا لـە دایکبووە رۆڵیان هەبـووە لــە بەرهەمهێنانــی ئــەو دەقــەدا. بــەڵام ئاشــکرایە ئێمــە لایەنگـری ئەوەیـن لەبـری ئـەوەی جیهانـی دەرەوەی دەق بگوازینـەوە بۆ نـاو دەق، لـە رێگای شـیکردنەوەی دەق و کردنــەوەی کۆدەکانـی دەقــەوە بــەرەو دەرەوەی دەقەکــە ســەیر بکەیــن تــا پێناســەی ئــەو چوارچێوەیــە –ســیاق– ە بکەیـن کـە دەقەکـەی تیـادا بەرهەمهاتـووەو بـە ئاراسـتەیەکی تریـش دەقەکـە لەبارەیـەوە دەدوێـت.
ئـەو مێـژووەی ئـەم دەقـەی تیـادا بەرهەمهاتـووە قۆناغێکـی نائاســاییە لــە مێــژووی کـورددا کـە بـە قۆناغـی شکسـت،، یــان پاشەکشــە ناودەبرێــت، چونکــە قۆناغــی دوای هەرەســهێنانی بەشــێک لــە گیانــی بەرگــری کــوردە چ وەکـو نەتـەوەو چ وەکـو تاکەکەسـیش. هـاوکات قۆناغێکـە زەمینــەی بەرهەمهێنانــی دەقەکــەو ئــەو زمانــەی دەقەکــەی پــێ بەرهمهێنــراوەو، تەنانــەت قســەکەر، یــان بەرهەمێنــی دەقەکـەو خوێنـەری دەقەکـەش هەموویـان لەبـەردەم جۆرێک لــە مەترسـی، یـان سـەرکوتکردندا بـوون. بەواتایەکـی تـر

سادەترین بنەمای ئازادی بۆ دەربڕین بوونی نەبووە. لەبارێکی لەوجۆرەشدا دەربڕی وشەو بەرهەمهێنی دەق گەڕاونەتەوە بۆ ناوەوەی خۆیان و هەوڵیانداوە بە جۆرێکی تر گوزارشت لە ئێش و ژانەکانیان و لە روانینیان بۆ بارودۆخەکە بکەن. هەروەک بە گشتی لە ئاستی دووەمی زمانی دەقەکەدا گوزارشت لە هیوای گۆڕانکاری و لە هەڵهاتنی هەر تروسکەی هیوایەک بکەن. زەمینەی بەرهەمهێنانی ئەم دەقە وەکو شوێن بریتیە لە زێد،، یان نیشتیمانەکەی شاعیر کە لەو قۆناغی هەرەسەدا کە هەرەسی مەعنەویە، نیشتیمان وەکو جۆرێک لە وێرانە دەردەکەوێت، بە تایبەتی کاتێ بە چاوی هەست و بە هەستیاری شاعیرانەو بە روانینی بەرپرسیارانەوە لێی بڕوانرێت. ئێستا پرسیار ئەوەیە ئایا کات و شوێن پێکەوە کە بوونەتە شانۆی تراژیدیای کوشتنی رۆحی ئەو کەسێتیەی کە زمانی بەرهەمهێنانی دەقەکە گوزارشت لە بوون و ناسنامەی دەکات، بە چ شێوەیەک راوەستاوەو لە چ ئاستێکی بووندایە؟ ئایا دەقەکە لە رووی وێناکردن و هونەرەکانی بەرهەمهێنانی شیعریەتەوە چۆن بەرجەستەی ئەو کەسێتیە دەکات؟ ئایا ناونیشانی ئەم شیعرە (بارانی رەنگاوڕەنگ) رۆڵی کلیلی کردنەوەی دەقەکە دەبینێت وەکو چۆن ئەوە ئەرکی

ناونیشـانە، یـان ئـەم ناونیشـانە شـتێکی جیـاوازە لـە دەقەکـەو مـەرج نییـە ببێتـە ڕێگاخۆشـکەر بـۆ چوونـە نـاو پێکهاتـەی دەقەکـەوە؟ بەهەرحـاڵ ئێمـە لێـرەدا وەڵامـی ئـەم پرسـیارە بەجێدەهێڵـین بۆ ئـەوەی لـە میانـەی شـیکردنەوەی دەقەکـەوە وەڵامبدرێتـەوە. بـەڵام ئـەوەی کـە دەربڕینـی ناونیشـانەکە دەیگەیەنێت لـە دوو ئاسـتدا دەشـێ قسـەی لەبارەوە بکرێت، کـە یەکەمیـان زاراوەی بارانـە کـە هەڵگـری مانـای فـەڕو زیندبووبوونـەوەو ژیانـەوەو سـەرەتای بەرخـوردان، یـان ڕابوونەوەیـە. ڕەنـگاو ڕەگ وەکـو ئاوەڵنـاوی وەسـفکردنی نـاوی بـاران، هەمەجـۆری و هەمەچەشـنی بارانەکـە نیشـان دەدات، کـە ئەمەیـان لـە ئاسـتی بینـراودا ئاشـکرا نییـە، بـەڵام لەئاسـتی مەجازیـدا ڕەنگـە بگوترێـت جۆراوجـۆری شـتێک نیشـان دەدات کـە بـاران هێمایـە بـۆی کـە دەشـێ بارانـی فرمێسـک بێـت، یـان بارانـی خێـر و فـەڕ بێـت. ئـەوەش بـە دڵنیاییـەوە دەرئەنجامی بارودۆخێکە کـە دەشـێ لەگـەڵ ئـەو زەمینـە مێژوویـی و کۆمەڵایەتـی و سیاسـیەدا یەکبگرێتـەوە کـە دەقەکـەی تێدا بەرهەمهاتـووە.

شاعیر دەڵێت:

**دیسان ئەگریت،**

**زووکە گیانە، بڕۆو برژانگ راوەشێنە،**

**چاوەکانت بسڕەوە ئەوا هاتن.**

ئەمە دەستپێکی ئەم دەقە شیعریەیە کە تیایدا شاعیر، یان قسەکەر کەسی بەرامبەر دەدوێنێت، یان پرسیاری لێ دەکات. ئەو بەجۆرێک پرسیارەکەی ئاراستە دەکات کە پرسیارکردنە لە کەسی دووەم وەکو کەسێکی ئامادە، یان گوێگر، یان وەرگر بە گوێرەی کەسی یەکەم کە ئەم پرسیارکە دەکات. شێوەی ئاراستەکردنی پرسیارەکە دیمەنێکمان بۆ وێنا دەکات کە کەسێک دەگری، ئەو گریانەش جاری یەکەم نییە بەڵکو لە رێگای وشەی «دیسان»ەوە دەردەکەوێت کە ئەم کەسە پێشتریش گریاوەو ئەمی قسەکەریش ئاگاداری ئەو پێشینییەیە. ئایا ئەو کەسە بۆچی دەگری، یان ئەو هۆکارانەی کە لە پشتی گەیاندنی ئەو کەسەوەن بە حاڵەتی گریانی زیاتر لە جارێک چیە؟ بەلام تاکو ئێستا ئەوە ئاشکرا نییە. ئەوی کەسی گریاو کێیە؟ دیسان ئەویش لەم دەستپێکەدا ناسنامەی دیارنییە. دەشێ لە چوارچێوەی دەقەکەدا وەڵامی ئەم پرسیارانەو چەندین پرسیاری تریش بدرێتەوە. ئەو پرسیارەی لێرەدا دەکرێت پرسیار نییە لە نەزانراو، واتە پێویستی بە وەڵامدانەوە نییە چونکە پرسیارکەر بەجۆرێک دەزانێت، یان دەبینێت کەسی بەرامبەر دەگری، بۆیە ئەم پرسیارە تەنیا وەکو دەستپێک و جۆرێک لە دڵنیابوون دەکرێت و بەدوای

ئەوەشدا پرسیارکەر داوا لەوی بەرامبەر دەکات کە بەپەلە چاوەکانی بسڕێت و خۆی بۆ هەنگاو، یان کارێکی تر ئامادە بکات کە لە شێوەی دەربڕینەکەدا ئاشکرا دەبێت کە بەجۆرێک هەردووکیان چاوەڕوانی رووداوێکن کە ئەویش هاتنی ئەوانە. ئەوان کێن و لە کوێوە دێن و بۆچی دێن هەمووو ئەمانەش هێشتا نەزانراون. بەڵام ئەوەی ئاشکرایە کاتی هاتنیانە کە ئێستایە.ئەوەش کە تێبینی دەکرێت ئەوەیە کە پرسیارکەر نایەوێت ئەوان، ئەمی پرسیار لێکراو بە گریان و چاوی فرمێسکاویەوە ببینن، هەروەک هۆکاری ئەم شاردنەوەیەش هێشتا ئاشکرا نییە.

شاعیر دەڵێت:

**من و باڵدارەکانی شار هاوار ئەکەین**

**ئەم ئاوە شەوانی زستان**

**نایبەستێت و ئەبێتە خوێن**

**ئەم ئاوە برینی سەختی تینیوێتیمان سارێژ ناکا.**

قسەکەر بێ ئەوەی پێمان بڵێت ئەوانەی کە هاتن کێ بوون، زمان رەها دەکات و دەدوێت. هاوتاو هاوشان بۆ خۆی پەیدا دەکات کە ئەوانیش باڵندەکانی شارن. رەنگە ئەو پرسیارە سەر هەڵبدات ئایا باڵندەکانی شار

هــەر بەڕاسـتی باڵنـدەن، یـان بوونەوەرێکـی تـرن؟، یـان لـە راسـتیدا بەشـێکن لـە مرۆڤـەکان، یان دانیشـتوانی شـارن بـە گشـتی،، یـان هەمـوو کۆمەڵگـەن؟ کـە ئـەم لەگەڵیـان دەبێتـە هاودەنــگ و پێکــەوەو بــە ئاوازێــک دەخوێنــن و لەبــارەی ئاوێکــەوە دەدوێــن کــە ئەویــش دیســان شووناســی دیــار نییــە. بــەڵام لــە وەسـفی ئەمـدا بـۆ ئاوەکـە تێدەگەیـن کـە جۆرە ئاوێکە لەبری ئەوەی لە شـەوانی زسـتاندا بیبەسـتێت دەبێتــە خوێــن و ئــەو خاسێتەشــی کــە ئــاو هەیەتــی و هەمـوو زیندەوەران هـەروەک ئـەوی شـاعیر، یـان قسـەکەر چاوەڕوانـی دەکـەن، ئـەم ئـاوە لـە دەسـتیداوەو ئەرکەکـەی جێبەجێــی نــاکات، کــە بریتیــە لــە ســاڕێژکردنی برینــی تینوێتـی ئـەوان. لێرەدا واتـە لـەم وێنەیـەدا ( برینـی سـەختی تینوێتیمــان ســاڕێژ نــاکا) جــۆرە نەگونجانێــک دەبینرێــت کــە ئــاو لەبــری تینوێتــی شــکاندن چاوەڕوانــی ئــەوەی لــێ دەکرێت ئەرکی ساڕێژکردنی برین ببینێ،هەروەک تینیوێتی وەکـو برینێکـی سـەخت پێشـکەش دەکرێت کـە پێویسـتی بـە سـاڕێژ بـوون هەیـەو دەرمانـی ئـەو سـاڕێژکردنەش ئـاوە، کـە لـە راسـتیدا ئـاو بـۆ شـکاندنی تینوێتیـە لەبارێکـی وەهـا ناجـۆردا. لێرەدا لەبەرئـەوەی تینوێتـی بـووە بـە بریـن وەکـو پێویسـت ئاویـش دەبێـت بـە دەرمـان و سـاڕێژی ئـەو برینـە دەکات. لــە راســتیدا لێــرەدا جۆرێــک لــە لادان لــە زمانــی

باو هەیە. ئەوەش شتێکی ئاساییە چونکە ئەوەی لێرەدا بەرجەستەکراوەو قسەی لەبارەوە دەکرێت شیعرەو ئاشکرایە یەکێک لە خاسیێتەکانی شیعر لادانە لە زمانی ئاسایی، یان باو.

بەهەرحاڵ ئەوەی لێرەدا ئاشکرا دەبێت ئەوەیە کە ئاوەکە خاسیێتی ئاوبوونی لە دەست داوە چونکە لەبری ئەوەی بیبەستێت دەبێتە خوێن. خوێنیش بۆ ئەو بوونەوەرەی کە پێی دەگوترێت مرۆڤ لەلایەک پڕبەهاو گرنگەو نابێت بڕژێت، لەلایەکی تریشەوە شتێک نییە کە تینوێتی مرۆڤ بشکێنێت بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەوانەی تینووی خوێنن ئەوانەن کە لە هەموو خاسیێتێکی مرۆیی رووتکراونەتەوەو بوونەتە جۆرێک لە درندە کە بە تەواوی ناسنامەی مرۆڤیان لە دەستداوە. لێرەوە ئەمی قسەکەر رووناکی دەخاتە سەر ناسنامەی خۆی و باڵندەکان کە ئەو مرۆڤە هەستیارانەن نەک هەر تینێوویتیان بەخوێن ناشکێت، بەڵکو لە خوێنیش دەترسن و لە ئاستی قووڵتردا ئاماژەی ئەوەش هەیە کە نەک هەر نایانەوێت خوێن ببینن، بەڵکو نایانەوێت ناویشی ببیستن. بۆیە لێرەوە سەرەتایەک بۆ ناسینی ئەوی قسەکەر و باڵندەکانی هاوڕێی دەردەکەوێت کە ئەوانە لە خوێن بێزارن، هەروەک خۆیشیان بریندارن و برینی سەختیان سارێژ نابێت. کەواتە ئەمانە کێن و

بڕینی سەخت چی دەگەیەنێت و چ مەدلولێک هەڵدەگرێت؟
لەسەر زمانی قسەکەری دەقەکەوە هاتووە:
**ڕوانینەکانت سەوزەگیای بەهارێکی زەردەوەبوون**
**تەمای چیتە...ماڵئاوایی مەکە بڕۆ**
**ئاوەدانی لە دڵی تۆدا نەماوە تا چاو هەڵخەی**
**هەر ژاژەو دڕکەو هەڵدێرە**
**هەر دووکەڵەو تەمەو داخەو واوەیلایە**

ئەمی قسەکەر هەمان کەسی گریاو دەدوێنێت و بارودۆخێک نیشان دەدات کە خاسیەتەکانی دوای ڕوودانی تراژیدیایەکی پێوە دیارە. واتە لەو زەمینەیەدا کە ئەم گفتوگۆ تاک ئاراستەیە ڕوودەدات، پێدەچێت کارەساتێک ڕوویدابێت و ئەنجامی ئەوەش وێرانەیەک بەجێماوە. ئەم وەکو چاودێر باسی ئەو تراژیدیایەو دەرئەنجامەکانی دەکات و ئامۆژگاری کەسی بەرامبەریش دەکات کە چیتر نەگری و ئەوێ بەجێبهێڵێت. کەواتە ئەم کەسە کێیە کە پێدەچێت پەیوەندیەکی زیاتری هەبێت بەو کارەساتەوە، یان بەو ڕووداوانەی کە دواتر ڕوودەدەن بە تایبەتی لە دەربڕینی «ئەوان هاتن»دا دەردەکەوێت شاعیر وەکو چاودێر ئاگادرای ڕوودانی ئەو کارەساتەیەو بە ترسەوە سەیری ئەوان دەکات کە دێن. ئەوەش مانای ئەوەیە کە

ئـەوان بکـەری تراژیدیاکـەن، هـەروەک ئەمـی گریـاو لایەنـی بەرامبــەری کارەســاتەکەیە. کــە راســتەخۆش دەردەکەوێــت ئەمــی شــاعیر لایەنگــری ئــەو کەســـەیە کــە ئامــۆژگاری دەکات و داواشــی لێـدەکات کـە ئـەویٚ بەجێبهێڵێـت. دیـارە پێشــبینی رووداوی تــر، یــان کارەســاتی تــر دەکات ئەگــەر ئــەوی گریــاو ئــەویٚ بەجێنەهێڵێــت. ئەمــی شــاعیر وەهــا وێنـای ئـەو دەکات کـە بریتیـە لـە وێرانەیـەک و تروسـکەی هیـچ ئاسـۆیەکی پێـوە نەمـاوە. ئایـا ئـەم کەسـێتیە وێرانبـووە کێیــە؟ دەشــیٚ کەســێکی دیاریکــراو بێــت؟، یــان کۆمەڵگــەو مێژوویــەک بێــت کــە ئەویــش دەشــیٚ هەمــوو مرۆڤایەتــی بێت.، یان ئەو رووبـەرە دیاریکراوە بێت کە دەقەکـەی تێدا بەرهەمهاتـووە بـە تایبەتـی بـۆ ئـەو سـاتەوەختە مێژووییـەی کـە دەقەکـەی تیـادا لەدایکبـووە ئـەو زەمینەیـە دەشـیٚ لـە چوارچێـوەی ئـەو وەسـف و وێناکردنـەدا وەکـو وێرانـەی دوای کارەسـتێکی تراژیـدی جێـگای بکرێتـەوە کـە قۆناغـی پاشەکشــەی رۆحــی راوەســتان و بەرگریکــردن بــووە لــە مێـژووی واقیعـی بەرهەمهێنانـی دەقەکـەداو دەشـیٚ مۆتیڤـی پشـتی ئـەم بەرجەسـتەکردنە بەجۆرێـک کارەسـاتەکانی نـاو ئـەو واقیعـە بێـت. شـاعیر دەڵێـت:

**لەسەر دەرگاو دەروازەکەی**

**شاری «چاوشارکیٚ»دا نووسیت**

**سوارەکان دێن ناوی شارو**
**شەقام و بازاڕ ئەگۆڕن سیمای ناکام**
**چاوی قووڵی فرمێسکاویی، ئەسڕنەوە**
**ئەوان دێن و بارانی ڕەنگاو ڕەنگ دێنن.**

ئەو کەسەی کە داوای ڕۆیشتنی لێ دەکرێت و تاکو ئێستا ناسنامەکەی ئاشکرا نییە، لە هەڵچووندا لەسەر دەرگاو دەروازەی شاری چاوشارکێ دەنووسێت. سەرەتا لێرەدا شوێن دیاری دەکرێت کە شاری چاوشارکێیەو ئەم شارەش دەرگاو دەروازەی هەیە. ئایا شاری چاوشارکێ کوێیە؟ کەسانێک دێن بۆ شارەکە کە بە سوارەکان ناودەبرێن. ئایا سوارەکان کێن؟ دۆستی شارن، یان نەیاری شار؟ بەڵام هەر زوو ئاشکرا دەبێت کە سوارەکان هەڵگری پەیامێکی نوێن و دەشێ شاری چاوشارکێ لەو بارە خراپەی تیایدایە رزگار بکەن و هەموو شتێک بگۆڕن، تەنانەت ناوی شارەکەش. لێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات: ئەگەر سوارەکان رزگارکەری شاربن، کەواتە بۆچی قسەکەر، یان شاعیر داوا لە ئەوی گریاو، یان ئەوی ئاشکراکەری هاتنی سوارەکان بۆ شار دەکات بڕوات و شار بەجێبهێڵێت؟ ئایا سوارەکان و ئەوی گریاو نەیاری یەکترین؟ ئایا ئەگەر نەیاری یەکتری بن، کامیان دۆستی

شارە؟ هەرچەندە لە شێوەی دەربڕینەکانی قسەکەردا ئەوە ئاشکرایە کە ئەوی گریاو وەکو دۆست لەلایەن شاعیرەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. دیسان ئەگەر سوارەکان دۆست بن ناوی شار بۆ دەگۆڕن؟ ئایا ئەو گۆڕینە گێڕانەوەی شارە بۆ ئەسڵی خۆی، یان بۆ ونکردنی ناسنامەی پێشتری شارە؟ بەڵام ئەوەی دەبێتە یارمەتیدەر بۆ ئەوەی وەکو دۆست سەیری سوارەکان بکرێت، ئەوەیە کە بارانی رەنگاو رەنگ دەهێنن و فرمێسکەکان دەسڕنەوە. ئەمەش ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت کە سوارەکان وەکو بکەری گۆڕانکاری بە ئاراستەی ئەرێنی دەردەکەون. هەروەک لە خۆیدا باران هێمای زیندەگانی و ژیانە بەڵام ئایا مەبەست لە بارانی رەنگاورەنگ چیە؟ ئایا بارانی خوێن و فرمێسکە؟ ئەگەر ئەمەیان بێت، ئەوا هەرچەندە لەپاڵ یەکتردانانێکی نەگونجاوە، بەڵام ناسنامەی سوارەکان لە دۆستەوە دەگۆڕێت بۆ نەیار. ئەگەر بارانی رەنگاورەنگیش دەلالەتی فرەیی و جۆراوجۆرێتی و هەمەچەشنەیی هەڵبگرێت، ئەوا ناسنامەی سوارەکان ناسنامەی نەک هەر دۆستە بەڵکو سوارەکان دەبنە بکەری گۆڕانکاری و سرووشتی شاری چاوشارکێ لەگەڵ ناوەکەیدا دەگۆڕن بۆ شارێکی واقیعی کە ژیانی تێدا بێت و فرەیی خاسیێتی دیاری ئەو شارە بێت.

قســەکەر لــە ئاخاوتنیــدا ئــەو کەســێتەی کــە دەیدوێنێــت وەکو کەسێتیەکی دیار، یان جۆرێک لە پاڵەوان پێشکەش دەکات و وای نیشــان دەدات کــە لــە مێــژووی شــاری چاوشــارکێدا ئــەم کەســێتیەکی تەوەریــەو رووداوەکان بــەوەوە بەســتراون.، یان وەکو کەسێک پێشکەشی دەکات کە هەڵگری بەرنامەو پرۆژەیەکەو ئەم لە سەرەتادا وەها نیشــانی دەدات کــە ئــەم کەسێتیــە چاوەڕوانــی دڵدارەکــەی دەکات. بــەڵام ئایــا دڵــدار لێــرەدا هێمایــە بــۆ عاشــقێک کــە دەشــێ کەســی بەرامبــەر بێــت، یــان هیــوای جێبەجێکردنــی پرۆژەیــەک بێــت کــە ئــەو لــە پێناویــدا دەســووتێت؟ شــاعیر دەڵێــت:

**دڵدارەکەت دوێنیش نەهات**
**وەک فەرهادێکی بریندار**
**لە ژوورێکی تەنیاو هەتیوا**
**پەپوولەی ئاهەکانت بە لێواری**
**پەرداخی تاڵی ئارەقی چاوەڕوانیدا نیشتنەوە.**

ئەمــی قســەکەر وێنــای ئــەو کەســە دەکات کــە لەگەڵیــدا دەدوێــت و وای نیشــان دەدات لــە چوارچێــوەی ژوورێکــی داخراودایــەو بەشــێوەیەک کــە وادەردەکەوێــت لــە دوای شکســتێک گەڕابێتــەوە، بــە دوای تروســکەی هیوایەکــدا

بگەڕێت. پێی دەچێت ئەم کەسە عاشقێک بێت لە چاوەڕوانی هاتنی دڵدارەکەیدا بێت کە دەشێ دڵدارەکەی هیوایەک بێت، یان تروسکەی هاتنی ڕۆژێکی نوێ بێت. بەڵام ئەوی دڵدار ناگات و ئەم لەبەردەم چاوەڕوانیدا دەمێنێتەوە. بێگومان کاتێ مرۆڤ خۆی دەداتە دەست چاوەڕوانی، مانای وایە هێشتا هیوابڕاو نەبووە. لێرەوە ئەو دەلالەتە بەرهەم دێت کە سەرباری ئەو بارە ناهەموارەی کە ئەم کەسێتەی تێدایەو سەرباری ئەوەی کە ئەو زەمینەی ئەمی تێدایە وەکو پاشماوەی تراژیدیایەک پێشکەش دەکرێت، بەڵام ئەم هێشتا خۆڕاگرەو بە هیوای ئایندەوە دەژی. ئەمەش ئەو بارە سرووشتیەیە کە مرۆڤی وەکو ئەفریدەبوویەکی باڵا پێ دەناسرێتەوە، کە تەنانەت تێکشکاندیش بێ هیوای ناکات و نایبەزێنێت. هەر ئەم سووربوون و خۆڕاگریەشە کە بزوێنەری بەشێک لە پەرەسەندنەکانەو بەرهەمهێنی لایەنی گەشی مێژووی مرۆڤایەتیە، واتە مێژووی شارستانێتی و بونیادنان و ئاوەدانکردنەوە. ئەم لەم چاوەڕوانییەدا دەمێنێتەوە، بەڵام لە رووی راستیەوە ناشێت رەوتی مێژوو لێرەدا بووەستێت و ئەم تراژیدیایە کۆتایی بە ژیان بهێنێت، بەڵکو رەوتی سرووشت بەو جۆرەیە ئەگەر تەنانەت لەم رووبەرەشدا شکست بگاتە خراپترین

باری و ئەگەرێک بۆ سەرهەڵدانەوەو رابوونەوە نەمێنێت، ئەوا گومانی تێدا نییە لە لایەکی ترەوەو لە ژینگەو شوێنێکی تردا پاڵنەری ژیاندۆستی کاری خۆی دەکات و زیندەگانی و بنیادنان راناوەستێت. هەر لێرەوەیە کاتێک ئەم لە ژوورێکی تەنگ و داخراودا لە چاوەڕوانی هاتنی دڵدارەکەیدایە، کەسێکی تر دێت، کەسێک کە کۆتایی بەو کپی و بێدەنگیە دەهێنێت، بەڵام ناتوانێت رۆڵی دڵدارەکەی ئەم ببینێت. ناتوانێت جووڵەی رووداوەکان بەوشێوەیە ئاراستە بکات کە رەوتێکی دروستیان پێ بدات. ئەم کەسە کە ئەو وەکو راوچییەک پێشکەشی دەکات کێیە؟ ئایا هیچ پەیوەندییەکی بەدڵدارەکەی ئەمەوە هەیە؟ شاعیر دەڵێت:

**راوچییەک هات**

**هەنگاوەکانی دووکەڵ و تۆز و گەردی**

**رێگای دووریان لێ ئەباری گەردەلوولێک**

**گەردەلوولێکی ناوەخت و تووڕەو سەرشێت**

**رێگای لێگرت، وردە وردە دیمەنەکان تێکەڵاو بوون**

**هێشتا نیو پەرداخت مابوو کە بزماری خەوێکی تاڵ**

**لە گلێنەی چاوە سوورەکانتا چەقی**

**دڵدارەکەت دوێنی نەهات ئیتر نایە.**

لێرەدا شاعیر وێنای کەسێکمان بۆ دەکات کە لە چاوەڕوانیدا لەگەڵ پێکی بادەدا دانیشتووەو چاوەڕوانی هیوایەک دەکات کە ئەو وەکو هاتنی دڵدارەکەی بەرجەستەی دەکات. هەرچەندە ئەو نایەت بەڵام ڕووداوی هاتنی راوچییەک کە وەکو ئاماژەمان بۆ کرد ناسنامەی ئەمیش نەزانراوەو بێدەنگی کۆتایی پێدەهێنێت، بەڵام ناتوانێت لەسەر رۆیشتن بەردەوامبێت. هەرچەندە ئەم وەها وەسفی دەکات کە لە رێگای دوورەوە هاتووە، بەڵام بەربەست لە رێگایدا دروست دەبێت و رێگای بەردەوامبوونی لێ دەگرێت. ئایا ئەو کەسەی ئەم وەکو راوچی پێشکەشی دەکات بۆچی هاتووەو چ ئامانجێکی هەیە؟ ئەگەر ئەو تەنیا راوچییەک بێت، کەواتە بۆچی لە رێگای دوورەوە هاتووە؟ ئەگەر ئەم دەیەوێت ئەم راوچیە وەکو کەسێکی خاوەن پرۆژە بۆ گۆڕینی ئەو تراژیدیایە پێشکەش بکات و بە ئومێدی ئەوە بێت بارودۆخەکە بگۆڕێت، ئەوا دەبێ بە گومانەوە سەیری ئەگەرێکی لەمجۆرە بکەین، چونکە ناشێت کەسێکی رەوتەنی وەکو بکەری گۆڕان دروستکەر پێشکەش بکرێت و ئەگەری ئەوەش نییە کە کەسێکی رەوتەنی کە مێژووی دیار نییەو نازانرێت لە کوێوە هاتووەو چی لەباردایە، وەکو

پاڵەوانی گۆڕان دروستکەر پێشکەش بکرێت. سەرئەنجام ئەمی قسەکەر جۆرێک لە دڵنیایی دەداتە ئەوی گوێگر بەوەی کە چیتر پێویست ناکات چاوەڕوان بکات چونکە دڵدارەکەی نایەت. بێومان ئەوەش دەبێتە ئەو پەڕی بێئومێدی بۆ ئەم چونکە ئەو هیوایەی کە لە مێژبوو چاوەڕوانی دەکرد بەو پێیە بەرەو هەرەس دەچێت. قسەکەری شیعرەکە دەڵێت:

**بڕۆ بڕۆ، ئەمجارەیان**
**تا چاو هەڵخەی بیابانە**
**بەلای چەپا بەلای راستا**
**سەربەرەو خوارو بەرو ژوور، هەمووی مەرگە**
**هەمووی شەونمی هاوارەو**
**تک تک، نم نم، هێدی هێدی ئەڕژێنە ناو هەناوتەوە.**

شاعیر زەمینەو فەزایەک وێنا دەکات کە رووتکراوەیە لە هەموو بنەمایەکی ژیان. ئەمەش بە ئاشکرا دیارە لە ئەنجامی ئەو تراژیدیایەدا دروستبووە کە پێشتر بۆی وێنا کردین. ئەم چاوەڕوانی دڵدارەکەی بوو بەو ئومێدەی بێت و هەموو شتێک بگۆڕێت. بەڵام ئێستا ئەم ئاگادرای دەکاتەوە کە ئومێدی هاتنی دڵدارەکەی نەماوەو

ئەوەش مانای ئەوەیە کە ئاسۆیەک نابینێت بۆ ئەوەی ئەو زەمینە کارەساتبارە بە جۆرێک بگۆڕێت کە ژیان و زیندەگانی تیایدا دەست پێبکاتەوە. لێرەوە لە ئاستی نەبینراودا ئاماژەیەک هەیە بۆ چاوەڕوانکردنی شیرین بۆ گەڕانەوەی فەرهاد لە ئەفسانەی شیرین و فەرهاددا. شیرین دڵنیا دەبێت، یان دڵنیادەکرێتەوە کە فەرهاد ناگەڕێتەوە. ئەمیش لە نەهاتنی دڵدارەکەی دڵنیادەکرێتەوەو ئەو نەهاتنەش مانای نەگەیشتن بە هیواو ئاواتەکانی. نەهاتنی دڵدارەکەی مانای وێرانبوونی هەموو شوێنێک. لێرەوە ڕووناکیەکی زیاتر دەخرێتە سەر ناسنامەی ئەوی دڵداری چاوەڕوانکراو کە ناڕاستەخۆ وەکو ڕزگارکەر، یان دروستکەرەوەو بنیادنەرەوە پێشکەش دەکرێت. واتە وەکو بکەرێک کە توانای دروستکردنی ڕووداوی هەبێت، ڕووداوی گۆڕینی ئەو واقیع و زەمینەی کە لە دەقەکەدا وەکو وێرانە پێشکەش دەکرێت. ئەمی شاعیر، یان قسەکەر نەک هەر بێ ئومێدی لە نەهاتنی ئەوی دڵدار نیشان دەدات، بەڵکو بەجۆرێک بە ئەوی گوێگر، یان بەو کەسەی کە ئەم دەیدوێنێت، رادەگەیەنێت کە بارودۆخەکە بە شێوەیەکە هیچ تروسکەیەک بەدیناکرێت و بێئومێدی سەرتاپای ئەویشی گرتووەتەوەو هیچ ئاسۆیەکی نەماوەو پێی دەڵێت کە هیچ ئەگەرێکی ژیان

و زیندەگانی نەماوەو رەگەزەکانی مەرگ و کۆتایی تەنانەت هەموو جەستەی ئەویشی گرتووەتەوەو نەک هەر دڵدارەکەی نایەت بەڵکو نائومیدی لە هەموو لایەکەوە هەر هێرش بۆسەر جەستەی ئەم دەهێنێت تەنانەت شۆڕیش دەبێتەوە بۆ ناو ناخ و هەناوی. لێرەدا شاعیر زەمینەیەکی پڕ کارەساتی وەها بەرجەستە دەکات کە لە هەموو رەگەزەکانی ژیان رووتکراوەتەوە، ئەوەش دروستکردنی کەشێکە تا ئەوپەڕی سنوور بارگاویکراو بە بێهیوایی و رەشبینی. بۆیە دەشێ لە ئاستی قووڵی دەقەکەدا ئەو پرسیارە خۆی نمایش بکات: ئایا بەڕاستی ژیان بە هەموو سەختیەکانییەوە، بوونی مرۆڤ وەکو تاکەکەس و وەکو کۆمەڵگەش دەگاتە ئەو ئاستە لە بێئومێدی. مەبەست لەم قسەیەش ئەوەیە: ئایالە لوتکەی کارەسات و تراژیدیا خوێناوی و وێرانکەرەکانیشدا مرۆڤ دەگاتە ئەو ئاستەی کە بێ ئومێدی ببێتە کەشی باو و ئەم وەکو سەروەری سەر ئەم زەویە دەست لە هەموو شتێک هەڵبگرێت و بە هێمنی چاوەڕوانی کۆتاییەکی تاڵ بکات و دەستەوسان و ناکارا بێت لەبەردەمی هەموو شتێکدا؟

لێرەوە ئەگەر لە روانگەی بنیادی زمانی دەقەکەوە بڕوانین ئەوا چەند کەسێک ئامادەن کە بریتین لە

شاعیر، یان قسەکەر کە هەمان کەسن، گوێگر، یان کەسی گریاو، یان ئەو کەسەی کە شاعیر داوای لێ دەکات بڕوات ئەمانیش پێدەچێت یەک کەس بن. ئەم بێجگە لە سوارەکان و بێجگە لە راوچی و بێجگە لە دروستکەری ئەو کارەسات و تراژیدیایەی لەو زەمینەدا دروستبووە کە دەقەکەی تێدا بەرهەمهاتووەو هاوکاتیش بووەتە فەزای گشتی دەقەکە. بەڵام کاتێ زیاتر رۆبچین بۆ ناو ئاستە قووڵەکانی دەقەکە، ئەوا بۆمان ئاشکرا دەبێت کە ئەوەی شاعیر دروستی کردووە یۆتۆپیایەکە، بەڵام یۆتۆپیایەکی ناجۆرەو خۆیشی قسەی تیادا دەکات. واتە ئەوەی دەدوێت منی شاعیرە کە دەشێ لە روانگەی تیزی فرۆیدەوە بۆ بنیادی کەسێتی «من- ئیگۆ» بێت کە بەئاشکرا دیارە کەسێتی بەئاگاو هاوسەنگی مرۆڤەو مامەڵە لەگەڵ واقیعدا دەکات و تا ئەندازەیەکی ئاشکرا ئەو کەسێتە رووی ئاشکرای مرۆڤە، واتە ئەو رووەی کە لە واقیعدا دەبینرێت. ئەم کەسێتە لە نێوان رووبەری نائاگایی واتە ئەو-ئید و ویژدان واتە بەرزەمندا- سوپەرئیگۆ- راوەستاوەو هەوڵی هاوسەنگی دەدات لە نێوان ئەو دوو هێزەدا، کە «ئەو-ئید» هێزی غەریزەو ئارەزووە ئاژەڵیەکانی مرۆڤەو بە دوای تێرکردنی چێژەوەیە،

بەرزەمنیش تا ئەندازەیەک بەئاگایەو کەسێتی مرۆڤە لە رووە خۆپارێزو عەقڵانییەکەیەوەو ملکەچی دابونەریت و بەها کۆمەڵایەتیەکانە و بە هەموو شێوەیەک لە هەوڵی سەرکوتکردنی رووبەری دەسەڵاتی «ئەو»یان غەریزەدایە. من کە کەسێتی شاعیرو قسەکەری دەقەکەیە بە پێی بەرنامەی خۆی دەڕوات و ناکەوێتە ژێرکاریگەری حەزو ئارەزووەکانەوەو لە هەمان کاتیشدا ئەوی گوێگر دەدوێنێت کە رۆڵی ئەو دەبینێت و لە چاوەڕوانی جێبەجێکردنی حەزو ئارەزووەکانیدایە، کە ئەوەش لە هاتنی دڵدارەکەیدا دەگاتە ئەنجام. لە پشتەوە بەرزەمن راوەستاوەو هیچ بوارێک بە ئەو نادات بۆ جێبەجێکردنی ویستەکانی. من لە رێگای رێنومایی و ئامۆژگارییەکانییەوە هەوڵدەدات جۆرێک لە هاوسەنگی لە نێوان ئەو و بەرزەمندا دروست بکات لەو روانگەیەوە کە رێگا نادات هیچ کامیان بە تەواوەتی ئەویتریان بەلاوە بنێت، یان بیسڕێتەوە. بۆیە بە ئاشکرا دەبینین تەنانەت لەو بارە ترژیدیایەشدا من هاوسەنگی خۆی تێکنادات و مامەڵە لەگەڵ ئەو واقیعەدا دەکات کە هەیە. لێرەدا زەمینەیەک کە وەکو پاشماوەی تراژیدیایەکە پێشکەش دەکرێت و کەسێک چاوەڕوانی دڵدارەکەیەتی بۆ بە بەدەستهێنانی چێژی پێگگەیشتن.

هێزێکیـش لـە پشـتەوە وەسـتاوەو خۆپارێزانـە مامەڵـە لەگـەڵ ئـەو تراژیدیایـەو لەگـەڵ ئارەزووەکانـدا دەکات. لـەم ململانـێ و لەبەرامبـەر یەکتـر راوەسـتانەی بەرزەمـن و غەریزەکانـدا، بارێکـی ناجێگیـر دروسـت دەبێـت لـە کەسـێتی داهێنـەرداو، لـە ئەنجامـی چەپانـدن و نەگەیشـتن بـە چێـژو تێرکردنـی خواسـتەکاندا، شـاعیر لـە رێـگای زمانـەوەو لـە بەرهەمهێنانـی دەقەکـەدا دەرگایەکـی تـر بـۆ تێرکردنـی خواسـت و حـەزەکان دەکاتـەوەو ئـەوەش لـە شـێوەی هێمـاو کـۆدو دەلالاتـدا دەردەبڕێـت. مـن کـە کەسـێتی بەئـاگاو واقیعیـە و مامەڵـە لەگـەڵ واقیعـدا دەکات وەکـو ئـەوەی هەیـە مامەڵـە لەگـەڵ واقیـع دەکات و ئـەو زەمینەیـەی کـە تیایـدا دەژی و ئـەو واقیعـە ناجـۆر و ناهەمـوارەی کـە تیایـدا هەڵسـوکەوت دەکات وەکـو خـۆی دەبینێـت و تـا ئەندازەیەکـی ئاشـکرا مامەڵەیەکـی واقیعانـەی لەگەڵـدا دەکات. بەهەرحـاڵ ئـەوەی دەدوێـت و ئـەوەی گـوێ دەگرێـت و ئەوەشـی چاوەڕوانـی هاتنـی دەکرێـت تەنیـا شـاعیر خۆیەتـی کـە لـە دەرەوەی دەقەکـە بوونێکـی واقیعـی هەیـە، لـە کاتێکدا ئـەوەی لـە چوارچێوەی دەقەکـەدا بنیـادی نـاوە بەرهەمـی خەیاڵـی ئـەوە، یـان وەکـو پێشـتر ئاماژەمـان بـۆ کـرد شـاعیر جۆرێـک لـە یۆتۆپیـا دروسـت دەکات. لـە راسـتیدا ئـەو وەکـو کەسـێتیەکی

بێزار و لەناو خۆیدا ئاڵۆز و بارگاویکراو بە ناکۆکی و ململانێ و لەگەڵ خۆی ناکۆک، جیهانێکی دروستکردووە کە جیهانی دەقەکەیەو خۆیشی وەکو دروستکەر و ئەفرێنەدەری ئەو جیهانە ئازادە کە چی تێدا دروست دەکات و چۆن بنیادی دەنێت و چۆن بەڕێوەی دەبات و بە چ ئاراستەیەک جووڵەی نێو ئەو رووبەرە لە خەیاڵ دروستکراوە رێک دەخات و دەیجوڵێنێت.
ئەوە ئاشکرایە کە داهێنان بەگشتی و بە تایبەتی رەگەزێکی وەکو شیعر زیاتر بەرهەمی خەیاڵ و ئەندێشە و نەستە،، یان بەرهەمی نائاگاییە کە لەوەشدا رووبەرە چەپێندراوەکانی ژیانی داهێنەری ئەو دەقە لە چوارچێوەی دەقەکەداو لە شێوەی دەلالات و هێماو کۆدەکانی زمان و وێنەوە بەرجەستە دەکرێن. ئەمە بێجگە لەوەی کە ئەو واقیعەی دەقەکەی تێدا بەرهەم دێت، ئەویش رۆڵ و کاریگەری لەسەر دنیای دەقەکە دەبێت و دیسان لە کاری داهێنان، یان دەقی زیندوودا گرفت و گرێ و کێشەکانی ئەو زەمینەو پەیوەندیبوونیان بە باری دەروونی و خەیاڵی و نائاگایی کەسی داهێنەرەوە شوێن و کاریگەرییان دەبێت لە جوگرافیای دەقەکەدا. لە چوارچێوەی ئەم دەقەدا شاعیر رووی لە خۆیەتی و زیاتر ئەوە ئاشکرا دەبێت کە خۆی دەدوێنێت:

**ئەی گیانە بۆ زویر ئەبیت**
**کە بایەقووش ئەڵێ مەڕۆ**
**ئەی گوایە بۆ دڵگیر ئەبیت**
**کاتێ قەلەڕەشکەی کوێستان ئەڵێ بڕۆ**
**بۆ ساڵانی خۆشەویستیت ناخەیتە ژێر**
**گڕو پرشنگی دەستاڕی ڕۆژگارەوە**
**بۆ نازانی تۆ نەفرەتت لێکراوەو بێ وڵاتی.**

ئێستا ئەمی قسەکەر، یان شاعیر وادەردەکەوێت کەسێک بدوێنێت، بەڵام وەکو ئاماژەمان بۆ کرد ئەم لەگەڵ خۆیدا دەدوێت، یان ڕێنومایی خۆی دەکات. دیارە ئەوەش لە شێوەی گفتوگۆدا دەخاتە ڕوو. هەروەک گوتیشمان ئەم شێوازە مامەڵەکردنە لەگەڵ زمان و لە پانتایی دەقەکەدا پەیوەندی بەو بارە دەرونییە نائاساییەوە هەیە کە کەسی قسەکەری تێدایە و لە نێوان جۆرێک لە دابەشبووندایە و لە ئەنجامی ئەو دابەشبوونەشدا زەمینەیەکی سازاندووە بۆ دەربڕین و گوێگرتن و تەنانەت جۆرێک لە چاوەڕوانیکردنیش لە چوارچێوەی دەقەکەداو لە خودی تاکەکەسێکیشدا کە بەرهەمهێنی دەقەکەو ئەفرێنەری دنیای دەقەکەو ئەو فەزا بەرفراوانەیە کە دروستیکردووە. ئەمەش لە لایەک بەرهەمی نائاگایی و

خەیاڵی فراوانە، لەلایەکی ترەوە دروستکردنی جیهانێکە لە خەیاڵدا بۆ هاوشێوەکردنی جیهانی واقیعی بە هەموو رەگەز و جووڵەو ململانێ و کێشەکانییەوە.
لە چوارچێوەی دەقەکەدا، دوو باڵندە پێشنیار بۆ کەسی گوێگر دەکەن کە یەکێکیان بایەقوشە و ئەویتریان قەلە رەشە. هەردوو باڵندەکە هەریەکە بە جۆرێک هێمای پێشبینیکردن، یان هاتنی فەزایەکی ناجۆرن. بایەقوش هەواڵی خراپ و نائاسایی دەگەیەنێت، قەلەرەشیش باڵندەیەکی ناشیرین و دزێوە لە روانگەی مرۆڤەوەو هەڵگری ماناو ئاماژەی وێرانبوون و کاولبوونە. یەکێک لەم دوو باڵندەیە داوای رۆیشتنی لێ دەکات و ئەویتریشیان داوای مانەوەی لێدەکات. ئەمەش ئەوەندەی تر نائاساییبوونی بارودۆخەکەو راگرتنی ئەوی گوێگر لەباری شلۆقیدا نیشان دەدات، کە ئەوەش هەڵوێستێکە لە نێوان چوون و نەچووندا. شاعیر دەیەوێت پێمان بڵێت کە ئەوی گوێگر ناتوانێت لەم سەرزەمینە پڕ کارەساتەدا بڕیار بدات، کە وەکو تراژیدیایەک بەرجەستە دەکرێت و تیایدا رۆیشتن و نەڕۆیشتن رەنگە جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبێت و کەسیش نازانێت کامیان لە کامیان باشتر، یان خراپترە. بەڵکو ئەوەی لە چوارچێوەی بنیادی دەقەکەدا دەردەکەوێت ئەوەیە کە ئەم کەسێتیە شیزۆفرینییە ناتوانێت بڕیار

بدات، بە تایبەتی کە زەمینەی ژیانی ئەو بووەتە ویرانەو شاعیریش پێی دەڵێت تۆ چی بکەیت، یان نەکەیت، بوویەکی ئەفەرۆزکراو و بێ وڵاتیت. بێگومان بێ وڵاتی، یان نەبوونی وڵات لێرەدا بێ ناسنامەی دەگەیەنێت. مرۆڤی بێ ناسنامە نە بوونی هەیەو نە پێناسەو نە ئامادەبوون. بۆیە لێرەوە دەردەکەوێت کە ئەوی شاعیر لەگەڵ شتێکدا دەدوێت کە لە راستیدا بوونی نییە. هەر لێرەوە زیاتر ئەو بۆچوونە باڵادەست دەبێت کە شاعیر یۆتۆپیایەکی دروستکردووە، بەڵام یۆتۆپیایەک لەبری ئەوەی خەونە سەرکوتکراوەکانی ئازادی و حەز و ئارەزووە چەپێندراوەکانی تیادا بەدیبهێنێت، پێکهاتەیەکە لە وێرانەو هیچی تیادا بەدینایەت. دیارە ئاشکرایە کە هەمیشە دروستکردنی یۆتۆپیای کارەسات و تراژیدیا سیمای یۆتۆپی ون دەکات و وەکو واقیع خۆی نمایش دەکات، چونکە هەم گەردوون بەردەوام لەبارە بۆ بەرهەمهێنانی تراژیدیا، هەم مرۆڤ بە سرووشتی زیاتر لەوەی بوویەکی هەمیشە ژیاندۆست و ئاهەنگ ئامێز بێت، زیاتر بوویەکی خەمگین و پرسە دۆست و مەرگ پەروەرە. هەر بۆیە بەردەوام رەگەزەکانی تراژیدیا لە بوون و خەیاڵ و نەستیدا ئامادەن. ژیانی مرۆڤیش لەبەر ئەو هەموو چەپاندن و بێبەش بوون و نەگەیشتن بە ئاوات و ئامانجە سرووشتیەکان، لە خۆیدا جۆرێکە لە تراژیدیا. بۆیە بەردەوام

زەمینــەی بەرجەســتەکردنی کارەســات بــۆ مرۆڤــ ئاســانە و هەمیشــەش وەکو جۆرێک لــە دەربڕینی بەدبەختیەکانی مرۆڤــ و نادیاریی چارەنووسێتی. لێرەدا ئەگەر بپرسین ئەو کەسە کێیە کە قسەکەری دەقەکە، یان شاعیر دەیدوێنێت؟
لێرەوە دەردەکەوێت ئەو کەسەی کە ئەمی شاعیر دەیدوێنێت و پێدەچێت هەمــوو ئێمــە بێــت، یــان هیــچ کەسیش نەبێت، بێ وڵات و بێ دەرەتانە، چونکە ژیانی لە ئێستادا جۆرێکە لە چەپاندن و بێبەشبوون، ئایندەشی وەکــو چارەنووســی مەحکومــە بــە لەناوچــوون.
**سەوڵ لێدە: سنوور و خاک**
**بە رەشەبای باوەشێنی سەوڵەکانت بترازێنە**
**تەمای چیتە ئەی سەرخۆشەکەی شەوانی بەفربارین**
**لە ماچ زیاتر چیت هێناوە بۆ لێوی خوێن**
**لە خوێن زیاتر چیت هێناوە بۆ لێوی ماچ**
**ئیمشەو گیانە.. رووباری گشت وڵاتەکان**
**ببنە پەرداخە ئارەقێک بیخۆمەوە مەستم ناکات**
**چی ئازاری دونیا هەیە ببێتە گوڵە ژاڵەیەک**
**هەڵیمژم پەستم ناکات ئیمەشەو زامی وڵاتەکەم**
**بۆتە کۆترێکی سپی**
**دڵەکەمی کردۆتە هێلانەی نازو**
**ماچم ئەکاو ماچی ئەکەم.**

لێرەدا شاعیر لە ڕێگای دەربڕینەکانییەوە واینیشان دەدات کەسێکی تر دەدوێنێت و ئامۆژگاری دەکات کە چی بکات. بەڵام هەر بەزوویی ئاخاوتن لەگەڵ کەسی گوێگرو قسەکردن لەگەڵ خۆی تێکەڵاو دەکات. ئەمەش دەریدەخات کە شاعیر لەگەڵ خۆیدا دەدوێت. دیارە ئەمەش بارێکی ئاساییە لە شیعردا، لە کاتێکدا شیعر بەرهەمی خەیاڵ و نەستە، کەواتە بەخەیاڵ دروستکردنی گوێگر و بەخەیاڵ دروستکردنی زەمینەی ئاخاوتن لەگەڵ ئەوانی تردا شتێکی ئاساییە و لە بارێکی تریشدا پەیوەندی بە دابەشبوونی کەسێتی مرۆڤـ بە گشتی و کەسێتی داهێنەرەوە بەتایبەتی هەیە. شاعیر لە دەربڕینەکانیدا کە پێدەچێت ئەوەش رستەی دەربڕراوی خەیاڵ و جۆرێک لە نائاگایی بێت کە دوای رێنومای ئەو وێنەیەی کە وەکو گوێگر بۆ خۆیی دروستکردووە لە شێوە دەربڕینی پرسیاردا شووناسی ئەو کەسەی کە گوایە گوێگرە بۆ قسەکانی ئەم ئاشکرا دەکات و پێی دەڵێت ( تۆ ئەی کەسە سەرخۆشەکەی شەوانی بەفر بارین، تەمای چیتە؟). لێرەوە ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات ئایا ئەو کەسە کێیە؟ رەنگە لێرەوە لە رووی نەستەوە شاعیر وەکو دەربڕینی بەشێک لە ئازارە زۆر تایبەتیەکانی خۆی باس لە کەسێک بکات کە مەستەو بیەوێت پێی بڵێت تۆ بەم بارە ناجۆرەتەوە چ

ئومێدو هیوایەکت هەیە؟ تا ئێرە ئەوەی ئەو باسی دەکات شتێکی گشتیە و دەشێ بۆ هەر کەسێک راست بێت، کە مەستبوونی لە ئەندازەبەدەر گاریگەری نەرێنی لەسەر ژیان و هەست و تێڕوانین و کارو جووڵەی مرۆڤ هەبێت. هەرچەندە رەنگە لە رووی داهێنانەوە ئەو مەستبوونەش رۆڵی هەبێت لە زیاتر داماڵینی دەمامکەکان لە رووی مرۆڤ و ئەوەش راستگۆتری بکات و لە بارێکی وەهاشدا جوانتر گوزارشت لە بوونی راستەقینەی مرۆڤ و ژانەکانی بکات. هەربۆیە زۆربەی بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەکانی کەسانی راهاتوو لەسەر بادە مەودای قووڵی مرۆیی و سیمای زیندووییان هەیە و لە دەقی نووسراودا دەتوانین بڵێین دەقی زیندوون. هەرچەندە زۆربەی کات ئەو بارەی کە مرۆڤی داهێنەر تیایدا دەقێک بەرهەم دەهێنێت بارێکە تیایدا خەیاڵ و نەست دەکرێنەوەو تا ئەندازەیەکی ئاشکرا ئەوی داهێنەر نزیک دەبێتەوە لە باری مەستبوون ئەوەش لە روانگەی رەهابوونی خەیاڵ و ئەندێشەو باڵادەستبوونی رووبەری نەستەوە.

دەشێ شاعیر لە روویەکی تریشەوە لەم وێنەو دەربڕینەدا بەشێک لە ئۆتۆبایۆگرافیای خۆیمان بۆ بنووسێتەوەو لە لایەک بەجۆرێک هەست بە پەشیمانیکردنی تێدا بەدیدەکرێت کە ئەوەش وەکو هۆکارێک بۆ ناکارایی خۆی

نیشـان بـدات و بپرسـێت تـۆ بـەم بارودۆخەتـەوە چیت پـێ دەکرێت. لەلایەکـی تـرەوە ئەوەمـان بـۆ ئاشـکرا دەکات، ئـەو کەسـەی ئـەم لەسـەرتای دەقەکـەوە لەگەڵێ دەدوێت خۆیەتی، واتـە ئـەم لـە خەیاڵدا زەمینەیەکـی دروسـتکردووە کـە خـۆی هـەم قسەکەریشـەو هـەم گوێگریشـە. تەنانـەت ئەمـی قسـەکەر کەسـی سـێیەمیش لـە ژێـر نـاوی دڵـداردا ئامـادە دەکات. بـەڵام ئـەو دڵدارە هەرگیز نایـەت، ئەویش لەبـەر ئەوەیـە کـە بەرجەسـتەکردنی ئـەو کەسـێتە تەنیـا لـە خەیاڵدایـەو دەشـێ لـە واقیعـدا هەرگیـز بوونـی نەبێت.

قسـەکەری دەقەکـە لـە قسـەکردنیدا لەگـەڵ ئـەم کەسێـتە، کـە مەبەسـت خۆیەتـی، بەئاشـکرا ناکارایـی و پاسـیڤبوونی ئـەو کەسێتـە دەردەخـات و ناڕاسـتەوخۆش هـۆکاری ئـەو ناکاراییبوونـە دەگێڕێتـەوە بـۆ مەسـتی و سەرخۆشـی. لـەو میانەشـدا باسـی ئـەوە دەکات کـە ئـەم بەجۆرێـک لەگـەڵ ئـەو بارودۆخـەدا راهاتـووە، بەئاسـانی ناکەوێتـە ژێـر کاریگەرییەکانی دەرەوەی خۆیـەوە. واتـە دەرەوە ناتوانێت نە بە ئاراستەی ئەرێنی و نـە بە ئاراسـتەی نەرێنی بیجوڵێنێت. ئەمـەش راسـتە ئەگـەر لـە رووکەشـدا سـەیری بکەیت، بارێکی باشـە کـە مـرۆڤ هێنـدە خۆڕاگـر بێت کـە نـە تروسـکەیەک دنیـای لێبـکات بـە رۆژی روونـاک نـە تەموتاریکیەکیـش دنیایـی لێبهێنێتـە کۆتایـی. بـەڵام دیسـان لـە ئاسـتێکی تـردا،

ئـەوەش بارێکـی نائاسـاییە کـە مرۆڤــ هیـچ کاردانەوەیەکـی بـۆ دەرەوەی خـۆی نەبێـت و بـاش و خـراپ وەهـا سـەیر بکات لـە دەرەوەی ئـەودان و پێویسـت بـەوە نـاکات ئـەم هیـچ کاردانەوەیەکـی هەبێـت بـۆ، یـان.

ئـەو زیاتـر لەسـەر خـۆی دەدوێت و لە ڕێگای وەسفکردنەکان و دەرخسـتنی پەیوەنـدی خـۆی لەگـەڵ ئـەو زەمینـەی کـە دەقەکـەی تێـدا بەرهەمهاتـووە، زیاتـر ناسـنامەی خـۆی ئاشـکرا دەکات. ئـەو باسـی وڵاتەکـەی دەکات، بـەڵام نـەک وڵاتەکـەی بـە گشـتی،، یـان لایەنـە ئەرێنـی و گەشـەکانی وڵاتەکەی، بەڵکو باسی خاسـێتێکی وڵاتەکەی، یان گرفتێکی وڵاتەکـەی دەکات کاتـێ دەڵێـت: «ئیمشـەو زامـی وڵاتەکـەم، بۆتـە کۆترێکی سپی». کەواتـە ئـەو باسـی وڵاتێک دەکات کە برینـدارە. لێرەوە دەشـێ بەسـادەیی وەهـای لێکبدەینـەوە کـە شـاعیر باسـی واقیعـی وڵاتەکـەی خـۆی دەکات کـە واقیعێکـی لـە خوێـن و تراژیدیـاو کارەسـاتدا نقـووم بـووە. هەمـوو ئەمانـەش دەبنـە بنەمـا بـۆ دیاریکردنـی ناسنامەی ئـەو زەمینـە کۆمەڵایەتـی و سیاسـیەی کـە ئـەوی شـاعیر بەشـێکە لێـی و دەقەکـەش لـەو زەمینەیـەدا بەرهەمهاتـووە، کـە ئاشـکرایە زێـدی شـاعیرەو شـاعیریش ئەندامێکـی ئـەو کۆمەڵگـە، یـان ئـەو نەتەوەیـە کـە وڵاتەکـەی بەدەسـتی ئەوانـی تـر هەنجـن هەنجـن کـراوەو جەسـتەی برینـدارەو خوێنـی لـێ دەچۆڕێ. لە

خەیاڵی ئەمدا ئەو زامە دەبێتە کۆترێکی سپی کە ئاشکرایە کۆتری سپی هێمای ئاشتیە. کەواتە لێرەوە ئەو بۆچوونە بەرجەستە دەبێت لە کاتێکدا وڵاتەکەی ئەم سەرباری وێرانکردن و کوشتنی هێشتا رۆڵی کۆتری ئاشتی دەبینێت. زامی وڵاتەکەی لە دڵی ئەمدا رەگوریشەی داکوتاوەو لێی نابێتەوە. ئەمەش ئەو مانایە هەڵدەگرێت کە ئەم و وڵاتەکەی هێندە بە توندی پێکەوەبەستراون بەهیچ شێوەیەک لێکتر جیاناکرێنەوە. کەواتە ئێستا شووناسی ئەمی قسەکەری شیعرەکە،، یان ئەمی شاعیر و تۆی گوێگرو ئەوی دڵدار کە هەرگیز نەهاتووە، یان ئامادەنەبووە لە چوارچێوەی بنیادی زمانی دەقەکەدا، ئەو کەسەن کە دڵی بۆتە نیشتیمانی زامی وڵاتەکەی کە دەشێ ئەو کەسە شاعیر خۆی بێت، یان هەر هاووڵاتیەکی وڵات و نیشتیمانەکەی ئەو،، یان هەریەکێک لە ئێمە بێت. کە ئەو ئۆتۆبایۆگرافیایەی لە شیعرەکەدا و بە زمانێکی شیعری و بە وێنەی جوان بەرجەستە دەکرێت، ئۆتۆبایۆگرافیای هەریەک لە ئێمە بێت کە بەشێکین لەو مێژووی ئەو وڵاتەی وێرانکراوەو رۆحی کوژراوەو و جەستەی بریندارکراوە. بۆیە لێرەوە ئاشکرا دەبێت کە شاعیر لە ئاستێکی قووڵدا مێژووی ئێمەو تراژیدیای درێژخایەنی مێژووی ئێمەو بوونی پەراوێزخراوی ئێمەو راهاتنمان لەگەڵ باری پەراوێزخستندا دەخاتە روو.

واتــە ئــەم دەقــەی ســەلام محەمــەد لــە ئاســتی قــووڵ، یــان نەبینراودا خوێندنەوەیەکی ریالیستیانەی کەسێتی کوردە لـە مێژوودا کـە هەمیشـە کەسێتیەکی ناکاراو بەرکاربـووە. واتـە کەسـێتیەک بـووە لـە دەرەوەی مێژوو. بەئاشـکراش دیـارە تـا ساتەوەختی بەرهەمهێنانی ئـەم دەقـە شـیعریە ئـەو کەسـێتیە نەیتوانیـووە هەنگاوی بـەرەو خۆدروسـتکردنەوەو هاتنـە نـاو مێـژوو هەڵبنێـت.

قسەکەری دەقەکە دەڵێت:

**ئەی سەرخۆشەکەی شەوانی بەفربارین**
**سەوڵ لێدەو بە رەشەبای باوەشێنی سەوڵەکانت**
**شەپۆلەکان هێمنکەوە بۆ لەم کەنارە راوەستاوی؟**
**ئەوە چیتە! دیسان ئەگریت!!**
**گوێم لێتە گیانە گوێم لێتە**
**ئەڵێی هەڵۆی بیرەوەریی**
**چرنووکی تیژی لە پێستی پاپۆرەکەم گیرکردووەو**
**بیریان ئەکەم ناڵەناڵیان سیمفۆنیایەکە لە دڵما**
**چەتری ئاواتی پەمەیی**
**بەسەر شوولە ژاژەکانی نائومێدیما هەڵداوە**
**هەر هاژەی دێ و بازووی منیش**
**بە چەشنی مانگی باوەشی جۆگەلەیەک**
**لەگەڵیانا ئەلەرێتەوە.**

لـە وێنەیەکـی جوانـدا شـاعیر داوا لـەو کەسـێتە دەکات کـە دیسـان وەکـو گوتمـان کەسـێتی قسـەکەر، یـان شـاعیر خۆیەتـی کـە لـە شـەوانی بەفربارینـدا مەسـتە، سـەوڵ لێبـدات و بـەو بایـەی کـە سـەوڵ لێدانەکـەی دروسـتی دەکات، ڕێگـری لـە سەرکێشـی شـەپۆلەکان بـکات و هێمنیـان بکاتـەوە. هەرچـۆن کاتـێ دەریـا شـەپۆل لێـدەدات ئەگـەر بـا بـە پێچەوانـەی ئاراستەی شـەپۆلەکانەوە هەڵبکات ئـەوا هێـزی بـا خێرایـی شـەپۆلەکان هێـواش دەکاتـەوە تـا ئەنـدازەی ئـەوەی شـەپۆلەکان بوەسـتێنێت. ئـەم وێنـە تێهەڵکێشـە جوانـە دەبێتـە دال بـۆ هەڵگرتنـی مەدولێـک کـە پەیوەنـدی بـە سرووشـتی ئـەو کەسێتەو ئـەو بارودۆخـەوە هەیـە کـە تیایدایـە. ئەویـش ئەوەیـە کاتێـک شـەپۆلی هێرشـی ئەمـلاو ئـەولا دەکرێتـە سـەر ئـەم کەسـێتە کـە لـە ئاسـتێکی فراوانتـردا کەسـێتی نەتـەوە، یـان ئـەو کۆمەڵگەیـە دەگەیەنێت کـە دەقەکـەی تێـدا بەرهەمهاتـووە، ئـەوی قسـەکەری شـیعرەکە داوای کاردانـەوە، یـان بەرگـری دەکات بێگومـان لـە گوێگـر، یـان ئـەوی بەرامبـەر، کـە ئـەو بەرگریکردنـەش لـە شـێوەی سـەوڵ لێدانـدا بەرجەسـتە دەکات و بەرهەمـی سـەوڵ لێدانەکـەش دروسـتبوونی ئـەو بایەیـە کـە شـەپۆلەکان هێمـن، یـان خـاو دەکاتـەوە. شـەپۆلەکان هێرشـی هێـزی ئەوانـە، واتـە ئەوانـی نەیـاری ئێمـە. ئـەو بایـەی بەرهـەم

دێـت، هێـزی بەرگریـەو لـە رووی شـەپۆلەکاندا دەوەسـتێت کـە بەرهەمـی گوێگـر، یـان لـە ئاسـتێکی تـردا جەمـاوەرە. کەواتــە قســەکەری شــیعرەکە داوای لــە رووداوەســتان و بەرگـری لـە گوێگرەکـەی دەکات. لێـرەوە دەردەکەوێـت کـە ئـەو کەسـێتەی کـە بـە سەرخۆشـەکەی شـەوی بەفربارین نـاو دەبرێـت لـە پێگـەی گوێگردایـە، بـەڵام لەسـەر بنەمـای ئەو لێکدانـەوەی بۆ ئـەو کەسێتەو پەیوەنـدی بـە قسـەکەری شیعرەکەوە کردمـان هـەر هەمـان کەسـن. بۆیـە دەشـێ ئـەو گوێگـرە هـەم قسـەکەری شـیعرەکە، یـان کەسـێتی شـاعیر خۆی بـاس بکرێت و هەردووکیشـیان وەکو پێشـتر گوتمان یـەک کەسـێتی بن، دیسـان دەشێ مەبەسـت هەموو کەسێتی نەتـەوە بێـت و دانانـی خاسـێتی سەرخۆشـیش لەپـاڵ ئـەو کەسـێتیەدا کـە پـێ دەچێـت کەسـێتێکی خـاوەن بەرنامـەو پرۆژە بێت، مەبەسـت سەرخۆشـی نەبێت بـەو مانـا سـادەو رووکەشــەی کـە لـە ئاسـتی سـەیرکردنی یەکەمـی زمانـدا ئێمـە دەیبینیـن، بەڵکـو دەشـێ مەبەسـت لـە مەسـتی، یـان سەرخۆشـی ئـەو کەسـێتە، لێـرەدا هەڵگرتنی پەیامێـک بێت لەلایـەن ئـەو کەسـێتیەوە، یـان بـارگاوی بوونـی کۆمەڵگـە بێـت بـە رەگەزەکانـی تێڕامـان و بیرکردنـەوەو تەنانـەت بەدەسـتهێنانی بوێـری و گیانـی لـە رووداوەسـتان، هەرچۆن کەسـی مەسـت ئاسـۆی بینینـی دەکرێتـەوەو روانینـی قووڵتـر

دەبێت و توانای پڕکێشی بەهێزتر دەبێت، چونکە لە بارێکی وەهادا کۆت و پێوەندەکان کاریگەرییان کەم دەبێتەوەو ڕووبەری ترس و نیگەرانی و خۆپارێزی تەسک دەبێتەوە. واتە لێرەدا دەشێ وای لێکبدەینەوە کە مەستبوون دەلالەتی جۆرێک لە هوشیاربوونەوە هەڵدەگرێت.
جارێکی تر قسەکەری شیعرەکە بە زمانێکی تێکەڵاو لە پرسیار و سەرسووڕمان کەسی بەرامبەر دەدوێنێت. دیارە کاتێک پرسیار دەکرێت، جۆرێک لە چاوەڕوانی هەیە بۆ وەڵامدانەوە کە ئەویش، یان دڵنیایە لەسەر وەڵامی ئەو پرسیارەی کە کراوەو زانیاری زیادەی ناوێت بەڵکو تەنیا وەڵامەکەی لە بەڵێ، یان نەخێردا بەرجەستە دەکرێت کە ئەوەش جۆرێک لە هەڵوێست دیاری دەکات لە نێوان گریان و نەگریاندا. گریان دەلالەتی جۆرێک لە لاوازی، یان هەست بە شکست کردن هەڵدەگرێت، ئەگەرچی لە هەندێ باردا گریان دەلالەتی پاکژبوونەوە هەڵدەگرێت. بەڵام لەم بارەی کە ئەم کەسێتەی تێدایە ئەگەری ئەوە نییە کە گریان دەلالەتی پاکژبوونەوە هەڵبگرێت. کەواتە دەشێ ترس و نیگەرانی و گومان لە ئێستاو ئاینده هۆکاری گریان بن. هەروەک وەڵامی نەرێی پرسیارەکەش سیمایەکی تری ئەو کەسێتە دەخاتە ڕوو کە دوورکەوتنەوەیە لە ترس

و نیگەرانی، بە تایبەتی کاتێ کە ئەو دەپرسێت: بۆ لەم کەنارە راوەستاویت؟ پێشتریش پرسیاری کرد: دیسان گریاویت؟ واتە پاشخانێک هەیە بۆ گریانی بەردەوام،، یان چەند بارەبووەوە. ئەمجارەیان دەپرسێت بۆ لەم کەنارە راوەستاویت. بەلاَم بەدوای ئەوەدا دەلێت ئەوە چیتە! دیسان گریاویت! هەرچەندە لە دەقەکەدا ئەم دوو دەربڕینە لە شێوەی سەرسوڕماندا نووسراون، بەلاَم لە راستیدا مانای سەرسوڕمانیان نییەو سەرسوڕمانیش ناگەیەنن، بەڵکو زیاتر خاسێتی پرسیاریان هەیەو لە رووی ئەرکناسیەوە رۆڵی پرسیار دەبینن. ئەوی قسەکەر ئاگاداری پاشخان و رابردووی ئەوی گوێگرو کارو رەفتارو هەڵوێستەکانی رابردوویەتی. هەربۆیە کاتێ دەیبینێت لەسەر کەنار راوەستاوە، دەیەوێت لەوە دڵنیابێت، ئایا هەمان شێوەی رابردوو گریاوە؟ ئەگەر گریاوە هۆکارەکەی چیە؟ ئەگەر نەگریاوە بۆچی ئەمی قسەکەر وەها لێی دەڕوانێت کە ئەو گریا بێت؟ ئێمە دەزانین لە ئاستی قووڵدا هۆکاری گریانی ئەو کەسێتە چیە، ئەگەر لە ئاستی تاکەکەسەوە بیگوازینەوە بۆ سەر ئاستی کۆمەڵ، تێدەگەین کە گریانی ئەو لەژێر کاریگەری ئەو مێژووە شکست و نائامادەیەدایە کە بەشێکە لە بوونی پارچە پارچەبووی ئەو.

ئەمی قسەکەر چاوەڕوانی وەڵامی ئەو ناکات تا بزانێت ئایا گریاوە، یان نا، بەڵکو لەبری ئەوەی بە دوای وەڵامدا بگەڕێت، باسی ئەوە دەکات هۆکاری ئەو گریانە یادکەوتنەوەی بیرەوەرییەکانی رابردووە، کە بێگومان بیرەوەری تفت و تاڵن بە پێی مێژووی ئەوی گوێگرو ئەمی قسەکەرو ئەوی دڵداری نەهاتوو، تەنانەت بە گوێرەی ئێمەی دەرەوەی دەقەکەش. شتێکی ئاساییە کاتێک بیرەوەرییە تاڵەکانی رابردوومان یادبکەوێتەوە، بگرین، بە تایبەتی کە تاکو ئێستاش ئێمە نەمانتوانیووە لە قۆناغی ژێر کاریگەری دەرئەنجامی بیرەوەرییە تفت و تاڵەکانەوە بگوازینەوە بۆ قۆناغێکی تر. لە کاتێکدا کە ئاشکرایە مەبەست لە بیرەوەرییە تاڵەکانی رابردوو، کۆی ئەو قۆناغە یەک بەدوای یەکانەیە کە کەسێتی منی قسەکەرو تۆی گوێگر و ئەوی دڵداری نەهاتوو، هەروەها کەسێتی ئێمەی دەرەوەی دەقەکەش بەگشتی لەو بارودۆخەدا تێکشکاوەو فڕێدراوەتە پەراوێزەوەو تاکو ئێستاش نەتوانراوە پرۆژەی بنیادنان و دروستکردنەوەی دابنرێت.

بەڵام ئەوەی جێگای سەرنج و تێڕامانە ئەو مژدەیە کە ئەمی قسەکەر رایدەگەیەنێت و پێمان دەڵێت راستە تاکو ئێستا ئەوی گوێگر نەگەیشتووەتە ئاستی بە بکەربوون و بتوانێت رووداو دروست بکات و بیرەوەریە تاڵەکان

کۆتایـی پێبهێنێـت و دابڕانێـک لەگـەڵ رابـردووی گریـان و بیـرەوەری تـاڵ و پاشـکۆبوون و ناکاراییبوونـەدا بـکات و وەکـو بکەرێکـی کارا لـە رووی رووداو دروسـتکردنەوە خـۆی نمایـش بـکات و خـۆی بسـەلمێنێت و بارودۆخەکـە بگۆڕێـت. ئەویـش لـە هەنـگاوی یەکەمـدا لـە خاوکردنـەوەی شـەپۆلەکانەوە دەسـت پـێ دەکات. دواتریش ئەمـی قسـەکەر رایدەگەیەنێـت ئێسـتا ئـەم گەیشـتووەتە قۆناغێـک دەتوانێـت ئـازار و ناڵەناڵـی هەمـووان کـە ئـەو وەکـو ئـەوان باسـی دەکات وەکـو سـیمفۆنیایەک لـێ بـکات و چەتـری ئاواتـی پەمەیـی بەسـەر شووشـە ژاژەکانـی نائومێدیـا هەڵداتـەوە. واتـە ئەمـی قسـەکەر باسـی جۆرێـک لـە پرۆژەمـان بـۆ دەکات پـرۆژەی گۆڕینـی یادەوەرییـە تاڵـەکان و گریـان و چاوەڕوانـی بـۆ سـیمفۆنیاو ئاواتـی پەمەیـی. کەواتـە لێـرەدا ئـەو دەلالەتـە بەرهـەم دێـت کـە لـە هەنـاوی ئـەو بارودۆخـە ناهەمـوارەدا کۆرپەلـەی دەسـپێکی ژیانێکـی نـوێ چاوەڕوانـی لـە دایکبـوون دەکات و بـەو لـە دایکبوونـەش گریـان و فرمێسـک و کـۆی تراژدیـاکان کۆتاییـان دێـت و ئـەو کەسـێتە پارچـە پارچـە بـووە یـەک دەگرێتـەوەو دەبێتـە بوویەکـی پتـەو و لەسـەر پێـی خـۆی رادەوەسـتێت. واتـە بوویەکـی خـاوەن ناسـنامەی یەکگرتـوو، کـە ئەمـەش دەبێتـە قۆناغـی کۆتاییهاتنـی ئـەو دابەشبوونەی لە بنیـادی کەسـێتی

ئامــادەی دەقەکــەدا هەیــە. دیــارە ئــەو دابەشــبوونەی لــە کەسێتی ئامادەی دەقەکەدا هەیە، لە دەرەوەی دەقەکەشدا هاوشــێوەیەکی ئاشــکرای هەیــە. ئەویــش دابەشــبوونی کەســێتی ئێمەیــە لەســەر زەمینــەی دەرەوەی دەقەکــەو لـەو واقیعـەدا کـە دەقەکـەی تێدا بەرهەمهاتـووە. ئێسـتا لـە دنیـای دەقەکـەوە بـە ئاراسـتەی دەرەوە گۆڕانـکاری هەیـە. لـە ئاسـتی یەکەمدا کەسێتی دابەشـبووی سـەر جوگرافیـای دەقەکـە بـەرەو یەکگرتـن و یەکبـوون دەچێت. ئایا هـاوکات کەسـێتی دنیـای دەرەوەی دەقەکـە کـە کەسـێتی ئێمەیـە لـە قۆناغـی پارچـە پارچەبوونـەوە دەگوازرێنـەوە بـۆ قۆناغـی یەکگرتنـەوەو یەکبـوون و خۆدروسـتکردنەوە؟

قســەکەری شــیعرەکە باســی ئــەوە دەکات چــۆن ئاواتــی پەمەیــی باڵــی بەســەر نائومێدییەکانــدا کێشــاوە، دیســان باســی بــازووی خــۆی دەکات کــە چــۆن هاوشــانی ئاواتــە پەمەییەکانـە. ئایا مەبەسـت لـە بـازوو چیـە؟ دیـارە مەبەسـت لـە بـازوو تەنیـا بەشـێک نییـە لـە جەسـتەی مـرۆڤ، بەڵکـو بـازو هێمایـە بـۆ بوونـی هێـز. ئەمـەش بەئاشـکرا بریتیـە لەباسـکردنی سـەرهەڵدان و دەرکەوتنـی ئومێـدو هیـوا بـۆ ڕزگاربــوون لــەو بارودۆخــەی کــە پێشــتر باســکراو لــەو بیرەوەرییـە تاڵانـەی کـە ئـەم کەسـێتەی تێدایـە. هـاوکات ئـەوە ئاشـکرا دەبێت کـە ئـەم کەسێتە بۆ دەربازبوون لـەو

بـارە ناهەمـوارە پێویسـتی بەهێـز هەیـە. لێـرەدا (بـازووی منیش ) ئاماژەیە بۆ بوونی ئەو هێزە. کەواتە لە ئاستێکی تـردا دەتوانیـن بڵێـن ئەگـەر هوشـیاریش نەبووبێتـە بنەمـای دارشـتنی نەخشـە رێگایـەک بـۆ گواسـتنەوە لـەو قۆناغـە ناهەمـوارەوە بـۆ قۆناغێکـی باشـتر، ئـەوا ئـەم کەسـێتە کـە لـە ئاسـتێکی تـردا کەسـێتی کۆمەڵایەتـی، یـان جەماوەرییـە، گەیشـتووەتە ئاسـتێک کـە ئومێـدی ئـەو گۆڕانکارییـەی لادروسـت بـووەو هاوکاتیـش ئێسـتا هەسـت دەکات هێـزی پێویستیشـی هەیـە بـۆ گواسـتنەوە لـەو قۆناغـەوە بـۆ قۆناغێکـی باشـتر. ئەوەتـا شـاعیر دەڵێـت:

**بیرەوەریی خۆڵەمێشە**
**ئەگەر نەڕۆی، جێ ئەمێنی و**
**تۆزی شوێن پێ ئەتخنکێنیئەوان هاتن**
**لە دوورەوە ئەیانبینم**
**رەخت و زینی ئەسپەکانیان**
**گۆشتی ویژدانی هەزاران دەربەدەرە**
**رامەوەستە.. برۆ برۆ کام ئەستێرە**
**نزیکترە لەو مەدارەی**
**پەڵە هەوری سەرگەردانیتی پێوەیە**
**هەلوور بەلووری بۆ بڵێ کام پاساری**
**جریوەکەی ئەگاتە گوێت، بۆ هەڵدەوە**

**سەوڵ لێدەو بەسەر لاشەی شاخ و دەریاو دارستان و**
**دوورگەو لادێی وێران و کاولا بڕۆ**
**رامەوەستە تا لەسەر لووتکەی قەندیلا**
**برووسکەی شیعرو نووری خوا بەیەک ئەگەن.**

قسەکەری دەقەکە داوا لەوی گوێگر دەکات بڕوات و پاساویشی بەوە بۆ دەهێنێتەوە ئەگەر نەڕوات ئەوا جێ دەمێنێت و ئەوەش رووبەڕووی کارەساتی دەکاتەوەو تۆزی شوێن پێ دەیخنکێنێت. سەرەتا ئایا قسەکەر داوا لەوی گوێگر دەکات بۆ کوێ بڕوات؟ ئەو تۆزی شوێن پێیەی کە گوایە ئەم دەخنکێنێت، تۆزی شوێن پێی کێیە؟، یان ئەوانە کێن کە گوایە دێن و ئەم لە دوورەوە دەیان بینێت؟ بەڵام ئەوی قسەکەر، ئێمە لەبەردەم چاوەڕوانیدا راناگرێت و راستەوخۆ وەسفی ئەوانەمان بۆ دەکات کە دێن و گوایە سەرچاوەی مەترسین بۆ ئەو. ئەوانەی کە دێن لە وەسفی قسەکەردا وەکو کۆمەڵێ دڕندەو خوێنڕێژ دەناسێنرێن کە رەخت و زینی ئەسپەکانیان گۆشت و خوێن و ژیانی خەڵکی ترە. کەواتە لێرەوە ئەوە ئاشکرا دەبێت کە بۆچی قسەکەری شیعرەکە داوای رۆیشتن و چۆڵکردنی ئێرە لە کەسی گوێگر دەکات. ئەم داوای لێ دەکات کە هیچ رانەوەستێت و تا دەتوانێت دوور بڕوات

تـا ئـەو شـوێنەی کـە ئـەو وەکـو لوتکـەی قەندیـل نـاوی دەبات و لەوێڕا بروسکەی شیعر و نووری خودا بەیەک دەگـەن. ئایـا لـەوێ ئەگـەر بروسـکەی شـیعرو نـووری خـودا بەیـەک گەیشـتن چـی روودەدات؟ ئایـا مەبەسـت لـە بروسـکەی شـیعر چیـە؟ رەنگـە لێـرەدا ئاماژەیـەک بـۆ ئـەوە هەبێـت کـە لەوێـڕا رۆحـی ئەمـی شـاعیر بـگات بـە رۆحـی بـاڵاو تیایـدا بتوێتـەوە کـە ئـەوەش بەرزتریـن پلـەی تەسـەوفەو لـە ئەنجامـی ئـەو بەیەکگەیشـتنەدا هێـزی گـەورە بەرهـەم بێـت بـۆ کردنـەوەی رێـگاکان کـە ئەویـش بەرزبوونـەوەی مرۆڤـە لـە ئاسـتی خـوارەوە بـۆ بەرزتریـن ئاسـت کـە پێگـەی خودایـە. لەوێـدا ئەمـی مـرۆڤ دەگات بـە نـوورو پرتـەوی خـوداو تێیـدا دەتوێتـەوەو سـەرئەنجام ئەمـی مرۆڤـ سـەرباری بەجێهێشـتنی پێگـەی مرۆیی، بـەڵام بـۆ ئاسـتێک بـەرز دەبێتـەوە کـە پێگـەی خوداییـە. دیـارە لـەو پێگەیەشـدا ئەمـی مرۆڤـ بەلایەنـی کەمـەوە لـە رووی مەعنەویـەوە دەبێتـە خاوەنـی هێـز و دەشـێ سـوود لـەو هێـزەش وەربگرێـت بـۆ گۆڕانـکاری.

وەکـو پێشـتر ئاماژەمـان بـۆ کـرد سـەرباری دروسـتکردنی چەنـد کەسـێتیەک لـە چوارچێـوەی جوگرافیـای دەقەکـەدا، بـەڵام کـۆی کەسـەکان لـە یـەک کەسـێتیدا کۆدەبنـەوە کـە ئەویش کەسێتی شاعیر، یان کەسێتی کۆمەڵایەتی دەرەوەی

دەقەکەیـە، کـە بـە دەربڕینێکی تـر دەتوانیـن بڵێن کۆمەڵگـە، یـان نەتەوەکـەی شـاعیرەو ئـەو تراژیدیـاو کارەسـاتەی دەقەکـەش بەرجەسـتەی دەکات و لێـی دەدوێـت مێـژووی پـڕ کارەسـاتی ئـەو کەسـێتەیە. کـە دەمێـک دەکشـێتەوە لەبـەردەم هێرشـی ئەوانـی روخێنـەرو لەناوبەریدا، دەمێکـی تـر بەرگـری دەکات، دەمێکیـش بـە پاسـای جۆراوجـۆر دەکشـێتەوەو دەمێکـی تـر دەردەکەوێتـەوەو بـە ئومێـدەوە خـۆی نمایـش دەکات و بەجۆرێـک دەجوڵێت، بـەڵام مـەرج نییـە بگاتـە ئامانـج و ئـەو بـارە ناهەمـوارە بگۆڕێـت کـە تیادایـە. ئـەم کەسـێتە لـە جووڵـەی بەردەوامدایـەو خاڵـی گرنـگ بـە گوێـرەی ئـەو ناڕازیبوونێتـی بـەو بارودۆخـەی تیایدایـە. لەوێشـەوە دەکەوێتـە جووڵـەو بەرگریکـردن و هیـواو ئاواتـی گەیشـتنی بـە ئامانجەکانـی سـەباری گرفتـەکان بـەردەوام لـە بەهێزبووندایـە. سـەرئەنجام پێشـنیار بـۆ خـۆی دەکات کـە هەنگاو بەسـەر هەمـوو کۆسـپ و بەربەسـتەکاندا بنێـت تـا دەگاتـە بەرزتریـن لوتکـەی قەندیـل کـە ئـەوەش ئامـاژەی لوتکـەی هیـواو ئومێـدی تێدایـە و لەوێـش لەگـەڵ رۆحـی بـاڵا یەکدەگرێـت و تیایـدا دەتوێـتەوە. گەیشـتن بـە رۆحـی بـاڵا دوو دەلالەتـی هەیـە، یەکەمیـان لـە پێنـاوی ئـەو ئامانجـەی کـە کۆششـی بـۆ دەکات وەکـو خۆنەویسـت و زاهیدێـک، یـان سـۆفیەکی عیشـقی رۆحـی خودایـی

ئەمیش لە پێناوی گۆڕینی ئەو رەوتە نالەبارەی ژیانی خۆی، یان پێکهاتەی دەرەوەی دەقەکەو ئەو واقیعەدا کە دەقەکەی تێدا بەرهەمهاتووە زاهیدانە کۆشش دەکات و بەرزدەبێتەوە بۆ بڵندترین پلە کە ئەمەش لە ئاستێکی قووڵتردا دەلالەتی گەیشتن بە ئامانجەکەی هەڵدەگرێت. دووم لەگەڵ رۆحی بالادا تێکەڵاو دەبێت و دەبێتە خاوەنی گەورەترین هێزو ئیرادە بۆ گۆڕینی ئاراستە جووڵەی پێشتر و ئاراستەکردنی رووداوەکان بە شێوەیەکی تر. لەم گەیشتن و توانەوەیەشدا لە نووری خودادا،، یان لە رۆحی بالادا، وێنەی زاهید، یان سۆفیەک بۆ ئەم کەسێتە بەرجەستە دەکرێت. ئەمەش لە لایەکەوە خاوێنی و خۆتەرخانکردنی ئەم کەسێتە بۆ ئامانجەکەی نیشان دەدرێت، لەلایەکی ترەوە رەوایەتی ئامانجەکە دەردەکەوێت کە هێندە ڕەوایە بە ئەندازەی تواندنەوەی رۆحی سۆفی لە نێو رۆحی بالادا. کەواتە ئەم دەقە شیعریە ئەو جیهانبینییە بەرجەستە دەکات کە بۆ گۆڕینی مێژووی شکستی ئەم کەسێتیەو بۆ کۆتاییهێنان بە تراژیدیاو کارەساتەکان دەبێ ئەم کەسێتە خۆنەویست و دڵسۆزانە هەمان شێوەی سۆفی بۆ گەیشتن بە رۆحی بالای خوداو تواناندنەوە لەو پێناوەدا، یان تیایدا کاربکات چونکە ئامانجی ئەم کەسێتیە هاوشێوەی

ئامانجـی سـۆفیە، هەرچـۆن سـۆفی کـە چـاو دەدەخـات لـە سـرووتەکانی تەسـەوفدا، هەنـگاو بـەرەو گەیشـتن بـە رۆحـی خـودا دەنێـت، ئـەم کەسـێتەش هاوشـێوە کۆشـش دەکات و خـۆی رێکدەخـات بـۆ گەیشـتن بـە ئـازادی، واتـە بـۆ ئـەم کەسێـتە ئـازادی هەمـان مانـای گەیشـتنی سـۆفی هەیـە بـە رۆحـی بـاڵای خـودا.

**٢٠١٨ سلێمانی**

# ناوەرۆک


١- پێشەکی ٣

٢- خوێندنەوەی چەند دەقێکی جەلالی میرزا کەریم لە ژێرناوی (خەمنامە)دا ١١

٣- شەوێک لە شەوانی سیمرخی سەلاّح شوان لە نێوان ئەفسانە و واقیعدا ٦٧

٤- هاوشێوەبوونی برووسکەی شیعر و نووری خودا لە شیعری (بارانی ڕەنگاوڕەنگ)ی سەلام محەمەددا ١٧٧

# زنجیرە بڵاوکراوەکانی ساڵی ٢٠٢٠ی
# وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان
# بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوەی هەولێر

| ژ | ناوی کتێب | نووسەر | بابەت | نرخ | لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|---|
| ٩٠٧ | گەڕان بە دوای جوانییەکان لە ڕووبەرە فەرامۆشکراوەکاندا | عەتا قەرەداخی | لێکۆڵینەوە | ٤٠٠٠ | ٢٢٤ |